Research Center

راپرسی

# کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان


ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

مرکز دراسات رووداو

Rudaw Research Center

راپرسی

# کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

لەسەر بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**
ئۆکتۆبەری 2022

**ناوەنـدی لێکـۆڵینـەوەی ڕووداو(RRC)** وەك بەشـێك لـە تـۆڕی میدیایـی ڕووداو لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە سـاڵی 2016 دامـەزراوە. تێگەیشـتن و وردبوونـەوەی زیاتـر لـە ڕووداوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت لـە ئامانجەکانـی ناوەندەکەیـە. بەشـێوەیەکی تایبەتیـش کار لەسـەر پرسـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و ڕووداوە سیاسـی، ئەمنـی و ئابوورییەکان دەکات. بـۆ ئـەوەش پاڵپشـتی لـە شـرۆڤە و هەڵسـەنگاندن و لێکۆڵینـەوە لـەو بوارانـە دەکات و، تۆڕێکـی فراوانـی لێکۆڵینڤانانـی لەنێوخـۆی کوردسـتان، عێـراق و وڵاتانـی دراوسـێ بـەدەوری خۆیدا چنیوە. بەمـەش زەمینـەی گفتوگۆیەکـی بەرهەمـدار و هەلـی دەرکەوتنـی دیـدگا و ڕەنگـە جیـاوازەکان دەڕەخسـێنێ. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەمانـە بـە ئەجێندایەکـی کارای لێکۆڵینـەوە، ڕاوێژکـردن و ئاڵوگـۆڕی بیـروڕا لەگـەڵ نوخبـەی سیاسـی، ئەکادیمـی، شـارەزا لـە بـوارە جیـاوازەکان، تەقـەلای پێشخسـتن و پەرەپێدانـی بیرۆکـەی درووسـت بـۆ قوسـتنەوەی دەرفەتـەکان و تێپەڕاندنـی مەترسـییەکان دەدات و دەیەوێـت، لەڕێـی

هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی ڕووداوەکان و پێشکێشکردنی پێشنیازی کردەنی، بەرچاوڕوونییەك بداتە دەستەبژێر و بڕیارسازانی هەرێمی کوردستان.

هەروەها، لەڕێی فراوانکردنی تۆڕی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیاسی و ئەکادیمی و ڕۆژنامەڤان و چالاکڤانانی کۆمەڵگەی مەدەنیی وڵاتانی دیکەشەوە، دەرفەتی گەشەپێدانی پەیوەندی، ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گەیاندنی دیدگایەکی کوردستانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچەکە بۆ دنیای دەرەوەش دەڕەخسێنێ.

**© ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو 2022**

Research Center

## چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ڕاپرسییە

ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕووداو ئـەم ڕاپرسـییەی بـۆ لێکۆڵینـەوە و خسـتنەڕووی چۆنیەتـی بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت و کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، بەتایبەتیـش سۆشـیالمیدیا لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـداوە. بـۆ ئەمەش پێویسـتی بـە وەڵامـی 1070 بەشـداربوو بـوو کـە تەمەنیـان لەسـەرووی 18 سـاڵەوەیە و، بەسـەر تـەواوی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان (گونـد و شـارەکان)دا دابەشـبوون و لـە ئەیلوولـی 2022دا بەشـێوەی ڕووبـەڕوو چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ کـراوە. هـەر بەشـداربوویەک لـەم ڕاپرسـییەدا بەشـێوەیەکی هەڕەمەکـی دەستنیشـانکراوە و ئارەزوومەندانە وەڵامـی پرسـیارەکانی داوەتـەوە. نموونەکان لەسـەر بنەمای ژمارەی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان بەسـەر شـوینەکاندا بەشـکراوە.

دۆزراوە سەرەکییەکان و کۆی ئەنجامەکانی نێو ئەم راپۆرتە، لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو شرۆڤەکراون و خراونەتەڕوو کە تێیدا کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و شێوازی بەکارهێنانیان لە هەرێمی کوردستان، لە چەند رەهەندێکی وەک رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە و شوێنی دانیشتووانەوە باسکراوە.

**تیمی لێکۆڵینەوە**

زریان رۆژهەڵاتی

مەحموود بابان

رەقیب بەهائەدین محەممەد

**تیمی کۆکردنەوەی داتاکان**

جودی کاروان

زانیار سەڵاح

هەژین فەتاح

راژان نەجات

بەروار عەبدوڵڵا

**دیزاین**

عەبدولڕەحمان ئیسماعیل ئەسعەد

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
مرکز دراسات رووداو
Rudaw Research Center

چاپی یەکەم
2722 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : کانوونی دووەمی 2023

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (680)ـی 2022 بۆ تەرخانکراوە.

Research Center

## پێشەکی

ئینتەرنێت لە سەرەتای ساڵانی دووهەزارەوە گەیشتە هەرێمی کوردستان و، دوای زیاتر لە دوو دەیەش، جێپەنجەی خۆی لەسەر گەلێك بواری ژیانی کۆمەڵگە، هەر لە سیاسەتەوە بگرە هەتا ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی، داناوە. دنیا لەم چاخە دیجیتاڵییەدا، نەك تەنێ بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکوو بۆ زۆر لە وڵاتانی دیکەی جیهانیش، جیاوازە لەوەی کە پێشتر هەبوو.

وەرچەرخانێکی دیجیتاڵی هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی گرتووەتەوە و ڕۆژ بەرۆژیش زیاتر دەبێت. هەر لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی رابردوودا کە ئینتەرنێت پێی ناوەتە ئەم ناوچەیە، گەلێك ڕووداوی سیاسی دەرکەوتوون کە دەشێ وەك نیشانەکانی دیجیتاڵیزەبوونی سیاسەت تەماشا بکرێن. بزاڤە سیاسییەکانی وەك خۆپیشاندانەکانی 2009 و 2022ی ئێران، بەهاری عەرەبی و خۆپیشاندانی تشرینییەکان

لە عێراق لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو بزاڤانەن کە تەکنەلۆژیای نوێی پەیوەندی رۆڵێکی بەرچاوی تێدا گێڕاون. لەبەرامبەردا هەر لە 10 ساڵی رابردوودا، گەلێك وڵاتی ناوچەکە لە عەرەبستانی سعودییەوە بگرە هەتا تورکیا و ئێران، دەستیان بۆ دانانی هەندێك یاسای نوێی تایبەت بە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بردووە، ئەوەش دەریدەخات کە چۆن بیرکردنەوە لە کۆنترۆڵکردنی فەزای مەجازی، ئێستا ئیدی وەك بەشێك لە سیاسەتی دەوڵەتانی لێهاتووە. نەك هەر سیاسەت، بەڵکوو پرۆسەی دیجیتاڵیزەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش بە خێراییەکی بێوێنە بەرەوپێش دەڕوات و ئەمەش دەنگی گۆڕانێکی بەرزکردووەتەوە. ئەگەر جاران جەنگەکان فاکتەرێکی گۆڕان بووبن، ئێستا ئیدی حەقی خۆیەتی لانیکەم لە تەنیشت فاکتەرەکانی دیکەی گۆڕان، چاویشمان لەسەر ئەو گۆڕانە بێت کە ئینتەرنێت دەتوانێت رێی بۆ خۆش بکات.

بەپێی ئەم راپرسییە، لە هەر خێزانێکی شەش کەسیدا لە هەرێمی کوردستان، بە تێکڕا زیاتر لە چوار کەسیان بە جۆرێک ئینتەرنێت بەکاردەهێنن کە لانیکەم یەکێکیان لە خوار 18 ساڵەوەیە. هەر تاکێکیش بەتێکڕا لە رۆژێکدا 4.7 کاژێر بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەرخاندەکات کە تەنیا ٪11ی بۆ ماڵپەڕەکانە و

ئـەوی دیکـەی بـۆ جـۆرە جیاوازەکانـی سۆشـیالمیدیایە. بێشـك زانینـی پاڵنەرەکانی ئەو رووکردنە زۆرەی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان بـۆ دنیـای مەجـازی بایەخێکـی یەکجـار گرنگـی هەیـە، بـەڵام ئـەوەش گرنگـە کـە بزانرێـت داخـۆ رەنگدانـەوەی تەرخانکردنـی ئـەو کاتـە زۆرە بـۆ بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت و سۆشـیالمیدیا کـە دوو ئەوەنـدەی تێکـڕای ئـەو کاتەیـە مرۆڤێـك لـە جیهانـدا بـۆی تەرخانـدەکات، چییـە؟ بێشـك لـە ئەنجامەکانـی ئـەم راپرسـییەی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی رووداوەوە کـە بـە 1070 نموونـەوە لـە سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان کـراوە، بۆمـان دەردەکەوێـت کـە تایبەتمەندییەکانـی رەفتـاری بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان چیـن؟ چـۆن و چەندێك بەکاردەبرێـت و حـەز و خواسـتەکانی بەکاربـەر چیـن و گەلێـك پرسـیاری دیکـەش روونـدەکاتـەوە. هەروەهـا دەتوانێـت سـەرەداوێکیش بێـت سـەبارەت بـەوەی کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان چ شـتێکیان لـە دنیـای ئێمـە گـۆڕیـوە و بـە چ شـێوازێك کاریگەرییـان لەسـەر داناویـن.

**زریان رۆژهەڵاتی**

**ب. ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو**

## پوختە

وەکـو زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان، عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش لەژێـر کاریگەریـی ئـەو شـەپۆلەی دیجیتاڵیزەبوونـدان کە لـە دنیـادا هەڵیکردووە. تەنیـا لـە نموونـەی سۆشـیالیمدیادا، ئێسـتا 4.7 ملیـار بەکاربـەر هـەن کـە دەکاتـە نزیکـەی ٪59ی کـۆی دانیشـتووانی جیهـان. لـە عێـراق و هەرێمـی کوردسـتانیش کـە لـە سـەرەتای دووهەزارەکانـەوە پێـی ناوەتـە نـاو دنیـای ئینتەرنێـت، تاوەکـو سـەرەتای ئەمسـاڵ، 28.35 ملیـۆن کـەس سۆشـیالمیدیایان بەکارهێنـاوە کـە دەکاتـە ٪68ی دانیشـتووان. بـەڵام بەگوێـرەی هەندێـك لـە ئامـارە بەردەسـتەکان، ژمـارەی بەکاربەرانـی ئینتەرنێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە ساڵی 2020دا بـۆ 3 ملیـۆن کەس بەرزبووەتـەوە. بەپێـی ئـەم راپرسـییەی بەردەسـتیش بێـت، فەیسـبووك بـە رێـژەی ٪88.86، مەسـنجەر ٪73.22، ئینسـتاگرام ٪70 و سـناپچاتیش

بە ڕێژەی ٪65.64 لە ریزی ئەو پلاتفۆرمانەدان کە زۆرترین بەکاربەریان لە هەرێمی کوردستان هەیە. کەمترین بەکارهێنانیش بۆ لینکدین بووە کە ڕێژەکەی ٪1.50 بووە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەکاربەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دیدێکی تەواو پۆزەتیڤیان نییە سەبارەت بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی سۆشیالمیدیا، ماوەی ئەو کاتەی کە بە تێکڕا هەر تاکێك بۆ بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمانە تەرخانی دەکات، دوو ئەوەندەی ئەو کاتەیە کە بە تێکڕا هەر تاکێك لە جیهاندا بۆی تەرخان دەکات. ئەم راپرسییە دەریخستووە کە خەڵك لە سۆشیالمیدیادا زیاتر بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێت. هەروەها زانیاری گرنگیشی تێدایە سەبارەت بە رەفتار و چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، حەز و خواستی بەکاربەرانی دنیای دیجیتاڵی و کاریگەرییەکانی ئەو پلاتفۆرمانە لەسەر دۆخی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

## دۆزراوە سەرەکییەکان

- ئەوانـەی بەشـداریيان لـەم راپرسـييەدا کـردووە، ٪28.6 یـان مـێ و ٪71.4یـان لـە رەگـەزی نێـر بوونـە. ٪41.59ی کـۆی نموونـەکان لـە سـەنتەری پارێـزگاکان، ٪37.85 لـە شـار و شـارۆچکەکان و ٪20.56یشـيان لـە گونـدەکان بـوون. لـەڕووی تەمەنیشـەوە گرووپـی (18-24) سـاڵ ٪37.20، گرووپی (25-34) سـاڵ ٪31.21 و گرووپی سـەرووی 35 سـاڵیش بەڕێـژەی ٪31.59 بـووە و ئەگەر هـەردوو گرووپی یەکەم و دووەم پێکەوە لەبەرچـاو بگریـن، ئـەوا دەشـێ بـۆ کۆمەڵگەیەکـی وەك کوردسـتان کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی لـە خـوار 39 سـاڵەوەیە، نموونەگیرییەکـی گونجـاو بێـت.

- زۆرتریـن رێـژەی بەشـداری لەنێـو ئەوانـەدا بـووە کـە هەڵگـری بڕوانامـەی سـەرەتایی و نەخوێنـدەوار بـوون، بەشـێوەیەک کـە ٪27.38ی

بـردووە. هەڵگرانی بڕوانامـەی ئامادەیـی 22.34٪ و هەڵگرانی بڕوانامـەی دبلـۆم و پەیمانگـە 12.34٪ و هەڵگرانی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی باڵاش 12.9٪ بوونـە.

- لـەڕووی کارکردنـەوە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی لـە ڕاپرسـییەکەدا بەشـداربوون، ئەوانـە بـوون کـە بـە کـرێ کاریـان کـردووە و ڕێژەکەیـان 46.45٪ بـووە، بەدوایـدا ئەوانـە بـوون کـە بۆخۆیـان کاریـان کـردووە بەڕێـژەی 12.34٪ و دوای ئەویـش ئەوانـەن کـە خوێنـدکارن و ڕێژەکەیـان لـە ڕاپرسـییەکەدا 11.96٪ بـووە.

- بەشـێوەیەکی گشـتی ژمـارەی ئەندامانـی هـەر خێزانێك لـە هەرێمـی کوردسـتان نزیکـەی 6 کەسـە و زیاتـر لـە 4 کەسـیان ئینتەرنێـت بەکاردەهێنـن.

- بەپێـی ئەنجامەکانـی ئـەم ڕاپرسـییە، هەر تاکێك لە هەرێمی کوردسـتان ڕۆژانـە 4.7 کاژێـری خـۆی بـۆ بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان تەرخـان دەکات کـە ئەمـە نزیکـەی زیاتـر لـە دوو ئەوەنـدەی ئـەو کاتەیـە کـە لـە جیهانـدا بـۆ ئـەوە تەرخـان دەکرێـت.

- فەیسـبووك بـە ڕێـژەی 88.86٪ لـە لووتکـەی ڕیزبەندیی ئـەو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانەدایـە کـە لـە هەرێمـی کوردسـتان بەکاردەبرێـن. دوای ئـەو، مەسـنجەر بـە 73.22٪، ئینسـتاگرام بـە 70٪ و سـناپچاتیش بەڕێـژەی

65.64٪ دێـن. کەمتریـن ڕێـژەی بەکارهێنانیـش بـۆ لینکدینـە کـە 1.50٪ بـووە.

- سـەبارەت بـەوەی کـە لـە کام پلاتفۆرمـدا چالاکتـرن، بەشـداربووان دیسـانەوە فەیسـبووکیان بەڕێـژەی 60.84٪ لەسـەرەوە دانـاوە، ئینجـا 36.26٪ سـناپچات، 29.63٪ ئینسـتاگرام و 28.79٪یـش تیکتۆکیـان هەڵبـژاردووە. کەمتریـن ڕێـژەکان بـۆ لینکدیـن بـە 0.19٪ و ماڵپـەڕەکان بـە 0.84٪ بـووە.

- ٪47ی بەشـداربووان گوتوویانـە کـە تەلەفزیـۆن بەکاردەهێنـن، بـەڵام رادیـۆ و رۆژنامـە بـە ڕێژەکانـی 6.4٪ و 1.8٪ هاتـوون. هەڵبـەت 51.3٪ی بەشـداربووان گوتوویانـە کـە نـە تەلەفزیـۆن، نـە رۆژنامـە و نـە رادیـۆش وەك سـەرچاوەی وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری بەکارناهێنـن.

- بەکاربـەری پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بەڕێژەی 77.58٪ بـەدوای بابەتـی کۆمەڵایەتییـەوەن، بـە ڕێـژەی 53٪یش دەیانـەوێ کات بەسەربەرن.

- 30.75٪ی بەکاربەرانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان حەزیـان لـە بابەتـی سیاسـی هەیـە، بـەڵام سەرنجڕاکێشـە کـە 54.8٪یـان گوتوویانـە هەرگیـز لایکـی پەیجـی کەسـایەتییە سیاسـییەکان ناکـەن و 21.7٪یـش گوتوویانـە زۆر بـە کـەمـی شـتی وا دەکـەن.

- نزیکـەی ٪40ی بەکاربـەران متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی ئـەو بابەتانـە نییـە کـە لـە سۆشـیالمیدیا بڵاودەکرێنـەوە، بـەڵام زیاتـر لـە ٪32 متمانەیـان بـە دروسـتیی ئـەو زانیاریانـە هەیـە و ڕێژەیەکـی بەرچاویـش لـە سـەرووی ٪28، دوودڵـن لـەوەی کـە متمانـەی پێبکـەن یـان نـا.

- ٪88.8ی بەکارهێنەرانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، بابەتـی ڤیدیۆیـی سـەرنجیان رادەکێشـن و ٪48.32 نووسـینی کورتیـان پـێ باشـە. هەروەها، بڵاوکـراوەی دەنگـی بەڕێـژەی ٪24.3 و نووسـینی درێـژ بەڕێـژەی ٪19.16 و وێنـەش سـەرنجی ٪27.76ی بەکاربـەران رادەکێشـن.

- لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪47ی بەشـداربووان لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـە پلاتفۆرمـەکان (سۆشـیالمیدیا و ماڵپـەڕەکان) خەڵکیـان لـە یـەک نزیککردووتـەوە و بوونەتـە هـۆی درووسـتبوونی پەیوەندییەکـی بەهێـز لـە نێوانیـان، بـەڵام بەپێچەوانـەوە ٪40.36 لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە نەبـوون. هەڵبـەت نزیکـەی سـەرووی ٪83 لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان جێـی سـەردانییان گرتووەتـەوە. لـە وەڵامـی پرسـیارێکی دیکەشـدا، ٪79.53ی بەشـداربووان لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری دابڕانـی خەڵکـی لـە بۆنـە کۆمەڵایەتـی و ئاینییـەکان.

- لـە هەرێمـی کوردسـتان، نزیکـەی سـەرووی ٪80 رایـان وابـوو کـە

پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆی دەسـتێوەردانی خەڵکـی لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و تایبەتـی یەکتـر، تەنیا ٪12.46 لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدا نەبـوون. نزیکـەی ٪60یش لەگـەڵ ئەوەدابوون کـە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییـەکان بوونەتە هۆکارێک بۆئـەوەی خەڵکـی هەسـت بـە خۆشـی، ئارامـی و بەختـەوەری نەکـەن. رێـژەی ٪87.9یـش رایـان لەگـەڵ ئـەوەدا بـوو کـە ناوزڕانـدن لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا بـڵاوە.

- لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪47.81 لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێکـن بۆئـەوەی خەڵـک لـە کاربەدەسـتانی ناوچەکەیـان نزیکبنـەوە، لەکاتێکـدا ٪43.34 لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون.

- ٪56.4 لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێکـن بۆئـەوەی خەڵکـی بـە ئـازادی بۆچوونـی خۆیـان دەربـڕن، لەکاتێکـدا ٪32.80 لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون. هەڵبـەت لـە هەمانکاتـدا نزیکـەی ٪63.40 لەگـەڵ ئەوەدا هاوڕابوون کە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێکـن بـۆ دەسـتەبەربوونی ئازادیـی تاکەکەسـی.

## پێشنیازەکان

- هەڵمەتی نیشتمانی بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەتایبەتیش سۆشیالمیدیا لەنێو منداڵانی خوار تەمەن 18 ساڵ لە هەرێمی کوردستان.
- گەیاندنی هێڵەکانی ئینتەرنێت بۆ ناوچە دووره دەستەکان و باشکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.
- دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا بۆ سڕینەوەی هەواڵی ساختە، وێنەی نەشیاو و بانگەشەکردن بۆ توندڕەوی و توندئاژۆیی بە زمانی کوردی.
- دەرکردنی یاسای ئەلیکترۆنی بەشێوەیەک مافی بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەر لەبەرچاو بگرێت.

# نێوەڕۆک

| | |
|---|---|
| چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم راپرسییە | 6 |
| پێشەکی | 10 |
| پوختە | 13 |
| دۆزراوە سەرەکییەکان | 15 |
| پێشنیازەکان | 20 |
| نێوەڕۆک | 21 |
| قەبارەی نموونەکان | 29 |
| تۆمارکردنی داتا | 32 |
| کێشی نموونەکان | 32 |
| شیکردنەوەی داتا | 33 |
| پرسیارنامە | 35 |

| | |
|---|---|
| سەرەتا | 36 |
| **بەشی یەکەم: باکگراوندی گشتیی راپرسی** | 45 |
| 1.1 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان | 47 |
| 1.2 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی رەگەز و گرووپی تەمەن | 51 |
| 1.3 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی باری خێزانی ئاستی خوێندەواری | 55 |
| 1.4 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی کار و پیشەی بەشداربووان | 59 |
| **بەشی دووەم: بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا** | 65 |
| 2.1 بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەنێو خێزان لە هەرێمی کوردستان | 67 |
| 2.2 کاژێرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان | 76 |
| 2.3 کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان | 83 |
| 2.4 بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) لە هەرێمی کوردستان | 93 |
| 2.3 چالاکبوون یاخود زیاتر بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان | 111 |

**بەشی سێیەم: ڕەفتاری بەکاربەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە  هەرێمی کوردستان** 128

3.1  بڵاوکردنەوەی پەیام (پۆست) لە سۆشیالمیدیا 128

3.2 بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا (شەیر) 143

3.3 سەیرکردن و بەدواداچوونی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان 151

3.4 بەدواداچوون بۆ بابەتی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ئەدەبی) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان 159

3.5 چ بابەتێک لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرنج رادەکێشێ 170

3.6 متمانە بەنێوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) 180

3.7 لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتییە سیاسییەکان 190

3.8 بەدواداچوون بۆ دەرکەوتنی پۆست لەسەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان 199

3.9  بەکارهێنانی ئامرازی دیکە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری 210

3.10 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرچاوەیەک بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان 220

Research Center


**بەشی چوارەب: کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری)** 229

4.1 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە 229

4.1.1 لێکنزیکبوونەوە و پەیوەندی بەهۆی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیاوە 232

4.1.2 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان وەک جێگرەوەی سەردانی و دیدەنی 242

4.1.3 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان؛ هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان 251

4.1.4 رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکدانی شیرازەی خێزان 261

4.1.5 رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستێوەردانی خەڵکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی 271

4.1.6 رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەی خەڵکی هەست بەخۆشی و ئارامی و بەختەوەری نەکەن 278

4.1.7 ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیاوە 288

4.2 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی سیاسی 296

4.2.1 ڕۆڵی سۆشیالمیدیا لە نزیککردنەوەی خەڵک و کاربەدەستان 300

4.2.2 ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیام و

داخوازیی خەڵک بە دەسەڵاتداران 311

4.2.3 ئاگاداربوونی دەسەڵاتداران لە بارودۆخی بژێوی و

ژیانی خەڵک لەڕێی سۆشیالمیدیاوە 320

4.2.4 کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا لە گەیاندنی پەیام و

بانگەشەی هەڵبژاردن 329

4.2.5 دەربڕینی بیروڕا بە ئازادی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە 337

4.2.6 ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسیدا 346

4.2.7 گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە 354

4.2.8 کۆنترۆڵی شەقام لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە 363

4.2.9 سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بۆ ناکۆکیی سیاسی 372

4.3 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی ئابوورییەوە 380

4.3.1 ئەو شتانەی لەرێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن بە کواڵیتی نین 384

4.3.2 ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

سپۆنسەر دەکرێن بێزارکەرن 393

4.3.3 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و دەرفەتی کار و بازرگانی 403

4.3.4 دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە گرفتێک لەرووی دارایی

و داهاتی خێزانەوە 412

4.3.5 خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان 419

**بەشی پێنجەم: گفتوگۆی ئەنجامەکان** 428

5.1.2 کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاتر بەکاردەهێنرێت؟ 435

5.2. ئامانجی بەکارهێنان و کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان 441

5.2.1 کۆمەڵایەتی و بەسەربردنی کات 441

5.2.2 ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیارییەکان و هۆکاری سیاسی 444

5.2.3 ئابووری 450

**بەشی شەشەم: کۆتایی** 453

سەرچاوەکان 458

## میتودی کۆکردنەوەی داتاکان: میتودۆلۆجی

راپرسی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2022 ، بۆ دەستخستنی دوایین بیروبۆچوونی هاونیشتمانیانی تەمەن 18 ساڵان و گەورەتره لە هەرێمی کوردستان، لەسەر پرسی چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت) و کاریگەرییەکانی. ئەم راپرسییە لەسەر ئاستی تەواوی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارە سەربەخۆکانی سۆران، گەرمیان، راپەڕین و زاخۆ) کراوە.

## قەبارەی نموونەکان

لەم راپرسییەدا بۆ هەژمارکردنی ژمارەی نموونەکان پشت بە ژمارەی دانیشتووان لە گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ساڵی 2020 دا بەستراوە کە بە گوێرەی ئەوە، ژمارەی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان 6.171.380 کەسە *. بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی نموونەکان سوود لە هاوکێشەی هەژمارکردنی نموونەکان بەشێوەی هەڕەمەکیی خوارەوە وەرگیراوە کە لە ئەنجامدا ژمارەکە بوو بە 1070 نموونە.

$$n \geq \frac{z^2 * p(1-p)}{d^2}$$

n: ژمارەی نموونەکان

z: ڕێژەی متمانەی گوزارشتلێکراو 95٪ (Confidence Interval)

p: ڕێژەی وەڵامدەر سەبارەت بە پرسیاری ئایا هیچیەک لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت) بەکاردەهێنی و بەڕێژەی 50٪ یان 0.5 گریمانە کراوە.

d: هەڵەی ڕێگەپێدراو 0.03 یان 3٪.

دابەشبوونی ژمارەی نموونەکان 1070 خێزان، بەپێی ژمارەی دانیشتووان لە هەریەک لە پارێزگا و ئیدارەکان بەو شێوەیەی خوارەوە بووە:

**خشتەی 01:** ژمارە و ڕێژەی نموونەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

| پارێزگا/ ئیدارەی سەربەخۆ | ژمارەی گەڕەك | ژمارەی نموونەکان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 67 | 335 | 31.3 |
| سۆران | 11 | 55 | 5.1 |
| سلێمانی | 51 | 255 | 23.8 |
| گەرمیان | 01 | 50 | 4.7 |
| ڕاپەڕین | 31 | 65 | 6.1 |
| دهوک | 44 | 220 | 20.6 |
| زاخۆ | 11 | 55 | 5.1 |
| هەڵەبجە | 6 | 30 | 2.8 |
| کۆ | 352 | 1070 | 100.0 |

یەکـەی هەڵبـژاردن بـۆ دۆزینـەوەی کەســی وەڵامــدەرەوە، گـەڕەك و خێـزان بـوو کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە، بـە شـێوەی هەڕەمەکـی هـەر 5 خێزان لـە 5 کۆڵانی جیاوازی هـەر گەڕەکێك بـوو. بـۆ ئـەوەش، پێویسـت بـوو لێکۆڵینڤانـی مەیدانـی خاڵـیGPS ی شـوێنەکان وەربگرێـت لـە کاتـی ئامادەبوونـی خێزانەکـە بـۆ چاوپێکەوتـن و بەشـداربوون لـەم ڕاپرسـییەدا.

## تۆمارکردنی داتا

کۆکردنـەوەی داتـاکان راسـتەوخۆ لـە مەیدانـەوە لەڕێـی Comput-(er-Assisted Personal Interviews (CAPI

ئامێـری تابلێـت و پرۆگرامـی ئامادەکـراو لـە سیسـتەمی Open Data Toll Kit ناسـراو بـە ODK بـووە و داتاکانیـش لـە گـووگڵ درایـڤ لـە 4-09-2022 بـۆ 18-09-2022 بـۆ سـەر کڵاودی تایبـەت بـەم راپرسـییە نێـردراون.

## کێشی نموونەکان

بەپێـی زانسـتی ئامـاری هەریـەک لـە نموونـەکان لـە چیـن، شـار و گونـدە جیـاوازەکان بەپێـی ژمـارەی دانیشـتووان لە پارێـزگا و ئیدارە سـەربەخۆکان کێشـی نموونەییـان بـۆ ئەژمارکـراوە، یـان بـە واتایەکـی دیکـە پێچەوانـەی هاوکێشـەی دەرکردنـی نموونـەکان لـە چینـە جیـاوازەکان کێشـیان ئەژمارکـراوە.

## شیکردنەوەی داتا

دوای ئـەوەی کاری کۆکردنـەوەی داتا کۆتایـی هـات و تـەواوی داتـاکان نێـردران بـۆ سـەر سـێرڤەری تایبـەت و داونلۆدکردنـی داتـاکان بـە شـێوەی Excel گواسـترانەوە بـۆ سـەر سـۆفتوێری تایبـەت بـە شـیکردنەوەی داتـا بـە نـاوی SPSS 25 ، دەسـت بـە دەرهێنانـی خشـتەکان کـرا کـە لـە کۆتایـی راپۆرتەکەشـدا خراونەتـەڕوو.

بۆئـەوەی بەرچاوڕوونییەکـی بـاش لـە بەراوردکردنـی ئەنجامـەکان سـەبارەت بـە گرووپـە جیـاوازەکان بدەیـن، بـە باشـمان زانـی لـە کاتـی شـیکردنەوە، دەرکردنـی خشـتەکان بەپێـی گرووپەکانـی دیمۆگرافـی وەک (رەگـەز، شـوێنی جوگرافـی، گرووپـی تەمـەن، بـاری خێزانـی، پیشـە و بەرزتریـن بڕوانامـەی بەدەسـتهاتووی بەشـداربووان) بێـت. هەروەهـا بـۆ ئـەوەی ئەنجامـەکان رەنگدانـەوەی کۆمەڵـگا بـن، بـە پێویسـتمان زانـی:

- بـاری خێزانـی بکەیـن بـە یـەک گـرووپ. واتـە بـاری خێزانـی دابەشـبێت بـۆ سـێ گرووپـی (سـەڵت، هاوسـەردار، جیابـووەوە).

- پیشە بۆ سێ گرووپی: کاردەکەن (بەکرێ کاردەکات، بۆ خۆی کار دەکات، خاوەنکارە، مۆڵەتی وەرگرتووە)، کار ناکات (بێکارە، پێشتر کاری هەبووە، پێشتر کاری نەبووە) و کار ناکات (ژنی ماڵەوە، قوتابی و خوێندکار، نەخۆش و پەککەوتە، داهاتی هەیە و کار ناکات) رێکخراون.

- بەرزترین بڕوانامە بەشێوەی: ئەوانەی ئاستی خوێندەوارییان لە سەرەتایی نزمترە (نەخوێندەوارن، توانای خوێندن و نووسینیان) هەیە و بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە لە گرووپی بڕوانامەی سەرەتایی و کەمتر، ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆران لە گرووپی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا دانراون و گرووپەکانی تری بەرزترین بڕوانامەش وەک خۆیان ماونەتەوە.

## پرسیارنامە

**پرسـیارنامەی تایبـەت بـەم راپرسـییە چەندیـن تـەوەری سـەرەکی لەخۆگرتـووە کـە بریتیـن لەمانـە:**

- زانیاری لەسەر شوێنی نیشتەجێبوونی خێزان
- زانیاری دیمۆگرافیی بەشداربوو
- زانیـاری تایبـەت بـە بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا
- کاریگەرییەکانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا لـەڕووی کۆمەڵایەتییـەوە
- کاریگەرییەکانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکان و سۆشـیالمیدیا لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی هەرێمی کوردسـتان
- کاریگەرییەکانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکان و سۆشـیالمیدیا لەسـەر بارودۆخـی ئابـووری هەرێمی کوردسـتان

## سەرەتا

بەپێی دوایین راپۆرتی دیجیتاڵ پۆرتاڵ (تەمموز، 2022) ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە جیهاندا گەیشتووەتە 5.03 ملیار لە کۆی 7.98 ملیار کەس. بە واتایەك تەنیا ٪36.9ی دانیشتووانی زەوی ئینتەرنێت بەکارناهێنن. ژمارەی بەکاربەرانی سۆشیالمیدیاش، لە مانگی تەمموزی 2022دا گەیشتووەتە 4.7 ملیار کەس ([1]). ساڵانە ژمارەی دانیشتووانی زەوی بەرێژەی ٪0.8 زیاد دەکات، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتیش بەرێژەی ٪3.7، واتە 178 ملیۆن بەکارهێنەری نوێ زیاد دەبن و لەڕووی بەکارهێنانی سۆشیالمیدیایشەوە، ساڵانە ٪5.1 یاخود 227 ملیۆن کەس زیاد دەبێت.

بەپێی هەمان سەرچاوە، لە سەرانسەری عێراقدا 20.58 ملیۆن کەس ئینتەرنێت بەکاردەهێنن کە دەکاتە ٪49.4ی کۆی دانیشتووان، بە واتایەکی دیکە، هێشتا 21.08 ملیۆن مرۆڤ لە عێراقدا ئینتەرنێت

[1]https://datareportal.com/reports/digital-2022-july-global-statshot

بەکارناهێنن. لەماوەی نێوان ساڵانی 2021 بۆ 2022 دا نزیکەی ٪2.4 بەکارهێنانی ئینتەرنێت زیادیکردووە، ئەمەش دەکاتە 480 هەزار بەکاربەری نوێ. لەڕووی بەکارهێنان یاخود چالاکبوون لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ژمارەی بەکارهێنەران لە عێراقدا گەیشتووەتە 28.35 ملیۆن کەس، واتە ٪68 لەوانەی ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. لە هەمان ماوەدا ٪13.4 یاخود 3.4 ملیۆن بەکاربەری سۆشیالمیدیا زیادیکردووە. بەتەنیا ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبووک لە عێراقدا 18.85 ملیۆنە ([2]). نایەکسانی لە ژمارەی ئەو 20.58 ملیۆن کەسەی لە عێراقدا دەستیان بە ئینتەرنێت دەگات لەگەڵ ئەو 28.35 ملیۆن بەکاربەرەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکن، بۆخۆی دەتوانێت نیشانەیەك بێت سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیالیمیدیا لە عێراقدا. بۆ نموونە لەوانەیە نیشانەیەك بێت بۆ بوونی ملیۆنان کەس کە چەندین هەژماری جیاواز بەکاردەهێنن و لەوانەیە بەربڵاوبوونی هەژماری ساختەش ئەوە پشتڕاست بکاتەوە.

لەڕاستیدا ئامارێکی نوێ و جیاکراوە بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا لەنێو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان نەخراوەتەڕوو، بەڵام بەپێی ئامارە بەردەستەکان، ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت

[2]https://datareportal.com/reports/digital-2022-iraq

کـە لـە سـاڵی 2010دا تەنیا 335 هـەزار کـەس بـووە، ئـەم ژمارەیـە لـە 2013دا گەیشـتووەتە 2 ملیـۆن و لـە 2020دا بـۆ 3 ملیـۆن بەکارهێنـەر بەرزبووەتـەوە ([3]). واتـە لـە مـاوەی کەمتـر لـە حـەوت سـاڵدا، ژمـارەی بەکارهێنـەری ئینتەرنێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان ٪794 زیـادی کـردووە. دیـارە لـە هەرێمـی کوردسـتان بەکارهێنانـی ئینتەرنێتیـش بـەزۆری پەیوەسـتە بـە بەکارهێنانـی سـۆشـیالمیدیاوە.

راپرسـی (کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر دۆخـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابـووری لـە هەرێمـی کوردسـتان) بـە مەیدانی و لـە پارێزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان و، لـە ژینگـەی شارنشـین و گوندنشـیناندا و لەنێـو کەسـانی سـەرووی تەمەنـی 18 سـاڵەوە، لـە هـەردوو رەگـەزی نێـر و مـێ، هەروەهـا بەدەستنیشـانکردنی بـاری خێزانـی و کارکـردن و ئاسـتی بڕوانامە ئەنجامـدراوە و تـەواوی ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتانی گرتووەتـەوە.

ئـەم راپرسـییە، بـە مەیدانـی و شـەقام بـە شـەقام و مـاڵ بـە مـاڵ لەنێـو شـار و گوندەکانـی سەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتاندا لـە ئەیلوولـی 2022 ئەنجامـدراوە.

بەپێـی ئەنجامەکانیـش، بەرزتریـن رێـژەی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـۆ فەیسـبووکە بـە رێـژەی

[3]https://brandkri.com/the-snapshot-kurdistan-ict/

٪88.86، بەدوایدا مەسنجەر بەڕێژەی ٪73.22 دێت و، دوای ئەویش ئینستاگرام بەڕێژەی ٪70.04 و ڤایبەریش بەڕێژەی ٪69.94 دێت. تویتەر بەڕێژەی ٪15.45 بەکاردێت و کەمترین بەکارهێنانیش بە ٪1.50 بۆ لینکدینە. لەڕوویەکی دیکەوە، چالاکبوون یاخود زیاتر بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٪60.84 لە فەیسبووکە، بەڕێژەی ٪36.26 لە سناپچاتە، لەکاتێکدا چالاکبوون لە لینکدین ٪0.19 بووە.

لەڕووی ماوەی بەکارهێنان لە 24 کاژێردا، بەگشتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە گەیشتووەتە 4 کاژێر و 42 خولەک، واتە زیاتر لە یەک لەسەر شەشی کاتی مرۆڤەکانی داگیرکردووە. لەڕووی ڕەگەزیشەوە، ڕەگەزی نێر ڕۆژانە 5.07 کاژێر و ڕەگەزی مێ 3.82 کاژێر لەسەر ئینتەرنێتن. بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانیش لەنێو ئەوانەدایە کە سەڵتن و ڕۆژانە 5.91 کاژێر بەکاریدەهێنن، لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە، تاوەکو تەمەنی مرۆڤەکان گەورەتر بێت کاژێرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین، زۆرترین کاژێرەکانی ڕۆژانەیان کە 5.19 کاژێرە، بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەرخاندەکەن. لەڕوویەکی دیکەوە، جیاوازییەکی گەورە

لـە کاژێرەکانـی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەنێو دانیشـتووانی سـەنتەری پارێـزگاکان و گوندنشـینەکاندا نییـە، بـەڵام لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان جیاوازییەکـی گـەورە هەیـە. بەشـێوەیەک بەرزتریـن ڕێـژە لەسـەر ئاسـتی پارێـزگای دهۆکـە کـە تێیـدا کاژێرەکانـی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە ڕۆژێکـدا گەیشـتووەتە 5.83 کاژێـر، بەدوایـدا ئیـدارەی سـۆران بەڕێـژەی 5.65 کاژێـر دێـت، لەکاتێکـدا نزمتریـن کاژێرەکانـی بەکارهێنـان لـە ئیـدارەی گەرمیانـە کـە 3.22 کاژێـرە و بەدوایـدا پارێـزگای سـلێمانی دێـت کـە 3.81 کاژێـرە.

لـەڕووی کاتـەوە، واتـە چ کاتێـک زیاتـر پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بەکاردەهێنرێـت، ٪51.7ی بەشـداربووان گوتوویانـە شـەوان، ٪24.9ی بەشـداربووانیش گوتوویانە هەرکاتێک دەرفەتیـان هەبێت. هەڵبـەت لای بەیانیـان کەمتریـن ڕێژەی بەکارهێنانـی ئـەو پلاتفۆرمانە هەیـە کـە تەنیا ٪4 بـووە.

سـەرچاوەکانی زانیـاری پێـش پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، رادیـۆ، ڕۆژنامـە و تیڤـی بـوون. بەپێـی ئەنجامـەکان، ٪51.31 ی دانیشـتووانی هەرێمـی کوردسـتان هیچـکام لـە تیڤـی، رادیـۆ و ڕۆژنامـە بەکارناهێنـن بـۆ وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری، لـە بەرامبەریشـدا، لـە دەرەوەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا، ٪47.57ی خەڵـك بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری و

هـەواڵ سـوود لـە تەلەڤزیـۆن وەردەگـرن.

بڵاوکردنـەوەی پەیام (پۆسـت)، وێنە و نووسـین یەکێکە لە شـێوازەکانی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان. لـە هەرێمـی کوردسـتان ٢٤.٣٠٪ی ئەوانـەی سۆشـیالمیدیا بەکاردەهێنـن، پەیـام بڵاودەکەنـەوە، لەکاتێکـدا ٢٣.٣٦٪یـان هەرگیـز هیـچ پەیامێکیـان بڵاونەکردووەتـەوە و تەنیـا سـەیری پەیامـە بڵاوکراوەکانیـان کـردووە. ئەوانەشـی ڕۆژانـە پەیـام بڵاودەکەنـەوە ٥.٩٨٪ی بەکاربـەران پێکدێنـن. لـەڕووی سـەیرکردنی بڵاوکـراوەی هاوڕێکانیـان لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا، لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٣٧.٤٨٪ی بەشـداربووان زۆرجـار بەدواداچوونیـان بـۆ بڵاوکـراوەی هاوڕێکانیـان کـردووە و تەنیـا ٧.٤٨٪ یـان هەرگیـز بەدواداچوونیـان نەکـردووە. ئەمـەش دەتوانێـت ئاماژەیەکـی گرنـگ بێـت بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕەفتـاری بەکاربـەری پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان.

خاڵێکـی دیکـەی گرنـگ ئەوەیـە کـە داخـۆ بەکاربـەری ئێمـە لـە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانـدا زیاتـر بـەدوای چیـدا دەگەڕێـت؟ بەپێـی ئەنجامـەکان ئەوانـەی بەدواداچـوون بـۆ بابەتـە کۆمەڵایەتییـەکان دەکـەن ٧٧.٥٧٪ی بەکاربەرانـن، واتـە تەنیـا ٢٢.٤٣٪ی بەکارهێنەرانـی پلاتفۆرمـەکان بەدواداچـوون بـۆ بابەتـی کۆمەڵایەتـی ناکـەن. ٥٣.٠٨٪ یاخـود نیوەیـان

زیاتـر، پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان و سۆشــیالمیدیا بــۆ بەســەربردنی کات بەکاردەهێنـن. هەروەهـا ٪30.75یـان ئەوانـەن کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بـۆ بەدواداچوونـی بابەتـە سیاسـییەکان بەکاردێنـن.

٪88.79ی بەشــداربووان لــە پەیامــە بڵاوکراوەکانـدا زیاتـر ڤیدیۆیـان پــێ باشــتر بــووە، ٪48.32 نووســینی کــورت و ٪27.76 یــش وێنەیـان لا مەبەسـت بـووە. ئینجـا دوای ئەوانـەش بڵاوکـراوە دەنگییـەکان بەرێـژەی ٪24.30 دێـت.

بڵاوکراوەکانی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکان لەڕووی نێوەڕۆک و درووسـتیی زانیارییەکانیـان، گەورەتریــن کێشــەیان بــۆ کۆمپانیـا دیجیتاڵییــەکان ناوەتـەوە. بەشـێوەیەک کۆمپانیا گەورەکانـی وەک فەیسـبووک، گـووگڵ و تویتـەر بەدەسـت هەواڵـی سـاختە (فەیـک نیـوز) و بڵاوکردنەوەیـان لـە پلاتفۆرمەکانیانـدا گیـرۆدەن و بەیەکێـک لـە ئاڵنگارییەکانـی بـەردەم ژینگــەی پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان و تەکنەلۆژیـای دادەنێـن، هەربۆیـە دەوڵەتانــی جیهــان و ڕێکخراوەکانــی ســەر بــە نەتەوەیەکگرتــووەکان هەوڵەکانیـان بـۆ کەمکردنـەوە و زیانەکانـی ئەمـە خسـتووەتەگەڕ.

بەپێـی ئەنجامەکانــی نێــو ڕاپرســییەکە، لەســەر ئاســتی هەرێمــی کوردسـتان ٪38.97ی بەشـداربووان متمانەیـان بە نێـوەڕۆک و بابەتەکانی سۆشــیالمیدیا نیــە، هەڵبــەت ٪32.34 متمانەیــان بــە نێوەڕۆکــی

بابەتـەکان هەبـووە. ٪28.69یـش خۆیـان یەکلانەکردووەتـەوە. ئـەوەی جێـی سـەرنجە، لـەڕووی رەگـەزەوە ٪40.58ی رەگـەزی نێـر متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان نییـە، بـەڵام ٪34.97 ی رەگـەزی مـێ متمانەیـان بـەو زانیارییانـە نییـە. لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکانیش، ٪60ی بەشـداربووانی زاخـۆ متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان نییـە. لەکاتێکـدا بەرزترین رێـژەی ئەوانـەی متمانەیـان بـە نێوەڕۆکی ئـەو بابەتانە هەیـە، لـە پارێـزگای هەڵەبجەیـە کـە ٪56 بـووە. لـەڕووی تەمەنیشـەوە رێـژەی ئەوانـەی باوەڕیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتەکانـی نـاو سۆشـیالمیدیا نییـە بـە هەڵکشـانی تەمـەن زیاتـر دەبێـت.

لـەڕووی لایـک یاخـود حەزکـردن بـە بینینـی پۆسـتی سیاسـەتڤانان و کەسـایەتییە سیاسـییەکان، ٪54.77ی بەشـداربووان هەرگیـز حەزیـان بـە لایکـی پەیجـی ئـەو کەسـایەتییانە نەکـردووە. تەنیا ٪9.35ی بەشـداربووان زۆرجـار لایکـی پەیجـی ئـەو کەسـانەیان کـردووە.

پۆسـتەکان لەسـەر دیـواری بەکارهێنەرانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بـەردەوام نـوێ دەبنـەوە. هەڵبـەت لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان ٪38.79ی بەشـداربووان هەرگیز بەدواداچـوون بـۆ ئـەو پەیـج و پۆسـتانە ناکـەن کـە لەسـەر دیوارەکەیـان دەردەکەوێـت، ٪31.03یـش زۆر کـەم بەدواداچـوون دەکـەن.

لە کۆتاییدا، ئەوانەی پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بوونەتە سەرچاوە بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی ناوچەکە، گەیشتووەتە ٪93، لەکاتێکدا تەنیا ٪3.85 دژی ئەوە بوون.


لەڕووی دوورکەوتنەوە یاخود نزیکبوونەوەی خەڵک لە یەکتری بەهۆی سۆشیالمیدیاوە، بەگشتی ٪40.36ی خەڵک لەگەڵ ئەوەدابوون کە مرۆڤەکانی لێکنزیککردووەتەوە، بەڵام ٪47 لەگەڵ ئەوە نەبوون کە سۆشیالمیدیا بووبێتە هۆی دوورخستنەوەی مرۆڤ لە یەکتری.

1

## باکگراوندی گشتیی راپرسی

لــەم راپرســییەدا، لەڕێــی بەکارهێنانــی ژمــارەی دانیشــتووانی هەرێمــی کوردســتان لــە 2020 و لەســەر ئاســتی هــەر چــوار پارێزگاکــە و ئیــدارە ســەربەخۆکان، نموونــەکان لەســەرجەم ناوچــە جیاوازەکانــی وەک شــار، قــەزا، ناحیــە و گونــد وەرگیــراون و شــێوازی کۆکردنــەوەی داتــاکان دەستنیشــانکراوە و بەپێــی بەرنامەیەکــی تایبــەت، خاڵــی جــی پــی ئێــس GPS بــۆ هــەر بەشــداربوویەک لــە کاتــی چاوپێکەوتــن وەرگیــراوە، وەکــو لــە وێنــەی (01) دا دیــارە.

**وێنە 01:** نیشاندەری خاڵی جی پی ئێس لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان




## 1.1 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان

لەم راپرسییەدا، بەپێی دوایین ئاماری ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، رێژەی دابەشبوونی نموونەکان لە چوار پارێزگا و چوار ئیدارەی سەربەخۆ وەرگیراوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، دابەشبوونی نموونەکان لە پارێزگای هەولێر بەرێژەی ٪31.3، لە پارێزگای سلێمانی بەرێژەی ٪23.8، پارێزگای دهۆک بەرێژەی ٪21.5 و پارێزگای هەڵەبجەش بەرێژەی ٪2.3 بووە. هەروەها بۆ ئیدارە سەربەخۆکانیش، ئیدارەی سۆران بەرێژەی ٪5.1، ئیدارەی زاخۆ بەرێژەی ٪5.1، ئیدارەی راپەڕین بەرێژەی ٪6.1 و ئیدارەی گەرمیانیش بەرێژەی ٪4.7 بووە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

**گرافیک 1:**


دابەشبوونی ڕێژەی نموونەکان بەگوێرەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ڕاپرسییەکەدا.



بۆ دۆزینەوەی روانگەی جیاوازی هاونیشتمانیانیش لەسەر بنەمای شوێنی نیشتەجێبوونیان، ژینگەی شارنشین و گوندنشین بە بنەما وەرگیراوە. لەنێو شارنشینانیشدا جیاوازیی لەنێوان دانیشتووانی سەنتەری پارێزگاکان و قەزا و شارۆچکەکانی دیکە کراوە، بەشێوەیەک شارنشین کراوە بە دوو بەش؛ ئەوانەی دانیشتووی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانن (شارە گەورەکان) لەگەڵ ئەوانەی دانیشتووی قەزا و شارۆچکە بچووکەکان، وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە. هەروەها، دابەشبوونی ژینگەی شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە بووە: شارنشینی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان رێژەی ٪41.6ی نموونەکانی بەرکەوتووە، شارنشینی قەزا و شارە بچووکەکانیش ٪37.9 و، گوندنشینەکانیش ٪20.6ی نموونەکانیان پێکهێناوە.

**گرافیک 2:**

ژینگەی بەشداربووان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




## 1.2 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی رەگەز و گرووپی تەمەن

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان رەگەزی نێر بەرێژەی ٪71.4 و رەگەزی مێ بەرێژەی ٪28.6 بەشدارییان لەم راپرسییەدا کردووە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەرزترین رێژەی بەشداریی مێ لە پارێزگای سلێمانی ٪44.7 و نزمترینیش لە پارێزگای هەولێر بەرێژەی ٪15.52 بووە. لەکاتێکدا، لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان بەرزترین بەشداریی ئافرەت لە ئیدارەی راپەڕین ٪41.54 و نزمترینیش لە ئیدارەی سۆران بەرێژەی ٪16.36 بووە وەکو لە گرافیکی سێیەمدا دیارە.

**گرافیک 3:**

دابەشبوونی ڕەگەزی (نێر و مێ) لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




کۆمەڵگـەی هەرێمـی کوردسـتان بـە کومەڵگەیەکـی گەنـج دادەنـرێ، ئێسـتا لـەڕووی دانیشـتووانەوە بە قۆناخێکـدا تێپەڕ دەبێت کە بە خەڵاتی دیمۆگرافیـا دەناسـرێ، چونکـە ژمـارەی ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان 15 بـۆ 29 سـاڵە ٪28 و ئەوانـەی تەمەنیـان لەسـەرووی 65 سـاڵەوەیە تەنیا ٪4.3ی دانیشـتووان پێکدێنـن ([4]).

لـەم راپرسـییەدا، رای هاونیشـتمانیانی سـەرووی تەمەنـی 18 سـاڵ وەرگیـراوە و تەمەنیـش بـۆ سـەر سـێ ئاسـت و گـرووپ دابەشـکراوە. بەشـداربوونی گرووپەکانـی تەمـەن لـەم راپرسـییە، بەشـێوەیەکە کـە ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان (18-24)سـاڵە بەرێـژەی ٪37.2، ئەوانـەی تەمەنیان لەنێوان (25-34) سـاڵە رێژەی ٪31.2 پێکدێنن و کـۆی گشـتی هـەردوو گرووپەکـە لـە سـەرووی ٪68 پێکدێنـن، ئـەم نموونەگیرییـەش لەگـەڵ واقیعـی کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا کـە گەنجـی زۆرتـرە دێتـەوە. ئەوانەشـی تەمەنیـان لەسـەرووی 35 سـاڵەوەیە بەرێـژەی ٪31.5 بـووە. ئـەو دابەشـبوونە لە گرافیکـی (4) دا، بەپێی پارێزگا و ئیدارە سـەربەخۆکان خراوەتـەڕوو.

[4]https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/kurdistan-population-analysis-report-kurdish-v6-final-corrected-29052022.pdf


**گرافیک 4:**
دابەشبوونی نموونەکان بەپێی گرووپی تەمەن لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان



## 1.3 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی باری خێزانی ئاستی خوێندەواری


ڕوویەکـی دیکـەی جیاکردنـەوەی بەشـداربووان لـە ڕاپرسـییەکەدا پەیوەسـتە بـە بـاری خێزانیـی بەشـداربووانەوە. لـە ڕاپرسـییەکەدا ٪42.3ی بەشـداربووان سـەڵت بـوون، ئەوانـەی هاوسـەردارن ٪56.8ی بەشـداربووانیان پیکهێنـاوە و ئەوانەشـی جیابوونەتـەوە ٪0.8 بـوون.

**گرافیک 5:** باری خێزانی لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆكان و هەرێمی كوردستان



لـەم راپرسـییەدا جیاکارییەکـی دیکـە لەنێو بەشـداربووان لەڕووی ئاسـتی خوێنـدەواری و بڕوانامـەوە کـراوە، بەشـێوەیەک لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان ٪27.38ی بەشـداربووان هەڵگـری بڕوانامـەی سـەرەتایی و کەمتـرن (نەخوێنـدەوار، توانـای نووسـین و خوێندنـەوە)، ٪25 بڕوانامـەی بنەڕەتی/ناوەنـدی، ٪22.3 ئامادەیـی، ٪12.34 دبلـۆم/ پەیمانـگا و تەنیـا ٪12.9 هەڵگـری بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵا بـوون.


**گرافیک 6:** ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەی بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان



## 1.4 دابەشبوونی نموونەکان بەپێی کار و پیشەی بەشداربووان


لـەم ڕاپرسـییەدا بەرزترین ڕێـژەی بەشـداربووان لەنێـو ئەوانـەدا بـووە کـە بـە کـرێ کار دەکـەن و نزمتریـنیـش لەنێـو ئەوانەدایە کـە پەککەوتـە و نەخـۆشـن یـان بەشـێوەیەکی کاتـی نەچوونەتـە سـەرکار. لـەڕووی ڕەگـەزەوە، ٪54.8ی ئەوانـەی بـە کـرێ کار دەکـەن لـە ڕەگـەزی نێـر و ٪25.4یـش لـە ڕەگـەزی مـێ بـوون.

**گرافیک 7:** دابەشبوونی پیشە یان کار بەپێی ڕەگەزی بەشداربووان.




هەروەها لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی بۆ خۆیان کاردەکەن لە گرووپی تەمەنی (25-34) ساڵن.

**گرافیک 8:** دابەشبوونی پیشە یان کار بەپێی گرووپی تەمەن



لەسـەر ئاسـتی ئیـدارە سـەربەخۆکان، لـەڕووی پیشـە یـان کارەوە لـە راپرسـییەکەدا بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی بـە کـرێ کار دەکـەن ٪65 لـە ئیـدارەی سـۆران، هەروەهـا بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی خـاوەن کار بـوون لـە ئیـدارەی زاخـۆ بـە رێـژەی ٪33 وەکـو لـە گرافیـک 9 دا هاتـووە.


**گرافیک 9:** جۆری پیشە یان کاری بەشداربووان لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان



Research Center


لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لەڕووی پیشە یان کارەوە لە راپرسییەکەدا بەرزترین رێژەی ئەوانەی بە کرێ کاریان کردووە ٪56 بووە لە پارێزگای هەولێر، بەدوایدا پارێزگای دهۆک ٪47، هەروەها بەرزترین رێژەی ئەوانەی ژنی ماڵەوە بوون لە پارێزگای سلێمانی بووە کە ٪15 بووە، ئینجا پارێزگای دهۆک کە ٪13 بووە. بەرزترین رێژەی بەشداریی قوتابیان لە پارێزگای هەولێر ٪16 بووە وەکو لە گرافیک 10 دیارە.

**گرافیک 10:** جۆری پیشە یان کاری بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگاکان



لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئەوانەی بەکرێ کار دەکەن ٪46.4، ئەوانەی خاوەنکارن ٪7 و ئەوانەی بەبێ کرێ کار دەکەن ٪1.3 و، ئەوانەی بێکارن (پێشتر کاریان هەبووە) ٪3.46 و ئەوانەی بێکارن (پێشتر کاریان نەبووە) ٪4.67 و ئەوانەشی قوتابی بوون ٪11.96ی بەشداربووانی راپرسییەکەیان پێکهێناوە.

**گرافیک 11:** جۆری پیشە یان کاری بەشداربووان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



2

## بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا

بەپێی داتایەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (2018)، نزیکەی ٪71.2ی ماڵەکان لە هەرێمی کوردستان ئینتەرنێت یاخود توانای دەستگەیشتنیان بە هێڵەکانی ئینتەرنێت هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە، بەپێی هەمان سەرچاوە، ئەو ڕێژەیە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق ٪50.1 بووە. بەپێی ڕاپۆرتێکی GALLUP BBG لەبارەی بەکارهێنانی میدیا و سۆشیالمیدیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان ( 2015)، لە عێراق لە پێنج کەس دوو کەس (بەڕێژەی ٪40.3) ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان لە چوار کەس سێ کەس ئینتەرنێت بەکاردێنن


([5]). بەپێی ئامارێکی دیکە، لە ساڵی (2020) ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە سەرووی 3 ملیۆن بەشداربوو. ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەش کە لەم بوارەدا کاردەکەن گەیشتووەتە سەرووی 60 کۆمپانیا ([6]). بەتەنیا ژمارەی بەشداربووانی کۆمپانیای فاست لینک کە یەکێکە لە دابینکەرانی هێڵی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان، گەیشتووەتە سەرووی یەک ملیۆن بەشداربوو ([7]).

[5]https://www.usagm.gov/wp-content/media/2015/03/Iraq-brief-FINAL.pdf
[6]https://brandkri.com/the-snapshot-kurdistan-ict/
[7]https://www.fast-link.com/fastlinktelecom

## 2.1 بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەنێو خێزان لە هەرێمی کوردستان


لەم راپرسییەدا لەبارەی ژمارەی ئەندامانی خێزان پرسیار لە بەشداربووان کراوە، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەندامانی خێزان بە نزیکەی 6 کەس دانراوە. لەو ژمارەیەش ئەوانەی لەسەرووی تەمەنی 18 ساڵییەوەن و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن 3.4 بووە، ئەوانەشی لە خوار تەمەنی 18 ساڵییەوەن و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن 1.1 کەس بووە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە بەگشتی لە هەر خێزانێکی شەش کەسیدا، زیاتر لە چوار کەس ئینتەرنێت بەکاردەهێنن.

**گرافیک 11:** ژمارەی ئەندامانی خێزان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە خوار و سەرووی تەمەنی 18 ساڵەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.



لــە راپرســییەکەدا بەرزترین ژمــارەی ئەندامانــی خێــزان لــە پارێــزگای دهــۆک تومارکــراوە. بەرزتریــن رێــژەی ئەوانــەی لــە خــوار تەمەنــی 18 ســاڵەوە ئینتەرنێــت بەکاردەهێنــن لــە پارێــزگای ســلێمانی بــووە (1.3)، لەکاتێکــدا بەرزترین ژمــارەی ئەندامانی خێزان کە ئینتەرنێت بەکاردەهێنن لەســەروو تەمەنــی 18 ســاڵانەوە، لــە پارێزگای دهــۆک (3.7) بــووە وەکــو لــە گرافیکــی 12دا هاتــووە.

**گرافیک 12:** ژمارەی ئەندامانی خێزان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەخوار و سەروو تەمەنی 18 ساڵەوە لە پارێزگاکان




لەسـەر ئاسـتی ئیـدارە سـەربەخۆکانیش، بەرزتریـن ژمـارەی ئەوانـەی لەسـەرووی تەمەنـی 18 سـاڵ و خـوار تەمەنـی 14 سـاڵەوە ئینتەرنێـت بەکاردەهێنـن، لـە زاخـۆ بـووە وەکـو لـە گرافیکـی 13دا دیـارە.

**گرافیـک 13:** ژمـارەی ئەندامانـی خێـزان و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەخوار و سـەرووی تەمەنـی 18 سـاڵەوە لـە ئیدارە سـەربەخۆکان




لەڕوویەکی دیکەوە، لەنێو خێزانەکاندا جیاوازیی گەورە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا هەیە، بەشێوەیەک لەڕووی ڕەگەزەوە، ئەوانەی ئینتەرنێت بەکارناهێنن، ٪22.95یان لە ڕەگەزی نێر و ٪18یان لە ڕەگەزی مێن. لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی ئینتەرنێت بەکارناهێنن لە نێو گرووپی تەمەنی (24-34) ساڵیدایە.

**گرافیک 14:** ڕێژەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئینتەرنێت لەنێو خێزانەکان، بەپێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن



هەروەها ڕێژەی ئەوانەی لە خوار و سەرووی تەمەنی 18 ساڵییەوەن لە گوندەکان و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، گەیشتووەتە ٪69، لەکاتێکدا لە سەنتەری پارێزگاکاندا گەیشتووەتە ٪83 و لە قەزا و شارە بچووکەکاندا گەیشتووەتە ٪77.6. لەنێو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیشدا، ئەوانەی ئینتەرنێت بەکارناهێنن لە ئیدارەی سۆران ٪32.9 یە و بەدوایدا ٪25.3 لە پارێزگای دهۆک و بەدوای ئەویشدا لە ئیدارەی ڕاپەڕین ڕێژەکەی ٪21.4 ـە.

**گرافیک 15:** ڕێژەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئینتەرنێت بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان



کـۆی ئەوانـەی لـە سـەروو و خـوار تەمەنـی 18 سـاڵییەوەن و ئینتەرنێت بەکاردەهێنـن، گەیشـتووەتە ٪78، لەکاتێکـدا ٪22یـان ئینتەرنێـت بەکارناهێنـن.

**گرافیک 16:** ڕێژەی بەکارهێنان و بەکارنەهێنانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




## 2.2 کاژێرەکانی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

بەپێی دوایین راپۆرتی دیجیتاڵ پۆرتاڵ و کۆڕبەندی ئابووریی جیهان WEF ، کاژێرەکانی بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا لە جیهاندا بەتێکڕا 2 کاژێر و 27 خولەکە ([8])، بەرزترین کاژێری بەکارهێنانی سۆشیالمیدیا لە نەیجیریا 4:07 کاژێر و کەمترین لە ژاپۆنە کە 0:51 خولەک بووە، لەکاتێکدا بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، لە هەرێمی کوردستان، بەتێکڕا 4.7 کاژێر، واتە 4 کاژێر و 42 خولەک بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەرخانکراوە، وەکو لە گرافیکی 17 دا دیارە.

[8] https://datareportal.com/global-digital-overview


**گرافیک 17:** تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



Research Center


لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ئاستی تەرخانکردنی کات بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە پارێزگای دهۆکە بە 5.8 کاژێر، بەدوای ئەویشدا، ئیدارەی سۆران بە 5.7 کاژێر، ئینجا ئیدارەی زاخۆ بە 5.6 کاژێر دێن. نزمترین ئاستی کاتی تەرخانکراویش بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە ئیدارەی گەرمیانە بە 3.2 کاژێر، ئینجا پارێزگای سلێمانی بە 3.8 کاژێر دێت. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەتێکڕا 4.7 کاژێر بۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەرخانکراوە وەکو لە گرافیکی 18 دا دیارە.

**گرافیک 18:** تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




لــەڕووی ژینگــەی دانیشــتووانەوە، ئەوانــەی لــە قــەزا و شــارۆچکە بچووکــەکان زیاتــر کاتیــان بــۆ پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان تەرخانکــردووە، بــەراورد بەوانــەی لــە ســەنتەری پارێــزگا گەورەکانــدان، بــۆ نموونــە شارنشــنین (شــارە بچووکــەکان و قــەزاکان) ڕۆژانــە 5.1 کاژێــر و شارنشـینی سـەنتەری پارێـزگاکان ڕۆژانە 4.4 کاژێر و گوندنشـینان ڕۆژانە 4.7 کاژێریــان بــۆ تەرخانکــردووە، بڕوانــە گرافیکــی 19.

**گرافیک 19:** تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان



لەڕووی ڕەگەزیشەوە، ڕەگەزی نێر ڕۆژانە 5.1 کاژێر و ڕەگەزی مێ ڕۆژانە 3.8 کاژێری خۆی بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەرخاندەکات. بەرزترین ڕێژەی تەرخانکردنی کات لەڕووی گرووپی تەمەنەوە ئەوانە بووە کە تەمەنیان لەنێوان (18-24) ساڵە کە ڕۆژانە 5.9 کاژێریان بۆی تەرخانکردووە. بەدوایشیدا تەمەنی نێوان (25-34) ساڵ دێت کە لە 24 کاژێردا 4.7 کاژێریان بۆ تەرخانکردووە. ئینجا گرووپی سەرووی تەمەن 35 ساڵ دێت کە 3.4 کاژێریان بۆ تەرخانکردووە.


**گرافیک 20:** تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن



لـەڕووی بـاری خێزانییـەوە، کەسـانی سـەڵت ڕۆژانـە 5.9 کاژێریـان بـۆ بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان تەرخانکـردووە، ئینجـا ئەوانە دێـت کـە جیابوونەتـەوە (4.5) کاژێـر. لـەڕووی پیشـە یـان کارەوە، ئەوانـەی کار ناکـەن ڕۆژانـە 6.1 کاژێـر و ئەوانەشــی کار دەکـەن، ڕۆژانـە 4.6 کاژێـری خۆیـان بـۆ بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان تەرخانکـردووە.

**گرافیک 21:**


تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی و پیشە.



لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، بەگوێـرەی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی خوێنـدەواری و بڕوانامـە، کاژێرەکانـی تەرخانکردنـی کات بـۆ سۆشـیالمیدیا کـەم دەبێتـەوە. بەشـێوەیەک لەنێـو ئەوانـەی هەڵگـری بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵان، ڕۆژانـە 4.1 کاژێریـان بـۆ بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان تەرخانکـردووە، لەکاتێکـدا ئەوانـەی هەڵگـری بڕوانامـەی سـەرەتایی و نزمتـرن، ڕۆژانـە 5.1 کاژێـر و ئەوانەشـی هەڵگـری بڕوانامـەی ئامادەییـن ڕۆژانـە 5.2 کاژێریـان بـۆ تەرخانکـردووە.

**گرافیک 22:**


تەرخانکردنی کات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری



## 2.3 کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

ئەگەر بەتێکڕا رۆژانە هەر تاکێک نزیکەی 5 کاژێر تەرخان بکات بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، ئەوا بێشك وەختی بەکارهێنانەکەیشی دەتوانێت کاریگەری لەسەر تەواوی چالاکییەکانی رۆژانەی تاک دابنێت. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرزترین رێژەی وەختی بەکارهێنان لە شەواندایە کە دەگاتە ٪52، ئەوانەی گوتوویانە هەرکات دەرفەت هەبێت ٪25، هەروەها ٪11 ئەوانەی گوتوویانە هەموو کاتێک، ٪9ی بەکاربەران لە نیوەڕوان و ٪5یش بەیانیان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردەهێنن.


**گرافیک 23:** نیشاندەری کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی شـەوانە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بەکاردەهێنـن لـە پارێـزگای هەڵەبجەیـە بەڕێـژەی ٪60، بەدوایـدا پارێـزگای سـلێمانی بەڕێـژەی ٪57 و، بـە پلـەی سـێیەمیش پارێـزگای دهـۆک بەڕێـژەی ٪53 دێـت. لەکاتێکـدا، لـە نێـو ئیدارە سـەربەخۆکاندا، بەرزترین ڕێـژەی ئەوانـەی هەمـوو کاتێـک پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بەکاردەهێنـن لـە ئیـدارەی گەرمیانە بەڕێـژەی ٪30، بەدوایـدا ئیـدارەی سـۆران و ڕاپەڕیـن بەڕێـژەی ٪20 دێـن. ئەوانـەی هـەرکات دەرفەتیـان هەبێـت بەکاریدەهێنن بەرزتریـن ڕێـژەی لـە ئیـدارەی زاخۆیـە بـە ٪39 و نزمتریـن ڕێـژەش لـە هەڵەبجەیـە بـە ٪4 وەکـو لـە گرافیکـی 24دا دیـارە.


Research Center

**گرافیـک 24**: نیشـانـدەری (وەختـی) بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر ئاسـتی ئیـدارە سـەربەخۆکان و پارێـزگاکان




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، ئەوانـەی شـارە گـەورەکان نزیکـەی 52٪ لـە شـەوان، 26٪ هـەرکات دەرفـەت هەبێـت، 9٪یـش هەمـوو کاتێک بەکاریدێنـن. لەنێـو دانیشـتووانی قـەزا و شـارە بچووکەکانیشـدا 50٪ لـە شـەوان، 24٪ لـە هەرکاتێـک دەرفـەت هەبێـت و 13٪ یـش بەیانیـان بەکاریدەهێنـن. لەنێـو گوندنشـینان 50٪ لـە شـەوان، 23٪ هـەر کاتێـک دەرفەتیـان هەبێـت و 10٪یـش هەمـوو کاتێـک بەکاریدێنـن.

**گرافیك 25:**
نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان




هەروەها، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە زیاتر لە چ کاتێکدا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردەهێنی؟ رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪54.19 و رەگەزی مێ بەڕێژەی ٪45.75 گوتوویانە زیاتر شەوان بەکاریدێنن. لەکاتێکدا ٪23 لە رەگەزی نێر و ٪29.8 لە رەگەزی مێ گوتوویانە هەر کاتێک دەرفەت هەبوو پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردێنم.

**گرافیک 26:** نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی رەگەز



لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە، ئەوانـەی تەمەنیـان لەنێـوان (18-24) ساڵدایە زیاتر شـەوان بەکاریدەهێنـن، بـەڵام ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (25-34) سـاڵدایە بەڕێـژەی ٪28.44 هـەر کاتێـک دەرفەتیـان هەبێـت بەکاریدەهێنـن، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەشـی هەمـوو کاتێـک بەکاریدەهێنن لەنێـو ئەوانـەی کـە تەمەنیـان لەنێـوان (18-24)سـاڵدایە دەگاتـە ٪16.3، کەمتریـن ڕێـژەی بەکارهێنـان لەنێـو هەمـوو تەمەنـەکان لـە بەیانیـان و نیوەڕواندایـە وەکـو لـە گرافیکـی 27دا دیـارە.

**گرافیک 27:**
نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن



لەڕووی باری خێزانییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی شەوانە سۆشیالمیدیا بەکاردەهێنن ئەوانەن کە سەڵتن بەڕێژەی ٪55.19، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەموو کاتێک بەکاریدەهێنن ئەوانەن کە جیابوونەتەوە بەڕێژەی ٪33.3.

**گرافیک 28:**


نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی



لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار دەکەن، ٪55یان لە شەوان و ٪24یان هەرکاتێک دەرفەتیان هەبێت پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردێنن، ٪10یش گوتوویانە هەموو کاتێک بەکاریدێنن. هەڵبەت ئەوانەشی کار ناکەن، ٪47یان لە شەوان، ٪28یشیان هەر کاتێک دەرفەتیان هەبێت پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردێنن.

**گرافیک 29:**


نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی کار



بەپێی ئاستی خوێندەواری، تێکڕا لە سەرووی ٪50 شەوان ئینتەرنێت بەکاردێنن، بەڵام بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کە دەڵێن هەر کاتێک دەرفەتیان هەبێت ٪28ـە و لەنێو دوو چینی جیاوازە؛ ئەوانەی ئاستی خوێندەواریی سەرەتایی و کەمتریان هەیە لەگەڵ ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵان. هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بەڕێژەی ٪13 گوتوویانە هەموو کاتێک بەکاریدێنن.

**گرافیک 30:**

نیشاندەری وەختی بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی بڕوانامە




## 2.4 بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) لە هەرێمی کوردستان

ژمـارەی بەکارهێنەرانـی سۆشـیالمیدیا لـە جیهانـدا رووی لـە بەرزبوونەوەیـە و لـە مانگـی تەممـووزی ئەمسـاڵدا گەیشـتووەتە 4.7 ملیـار کـەس. لـە مـاوەی ساڵێکیشـدا 227 ملیـۆن بەکارهێنـەری نـوێ زیـادی کـردووە ([9]). لـە عێـراق، ژمـارەی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووک تاوەکـو سـەرەتای ئەمسـاڵ گەیشـتووەتە 18.82 ملیـۆن کـەس، ئـەو ژمارەیـە بـۆ ئینسـتاگرام گەیشـتووەتە 15.45 ملیـۆن کـەس، مەسـنجەر 16.15 ملیـۆن کـەس، لینکدیـن 1.40 ملیـۆن کـەس، سـناپچات 13.8 ملیـۆن کـەس و تویتەریـش 1.90 ملیـۆن کەسـە. دیـارە ئـەم ئامارانـە هەرێمـی کوردسـتانیش لەخۆدەگرێـت.

[9]https://datareportal.com/reports/digital-2022-july-global-statshot

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەشێوەیەکە کەوا ڕێژەی بەکارهێنانی فەیسبووک دەگاتە ٪88.9، بە پلەی دووەم مەسنجەر بەڕێژەی ٪73.2، بە پلەی سێیەمیش ئینستاگرام بەڕێژەی ٪70 هاتووە. نزمترین ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی دیجیتاڵ بۆ لینکدین بووە بەڕێژەی ٪1.5، بەدوایدا ماڵپەڕەکان دێن بە ٪11.2.


**گرافیک 31:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا، پارێزگای دهۆک بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە کەمترین بەکارهێنانی هەیە. بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆک کەمترین بەکارهێنانی فەیسبووک هەیە کە ٪76.5 تێناپەڕێنێ، لەکاتێکدا بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکان لە هەڵەبجەیە کە ٪24 بووە. بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی سناپچات لە هەولێرە کە ٪79.7 بووە و، بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی تویتەریش لە دهۆک بووە ٪27.8.


Research Center

**گرافیک 32:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی پارێزگاکان




ئەمـە لەسـەر ئاسـتی ئیـدارە سـەربەخۆکانیش جیاوازییەکـی گـەورەی نییـە، بـەڵام فەیسـبووک لـە سـۆران بەڕێـژەی ٪100. راپەڕیـن بـە رێـژەی ٪89.2، گەرمیـان بەڕێـژەی ٪86 و زاخـۆ بەڕێـژەی ٪69 فەیسـبووک بەکاردێنـن.

**گرافیک 33:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی ئیدارە سەربەخۆکان



بەپێی ئەنجامی ئەم راپرسییەی بەردەست، لەڕووی رەگەزەوە، رەگەزی مێ زیاتر لە رەگەزی نێر سناپچات و لینکدینیان بەکارهێناوە. هەروەها ٪93.7ی رەگەزی نێر و ٪76.7ی رەگەزی مێ فەیسبووک بەکاردەهێنن. ٪77.7ی رەگەزی مێ و ٪68.9ی رەگەزی نێر سناپچات و بۆ تیکتۆکیش ٪60.8ی رەگەزی نێر و ٪43.9ی رەگەزی مێ بەکاریدێنن. بەکارهێنانی ئینستاگرام تاڕادەیەک وەکو یەکە، بەشێوەیەک رەگەزی نێر دەگاتە ٪70.5 و رەگەزی مێ دەگاتە ٪68.9.

**گرافیک 34:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان




لـە بابەتـی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا بەپێـی تەمـەن، لـە هەمـوو تەمەنەکانـدا بەکارهێنانـی فەیسـبووک لـە سـەرووی ٪87ــە، لەگـەڵ هەڵکشـانی تەمـەن، بەکارهێنانـی ئامرازەکانـی پەیوەندیـی دیجیتاڵـی کەمتردەبێتـەوە. لەنێـو گرووپـی (18-24) سـاڵدا، بەکارهێنانـی سـناپچات زیاتـرە لـە ئینسـتاگرام کـە دەگاتـە ٪86.4، لەکاتێکـدا لەنێـو گرووپـی (25-34) سـاڵ بەکارهێنانـی سـناپچات کەمدەبێتـەوە بـۆ ٪72.8 و لەنێـو گرووپـی سـەرووی 35 ساڵیشـدا بـۆ ٪33.9 دادەبەزێـت.

بەکارهێنانـی ڤایبـەر تاڕادەیـەک لەنێـو هەمـوو گرووپەکانـی تەمەنـدا لەیـەک نزیکـە، بەشـێوەیەک لـە نێـو گرووپـی (18-24) سـاڵدا ٪68.6 و، لەنێـو گرووپـی (25-34) ساڵیشـدا بەرزدەبێتـەوە بـۆ ٪74.9 و دواتریـش لەنێـو گرووپـی سـەرووی 35 سـاڵدا کەمتـر دەبێتـەوە بـۆ ٪66.7. ئـەوەی جێـی سـەرنجە، لینکدیـن لەنێـو هەمـوو تەمەنەکانـدا کەمـە و بەرزتریـن ڕێـژەی بەکارهێنـان لـە نێـو گرووپـی تەمەنـی (18-34) دایـە کـە ٪2.3 یـە.


Research Center

**گرافیک 35:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی گرووپی تەمەن




لـەڕووی بـاری خێزانییـەوە، بەکارهێنانـی سۆشـیالمیدیا و ماڵپـەڕەکان دەگۆڕێـت، بەشـێوەیەک لەنێـو ئەوانـەی سـەڵتن، ڕێـژەی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە جیـاوازەکان بەرزتـرە بـەراورد بەوانـی دیکـە. لەنێـو ئەوانـەی هاوسـەردارن، لـەدوای فەیسـبووک بەرزتریـن ڕێـژەی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـی دیکـە، بـۆ مەسـنجەر و ڤایبـەرە، ئینجـا دوای ئەوانیـش ئینسـتاگرام دێـت. هەڵبـەت لەنێو ئەوانەی سـەڵتن، لـەدوای فەیسـبووک، سـناپچات و دواتریـش ئینسـتاگرام لەپێشـن. لەنێو ئەوانـەی جیابوونەتەوە، لـەدوای فەیسـبووک بەرزتریـن ڕێـژەی بەکارهێنـان بـۆ مەسـنجەرە و بەدوایشـیدا تیکتـۆک و تلیگـرام دێـن.

**گرافیک 36:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی باری خێزانی



بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، لەنێو ئەوانەی کار دەکەن و ئەوانەی کارناکەن جیاوازییەکی تارادەیەک کەمی هەیە. هەڵبەت بەکارهێنانی فەیسبووک لەنێو ئەوانەی کار دەکەن گەیشتووەتە ٪93.6 بەراورد بەوانەی کار ناکەن کە ٪79.3 یە و هەروەها بۆ ئەوانەشی کار ناکەن (ژنی ماڵەوە، یان قوتابی) ٪78.8 دەرکەوتووە. بەکارهێنانی تویتەر لەنێو ئەوانەی کارناکەن دەگاتە ٪26.4، بەڵام لەنێو ئەوانەی کار دەکەن دەگاتە ٪15.1. بەکارهێنانی سناپچات لەنێو ئەوانەی کار ناکەن دەگاتە ٪80.5، بەڵام لەنێو ئەوانەی کار دەکەن ٪60.9 بووە.


**گرافیک 37:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی پیشە و کار



لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، جیـاوازی لەنێـوان بەکارهێنەرانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە. بەشـێوەیەک ڕێـژەی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بەپێـی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی خوێنـدەواری و بڕوانامـە دەگـۆڕێ. لـەدوای فەیسـبووک، بەرزترین ڕێـژەی بەکارهێنـان بـە ٪84، لەنێـو هەڵگرانـی بڕوانامـەی ئامادەیـی بـۆ ئینسـتاگرام بـووە وەکـو لە گرافیکـی 15 دا هاتووە. لەنێو ئەوانەی ئاسـتی خوێندەوارییـان بەکالۆریـۆس و خوێندنـی باڵایـە، لـەدوای فەیسـبووک، مەسـنجەر و ڤایبـەر بەڕێـژەی ٪77.5 هاتـووە. یویتـوب لـە ئاسـتێکی نزیکـی یەکـدا ماوەتـەوە و لـە هەمـوو گرووپەکانـدا لـە سـەرووی ٪50 بەکاربـەری هەیـە.


Research Center

**گرافیک 38:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامە



لەڕووی ژینگەی شار و گوند، جیاوازییەکی گەورە لەنێو بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا نییە، بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی هەموو پلاتفۆرمەکان کەمدەبێتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، بەکارهێنانی ئینستاگرام لەنێو گوندنشیناندا ٪78.2 بووە، لەکاتێکدا لە ناوەندی پارێزگاکان ٪59.5 و لە قەزا و شارۆچکەکان ٪74.5 بووە. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی فەیسبووک لەنێو گوندنشینان بەرزترین ڕێژەی هەیە کە ٪95.9 بووە. بەهەمان شێوەش بەکارهێنانی ڤایبەر لەنێو گوندنشینان زیاترە لە شارەکان وەکو لە گرافیکی 16 دا دیارە.

**گرافیک 39:** نیشاندەری بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان) بەپێی ژینگەی دانیشتووان.




## 2.3 چالاکبوون یاخود زیاتر بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، چالاکبـوون (ئەکتیـڤ) لەنێـو پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، لـەدوای فەیسـبووک تـا ئاسـتێکی بەرچـاو کـەم دەبێتـەوە. بەشـێوەیەک لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪60.8 لـە فەیسـبووک چالاکـن، بـەدوای ئەویشـدا زۆر کـەم دەبێتـەوە و دەبێتـە نیـوە. رێژەکـە بـۆ سـناپچات دەبێتـە ٪36.3، ئینجـا ئینسـتاگرام ٪29.6، پاشـان تیکتـۆک بەڕێـژەی ٪28.8. کەمترینیشـی لیکندینە بەڕێـژەی 0.2 %.


Research Center

**گرافیک 40:** چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



بەپێـی گرافیکـی 41، بەرزتریـن ڕێـژەی چالاکبـوون لـە فەیسـبووک لـە پارێـزگای هەڵەبجەیـە بـە ٪72، ئینجـا بەرزتریـن ڕێـژەی چالاکبـوون لـە سـناپچات، تیکتـۆک و ئینسـتاگرام لـە پارێـزگای هەولێـرە، بۆ سـناپچات ٪45 و بـۆ تیکتـۆک ٪40.6 و بـۆ ئینسـتاگرام ٪33. هەروەهـا، نزمتریـن ڕێـژەی بەکارهێنانـی فەیسـبووک لـە پارێـزگای دهۆکـە کـە ٪46 زیاتـر نییـە.

**گرافیک 41:** چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی پارێزگاکان




لە ئیدارە سەربەخۆکانیش، لە سۆران ٪78.2 بووە، ئینجا لە گەرمیان ٪58، بەدوایدا لە راپەڕین ٪56.9. هەروەها لە دوای فەیسبووک سناپچات بەرزترین رێژەی چالاکبوونی تۆمار کردووە لەنێو پلاتفۆرمەکاندا.

Research Center


**گرافیک 42:**

چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە ئیدارە سەربەخۆکان



وەکـو لـە گرافیکـی 43 دا دیـارە، لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، بەکارهێنانـی فەیسـبووک و تیکتـۆک لەنێـو گوندنشـینان زیاتـرە بـەراورد بـە شارنشـینان.


**گرافیک 43:**
چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان



لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە (ئێستا لە کام لەم دیجیتاڵ پلاتفۆرمانەدا زیاتر چالاکی؟)، لەڕووی رەگەزەوە لە زۆربەی پلاتفۆرمەکاندا رەگەزی نێر زیاتر لە رەگەزی مێ (ئەکتیڤ) بووە جگە لە سناپچات و ئینستاگرام و ڤایبەر کە لەوانەدا رەگەزی مێ لە نێر چالاکترە. بۆ نموونە لە فەیسبووک رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪68.5 چالاک بووە، بەڵام رەگەزی مێ بەڕێژەی ٪41.8 چالاک بووە. بەرزترین رێژەی چالاکبوون لەنێو رەگەزی مێ بۆ سناپچات دەگاتە ٪46.7 و رەگەزی نێریش بەڕێژەی ٪32.1 تێیدا ئەکتیڤن. لە ئینستاگرام رەگەزی مێ بەڕێژەی ٪35.9 و رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪27.1 چالاکن. تیکتۆک پلاتفۆرمێکی دیکەیە کە تێیدا رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪33.6 و رەگەزی مێ بەڕێژەی ٪16.7 تێیدا چالاکن. لە بەکارهێنانی تۆڕی پەیوەندی وەک ڤایبەردا، رەگەزی مێ بەڕێژەی ٪18.3 چالاکن، بەڵام رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪10.9.

**گرافیک 44:**

ئەکتیڤبوونی بەشداربووان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی رەگەز




Research Center

لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە، جیاوازییـەکان لـە بەکارهێنـان یـان چالاکبـوون لەنێـو پلاتفۆرمـە جیاوازەکانـدا بەڕێـژەی بەرچـاو دەگۆڕێـت، بـۆ نموونە بەکارهێنانی فەیسـبووک لەنێـو گرووپی تەمەنی سـەروو 35 سـاڵدا دەگاتـە ٪76.3 و ئـەو ڕێژەیـە لـە هەمـوو تەمەنـە جیاوازەکانـی دیکـەدا زۆر بەرزتـرە، بـەڵام چالاکبـوون لەنێـو پلاتفۆرمەکانـدا بـۆ ئـەم گرووپـە بـەراورد بـە گرووپەکانـی دیکـە، لـە پلاتفۆرمەکانـی دیکـەدا زۆر کـەم دەبێتـەوە. بـۆ نموونـە بەکارهێنانـی یوتیـوب لەنێـو ئـەم گرووپـەدا ٪5.8 بـووە، لەکاتێکـدا لەنێـو گرووپـی (25-34) سـاڵدا بەڕێـژەی ٪8.7 و لەنێـو گرووپـی (18-24) سـاڵ بەڕێـژەی ٪9.3 بـووە. هەروەهـا لەنێـو گرووپـی تەمـەن (18-24) سـاڵدا بەرزتریـن ڕێـژەی چالاکبـوون لـەدوای فەیسـبووک بـۆ سـناپچات بـووە کـە ٪36.2 بـووە، بـەڵام لەنێـو گرووپـی تەمەنی (18-24) ساڵدا بەرزتریـن ڕێژەی چالاکبـوون کـە پێـش فەیسبووک کەوتـووە، لـە سـناپچات بەڕێـژەی ٪55.3 بـووە، دواى ئەویـش فەیسـبووک بەڕێـژەی ٪44.5 و پاشـان تیکتـۆک بەڕێـژەی ٪43.2.

**گرافیک 45:**


چالاکبوونی بەشداربووان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن.



لـەڕووی بـاری خێزانییـەوە، ئەوانـەی هاوسـەردارن بەڕێـژەی ٪71.9 زیاتـر لـە فەیسـبووک چالاکـن، ئەوانـەش کـە سـەڵتن بەڕێـژەی ٪45.9 گوتوویانـە لـەوێ چالاکترن.هەروەهـا بەکارهێنانـی تیکتۆک لەنێـو ئەوانەی جیابوونەتـەوە دەگاتـە ٪44.4 و بـە پلـەی یەکـەم دێـت. لەنێـو ئەوانـەی سـەڵتن، سـناپچات بـە ٪51.7 لـە پلـەی یەکـەم دێـت. لەنێـو ئەوانـەی هاوسـەردارن، لـەدوای فەیسـبووک، سـناپچات بەڕێـژەی ٪25 هاتـووە.

**گرافیک 46:**

چالاکبوونی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی




Research Center

لەڕووی پیشە و کارەوە، ئەوانەی کار دەکەن چالاکییان لە فەیسبووک زیاترە لەوانەی کار ناکەن. ڕێژەی چالاکبوون لە فەیسبووک لەنێو ئەوانەی کار دەکەن ٪68.8 بووە، بەڵام لەنێو ئەوانەی بێکارن ٪44.8 بووە و ئەوانەی کار ناکەن (ژنی ماڵەوە، یان قوتابی و نەخۆش) ٪44.1 بووە. بەڵام چالاکبوون لەنێو سناپچات لەنێو ئەوانەی کار ناکەن زیاترە لەوانەی کار دەکەن و ڕێژەکەی ٪47 بووە.


**گرافیک 47:**

چالاكی بەشداربووانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان بەپێی پیشە و كار



لەڕووی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەوە، چالاکبوون لەنێو فەیسبووک بۆ هەموو ئاستەکان نزیکە و لەنێوان ٪55 بۆ ٪60 بووە، بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی سناپچات لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بووە بە ٪47.7. تیکتۆک ٪36.6 بووە لەنێو ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی و ناوەندین، لەنێو هەڵگرانی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵاش، تویتەر ٪3.6 بووە وەکو لە گرافیکی 48 دیارە.

**گرافیک 48**: چالاکبوونی بەشداربووان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامە.



# 3


# ڕەفتاری بەکاربەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان

## 3.1 بڵاوکردنەوەی پەیام (پۆست) لە سۆشیالمیدیا

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە (چەند جار پەیام لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکەیتەوە؟) بەگوێرەی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە ٪70ی بەکاربەران لە کات و ساتی جیاوازدا پەیام بڵاودەکەنەوە، هەڵبەت بەڕێژەی ٪23.3یش گوتوویانە هەرگیز پەیام بڵاوناکەنەوە و تەنیا تەماشا دەکەن. ٪15.2ی بەکاربەران کاتێکی

دیاریکراویان نییە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام لە سۆشیالمیدیا، بەڵام ٪24.3 گوتوویانە مانگانە شتێک بڵاودەکەنەوە و ٪16یش هەفتەی جارێک، هەروەها ٪11 چەند رۆژێک جارێک و ٪5.9یش رۆژی جارێکیان هەڵبژاردووە. لێرەشەوە دەردەکەوێت کە ئەوانەی دەیانەوێ پەیامێك بڵاوبکەنەوە و لە ماوەی نێوان رۆژێك تاوەکو هەفتەیەکدا ئەو کارە دەکەن، زیاترن لە ٪32.


**گرافیک 49:** پشاندەری بڵاوکردنەوەی (پۆست) لە سۆشیالمیدیا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان



لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکان و ئیـدارە سـەربەخۆکان، بەرزترین رێـژەی ئەوانـەی هەرگیـز پەیـام بڵاوناکەنـەوە لـە پارێـزگای سـلێمانی بـووە بەرێـژەی ٪29.4. لەکاتێکـدا نزمتریـن رێـژەی ئەوانـەی مانگانـە پەیامێـک بڵاودەکەنـەوە، لـە پارێـزگای هەولێـر بـووە بەرێـژەی ٪35، بـۆ زانیـاری زیاتـری پارێـزگاکان بڕوانـە گرافیکـی 50.


**گرافیک 50:**

نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا لەسەر ئاستی پارێزگاکان




هەر لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەرگیز پەیام بڵاوناکەنەوە لە ئیدارەی گەرمیانە بەڕێژەی ٪32، بەدوایدا ئیدارەی سۆران و ڕاپەڕین دێن بەڕێژەی ٪27. هەروەها بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی ڕۆژانە زیاتر لە جارێک پەیام لە سۆشیالمیدیا بڵاودەکەنەوە، لە ئیدارەی زاخۆیە بەڕێژەی ٪7.2، لەکاتێکدا نزمترین ڕێژەی ئەوانەی مانگانە پەیامێک بڵاودەکەنەوە، لە ئیدارەی سۆرانە بەڕێژەی ٪38.

**گرافیک 51:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، ٪22.7ی گوندنشینان، ٪21.9ی دانیشتووانی قەزا و شارە بچووکەکان و ٪24.9 دانیشتووانی سەنتەری پارێزگاکان هەرگیز پەیام لە سۆشیالمیدیا بڵاوناکەنەوە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی ڕۆژی جارێک پەیام بڵاودەکەنەوە لەنێو گوندنشینان دەگاتە ٪7.27، بەڵام نزمترین ڕێژەی ئەوانەی مانگانە پەیامێک بڵاودەکەنەوە هەر لەنێو گوندنشینان دەگاتە ٪29.5 .

**گرافیک 52:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی ژینگەی دانیشتووان




لـەڕووی رەگـەزەوە، رەگـەزی مـێ زیاتـر لـە رەگـەزی نێـر پەیـام بڵاودەکەنـەوە لـە سۆشـیالمیدیا، رەگـەزی نێـر 21٪ و رەگـەزی مـێ 29٪ هەرگیـز پەیـام لـە سۆشـیالمیدیا بڵاوناکەنـەوە و تەنیا تەماشا دەکـەن. 27٪ی رەگـەزی نێر مانگانـە جارێـک پەیـام بڵاودەکەنـەوە، بـەڵام رەگـەزی مـێ بەرێـژەی 18٪ کاتێکـی دیاریکـراوی نییـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی پەیـام لـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا.

**گرافیک 53:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی رەگەز



لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە، بەپێی هەڵکشانی تەمەن بڵاوکردنەوەی پەیام کەمتر دەبێتەوە. ٪36ی ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 35 ساڵەوەیە هەرگیز پەیام لە سۆشیالمیدیا بڵاوناکەنەوە، لەکاتێکدا ٪2 یان رۆژی جارێک پەیام بڵاودەکەنەوە. هەردوو گرووپی تەمەنی 34-25 ساڵ و 24-18 ساڵ بەڕێژەی نزیکەی ٪25 و ٪26 مانگانە جارێک پەیام بڵاودەکەنەوە.


**گرافیک 54**: نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی گرووپی تەمەن



لەنێو ئەوانەش کە بێکارن یان کار دەکەن، بەرزترین رێژەی ئەوانەی رۆژی جارێک پەیام بڵاودەکەنەوە لەنێو ئەوانەدایە کە کار ناکەن، جا چ قوتابی بن یان ژنی ماڵەوە و نەخۆش، ئەوەش بەرێژەی ٪8.8 بووە، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی مانگانە پەیامێك بڵاودەکەنەوە بە ٪26 لەنێو ئەوانەدا بووە کە کار دەکەن. هەروەها بەرزترین رێژەی ئەوانەی هەرگیز پەیام بڵاوناکەنەوە لەنێو ئەوانەدا بووە کە بێکارن (قوتابی، ژنی ماڵەوە و نەخۆش) کە ٪29 بووە. بەدوایدا ئەوانەن کە کار دەکەن و ٪22 بووە. ئینجا ئەوانە دێن کە بێکارن بەرێژەی ٪16.


Research Center

**گرافیک 55:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی پیشە و کار



لـەڕووی بـاری خێزانـی، ئەوانـەی جیابوونەتـەوە، رۆژانـە هیـچ پەیامێـک بڵاوناکەنـەوە، بـەڵام ٪3.6ی ئەوانـەی هاوسـەردارن رۆژانـە پەیـام بڵاودەکەنـەوە، لەکاتێکـدا ئەوانـەی سـەڵتن بەڕێـژەی ٪9.2 رۆژانە پۆسـت بڵاودەکەنـەوە. بەرزتریـن رێـژەی ئەوانەشـی هەرگیـز پەیـام بڵاوناکەنـەوە، لەنێـو ئەوانەدایـە کـە هاوسـەردارن و ٪29.6 بـووە. نزمتریـن رێـژەی ئەوانـەی مانگانـە پەیامێـک بڵاودەکەنـەوە ٪33 بـووە و لەنێـو ئەوانـەدا بـووە کـە جیابوونەتـەوە.


**گرافیک 56:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی باری خێزانی



لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، زۆرترینـی ئەوانـەی هەرگیـز پەیـام بڵاوناکەنـەوە بەڕێـژەی ٪37.2 لەنێـو ئەوانەدایـە کـە ئاسـتی خوێندەواریـی سـەرەتایی و نزمتریـان هەیـە. زۆرترینـی ئەوانـەی ڕۆژی جارێـک پەیـام بڵاودەکەنـەوە، لەنێـو هەڵگرانـی بڕوانامـەی بنەڕەتـی/ ناوەندییـە بەڕێـژەی ٪7.8، بـەڵام کەمترینـی ئەوانـەی مانگانـە پەیامێـک بڵاودەکەنـەوە بەڕێژەی ٪28.8 لەنێـو ئەوانەیـە کـە هەڵگـری بڕوانامـەی ئامادەییـن. بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی کاتـی دیاریکراوییـان نییـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی پەیـام و پۆسـت لـە سۆشـیالمیدیا ئەوانـەن کـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلـۆم / پەیمانگـەن بـە ٪24.24.

**گرافیک 57:**


نیشاندەری بڵاوکردنەوە (پۆست) لە سۆشیالمیدیا بەپێی ئاستی بڕوانامە



## 3.2 بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا (شەیر)


لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، بەگشـتی ٪46ی خەڵکـی پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاوناکەنـەوە. ٪30یـان زۆر بـە کەمـی شـتی وا دەکـەن و ٪17یـش هەندێکجـار و ٪6یـش زۆرجـار پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاودەکەنـەوە.

**گرافیک 58:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، بەرزترینـی ئەوانـەی زۆرجـار پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاودەکەنەوە بەرێـژەی ٪12 لـە ئیـدارەی گەرمیانـە، بـەڵام بەرزترینـی ئەوانـەی زۆر کـەم پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاودەکەنـەوە، بەرێـژەی ٪41 لـە ئیـدارەی سـۆرانە. نزمتریـن رێـژەی ئەوانەشـی هەرگیـز پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاوناکەنـەوە لـە پارێـزگای دهۆکـە بـە ٪32.

**گرافیک 59:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانیشەوە، شارنشینان (سەنتەری پارێزگاکان و شارە گەورەکان) ٪81یان هەرگیز پەیامی کەسانی دیکە بڵاوناکەنەوە، لەکاتێکدا ٪25.9یان زۆر بەکەمی و ٪20یش هەندێ جار و ٪7یشیان پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە. گوندنشینان بەڕێژەی ٪4 زۆرجار پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە، بەڵام ٪33یان زۆر کەم پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە.

**گرافیک 60:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی ژینگەی دانیشتووان




سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی پەیامی کەسانی دیکە بەگوێرەی رەگەز، تاڕادەیەك بۆچوونی رەگەزی نێر و مێ لێکنزیکە. ٪47ی رەگەزی نێر و ٪45ی رەگەزی مێ هەرگیز پەیامی کەسانی دیکەیان بڵاونەکردووەتەوە، لەکاتێکدا هەردوو رەگەزەکە بەرێژەی ٪5 زۆرجار پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە و، بەرێژەی ٪29یش زۆر بە کەمی کاری وا دەکەن.

**گرافیک 61:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی رەگەز.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، هەموو گرووپەکانی تەمەن بەڕێژەی ٪45 بۆ ٪47 هەرگیز پەیامی کەسانی دیکە بڵاوناکەنەوە، تەنیا بەڕێژەی ٪5 بۆ ٪6 زۆرجار پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە.

**گرافیک 62:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی گرووپی تەمەن




لەڕووی باری خێزانییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەرگیز پەیامی کەسانی دیکە بڵاوناکەنەوە، ئەوانەن کەوا سەڵتن و ڕێژەیان دەگاتە ٪47، ئینجا هاوسەردار بەڕێژەی ٪46 و دوای ئەوانیش، ئەوانەی جیابوونەتەوە بەڕێژەی ٪33.3 دێن.

**گرافیک 63:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی باری خێزانی.




لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، زۆرتریـنی ئەوانـەی زۆرجـار پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاودەکەنـەوە بەڕێـژەی ٪6.8 لەنێـو ئەوانەیـە کـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلـۆم/ پەیمانگـەن، بـەڵام بەرزتریـن ڕێژەی ئەوانـەی زۆر کـەم پەیامـی کەسانی دیکـە بڵاودەکەنـەوە بـە ٪37 لەنێو هەڵگرانی بڕوانامـەی ئامادەییـن. لەکاتێکـدا بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی هەرگیـز پەیامـی کەسانی دیکـە بڵاوناکەنـەوە لەنێـو هەڵگرانی بڕوانامـەی دبلـۆم/ پەیمانگـەن بەڕێـژەی ٪50.

**گرافیک 64:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی ئاستی خوێندەواری



هەروەها، لەڕووی کار و پیشەوە، ئەوانەی کار ناکەن (ژنی ماڵەوە، قوتابی و نەخۆش) ٪49یان هەرگیز پەیامی کەسانی دیکە بڵاوناکەنەوە. ئەوانەشی کار ناکەن (بێکار) ٪8یان زۆرجار پەیامی کەسانی دیکە بڵاودەکەنەوە.


**گرافیک 65:** نیشاندەری بڵاوکردنەوە (شەیر)ی پەیامی کەسانی دیکە لە سۆشیالمیدیا بەپێی کار و پیشە



## 3.3 سەیرکردن و بەدواداچوونی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان


لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا بەڕێژەی ٪7.4 هەرگیز، بەڕێژەی ٪23.7 زۆر کەم و بەڕێژەی ٪31 هەندێک جار و بەڕێژەی ٪37.4 زۆرجار بەدواداچوون بۆ پەیامی هاوڕێکانیان دەکەن.

**گرافیک 66:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی هەرگیز سەیری پەیامی هاوڕێکانیان ناکەن لە ئیدارەی گەرمیانە بەڕێژەی ٪16، لەکاتێکدا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆرجار بەدواداچوونیان بۆ پەیامی هاوڕێکانیان کردووە لە پارێزگای دهۆکە بەڕێژەی ٪53.9، بەدوایدا ئیدارەی زاخۆ بەڕێژەی ٪52، ئینجا سۆران بەڕێژەی ٪49.

**گرافیک 67:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، نزمتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی هەرگیـز بەدواداچـوون و سـەیری پەیامـی هاوڕێکانیـان ناکـەن بـە ٪4.9 لەنێـو دانیشـتووانی قـەزا و شـارە بچووکـەکان بـووە. زۆرترینـی ئەوانـەی زۆرجـار سـەیری پەیامـی هاوڕێکانیـان دەکـەن شارنشـینن بەڕێـژەی ٪42.

**گرافیک 68:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان




ڕەگــەزی نێــر زیاتــر لــە ڕەگــەزی مــێ بەدواداچــوون بــۆ پەیامــی هاوڕێکانیــان دەکــەن، بەشــێوەیەک ڕەگــەزی نێــر، بژارەکانــی بەڕێــژەی ٪41.6 زۆرجــار، بەڕێــژەی ٪29 هەندێــک جــار، بەڕێــژەی ٪22.2 زۆر کــەم-یــان هەڵبــژاردووە. لــە بەرامبــەردا ڕەگــەزی مــێ بەڕێــژەی ٪27 زۆرجــار، بەڕێــژەی ٪35 هەندێــک جــار و، بەڕێــژەی ٪27 زۆر کــەم بەدواداچــوون بــۆ پەیامــی هاوڕێکانیــان دەکــەن.

**گرافیک 69:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ڕەگەز




لـەڕووی گرووپــی تەمەنــەوە، بـە هەڵکشـانی تەمـەن سـەیرکردن و بەدواداچــوون بـۆ پەیامـی هاوڕێ لـە پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا بەشـێوەیەکی بەرچاو کـەم دەبێتـەوە. تەمەنـی 18-24 سـاڵ بەرێژەی ٪44 و لـە تەمەنی 25-34 سـاڵ بەرێـژەی ٪39 و لـە تەمەنــی 35 سـاڵ بـەرەو سـەرەوە بەرێـژەی ٪29 زۆرجـار بەدواداچــوون بـۆ پەیامـی هاوڕێیانیـان دەکـەن.

**گرافیک 70:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن




هەروەها، لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی جیابوونەتەوە بەڕێژەی ٪44 زۆرجار بەدواداچوون بۆ پەیامی هاوڕێکانیان دەکەن، لەکاتێکدا ئەوانەی سەڵتن بەڕێژەی ٪43 و ئەوانەی هاوسەردارن بەڕێژەی ٪33 زۆرجار سەیری پەیامی هاوڕێکانیان ناکەن.

**گرافیک 71:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی




ئەوانـەی كارناكـەن (بێـكار) بەڕێـژەی ٤٤٪ زۆرجـار بەدواداچـوون و سـەیری پەیامـی هاوڕێكانیـان دەكـەن، لەكاتێكـدا ئەوانـەی كار دەكـەن بەڕێـژەی ٣٦٪ زۆرجـار بەدواداچـوون و سـەیری پەیامـی هاوڕێكانیـان دەكـەن.

**گرافیک 72:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیركردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان بەپێی كار و پیشە.



لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، زۆرتریـنی ئەوانـەی زۆرجـار سـەیری پەیامـی هاوڕێیانـیان کـردووە بەرێـژەی ٪44 بـووە لەنێـو هەڵگرانـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی باڵا، بـەڵام بەرزترین ڕێـژەی ئەوانـەی هەرگیـز سـەیری پەیامـی هاوڕێکانیان ناکـەن بەرێـژەی ٪11 لەنێـو ئەوانە بـووە کـە ئاسـتی خوێندەواریـی سـەرەتایی و نزمتریـان هەبـووە.


**گرافیک 73:** نیشاندەری بەدواداچوون و سەیرکردنی پەیامی هاوڕێیان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری.



## 3.4 بەدواداچوون بۆ بابەتی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ئەدەبی) لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان


لــە هەرێمــی کوردســتان، ٪77ی بەکاربەرانــی تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان بەدواداچــوون بــۆ بابەتــی کۆمەڵایەتــی دەکــەن. ٪53یــش بــۆ بەســەربردنی کات و یاریکــردن پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان بەکاردەهێنــن. دوای ئەویــش، ٪30 لەبــەر بابەتــە سیاســییەکان، ٪17.5 بــۆ بابەتــی ئەدەبــی و، ٪19 یــش بــۆ بابەتــی ئابــووری ســوودی لێدەبینــن.

**گرافیک 74:** بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، لـە ئیـدارەی سـۆران زۆرتریـن بەدواداچـوون بـۆ بابەتـە کۆمەڵایەتییەکانـە بەرێـژەی ٪98، بەدوایـدا پارێزگای هەڵەبجـە دێـت بەرێژەی ٪96، ئینجـا پارێـزگای سـلێمانی بەرێـژەی ٪90 دێـت. لـەڕووی بەدواداچـوون بـۆ بابەتـە سیاسـییەکان، ٪44 لـە پارێـزگای هەڵەبجەیـە، ئینجـا هەولێـر بەرێـژەی ٪33 دێـت. هەروەهـا، بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بـۆ بەسـەربردنی کات و یاریکـردن بەکاردەهێنـن بەرێـژەی ٪78 لـە ئیـدارەی زاخۆیـە.

**گرافیک 75:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان لە ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان



بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بەسەربردنی کات لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا بەرزترین ڕێژەی بەراورد بە بابەتە سیاسی، ئەدەبی و ئابوورییەکان داگیرکردووە. بەشێوەیەک لەڕووی ژینگەی دانیشتووان، لەنێو شارنشین و گوندنشیناندا بەڕێژەی سەرووی ٪70، بەدواداچوون بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت.

**گرافیک 76:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە




لـەڕووی ڕەگـەزەوە، ٧٦٪ لـە ڕەگـەزی نێـر و ٨٠٪ لـە ڕەگـەزی مـێ بەدواداچـوون بـۆ بابەتـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن. ڕەگـەزی نێـر بەڕێـژەی ٥٤٪ و ڕەگـەزی مـێ بەڕێـژەی ٤٩٪ بـۆ بەسـەربردنی کات پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانیـان بەکارهێنـاوە. لەهەمـان کاتـدا ڕەگـەزی نێـر تەنیـا بەڕێـژەی ٣٦٪ و ڕەگـەزی مـێ بەڕێـژەی ١٦٪ بەدواداچوونیـان بـۆ بابەتـی سیاسـی کـردووە.

**گرافیک 77:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان بەپێی ڕەگەز




لەڕووی تەمەنەوە، بە هەڵکشانی تەمەن بەدواداچوون بۆ بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری زیاتر بووە و بەپێچەوانەوە بۆ کاتبەسەربردن کەمتر بووەتەوە. ٪46.7ی ئەوانەی سەرووی 35 ساڵن کەڵکەڵەی بابەتی سیاسییان لەسەردایە، بەڵام لە گرووپی 24-18 ساڵیدا ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٪7.8. هەڵبەت لە گرووپی 34-25 ساڵیدا ئەوە بۆ نزیکەی ٪30 بەرز دەبێتەوە.

**گرافیک 78:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان بەپێی گرووپی تەمەن




لەڕووی باری خێزانییەوە، بەدواداچوون بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو ئەوانەی جیابوونەتەوە بەڕێژەی ٪100بووە، لەکاتێکدا لەنێو ئەوانەی هاوسەردارن ٪82.4 و لەنێو سەڵتەکان ٪70 بووە. بەدواداچوون بۆ بابەتە سیاسییەکان لەنێو ئەوانەی جیابوونەتەوە ٪44 بووە، لەکاتێکدا لەنێو ئەوانەی هاوسەردارن ٪38.6 و لەنێو سەڵتەکان ٪19.8 بووە. بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بەسەربردنی کات و یاریکردن لەنێو سەڵتەکان بەرزترین ڕێژەیە کە ٪71 و لەنێو هاوسەرداران ٪40 بووە.

**گرافیک 79:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان بەپێی باری خێزانی




لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی بەدواداچوونیـان بـۆ بابەتـی کۆمەڵایەتـی کـردووە، ٪83 لەنێـو هەڵگرانـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی باڵا بـوون، لەکاتێکـدا بەرزتریـن ڕێژەی ئەوانـەی بـۆ کاتبەسـەربردن و یاریکـردن پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانیـان بەکارهێنـاوە، ٪63 لەنێـو هەڵگرانـی بڕوانامـەی بنەڕەتـی/ ناوەندیـن. لـە بەرامبـەردا، نزمتریـن ڕێژەی بەدواداچـوون بـۆ بابەتـە سیاسـییەکان لەنێـو ئەوانەدایـە کـە ئاسـتی خوێنـدەواری بنەڕەتـی و نزمتریـان هەیـە و ٪26 بوونـە.

**گرافیک 80:** بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان بەپێی ئاستی بڕوانامە



لەڕووی پیشە و کارەوە، هەرسێ گرووپی بێکار، ئەوەی کارناکات لەگەڵ ئەوەشی کە کار دەکات، بە پلەی یەکەم، لە سەرووی 75٪ بەدواداچوون بۆ بابەتە کۆمەڵاتییەکان دەکەن، ئینجا لە سەرووی 50٪ بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کاتبەسەربردن دەکەن و دوای ئەوەش توخنی بابەتە سیاسییەکان دەکەون. هەڵبەت ئەوانەی کاردەکەن زیاتر حەزیان لە سیاسەتە.


**گرافیک 81:** نیشاندەری بەدواداچوونی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ بابەتەکان بەپێی پیشە و کار



## 3.5 چ بابەتێک لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرنج رادەکێشێ


بۆ تێگەیشتن لە شێوازی ئەو بابەتانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بڵاودەبنەوە و سەرنج رادەکێشن، پرسیارمان کرد کە چ شێوازێك زیاتر سەرنج رادەکێشێ. بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان وەکو لە وەڵامەکاندا دیارە، ٪88.7 یان ڤیدیۆ، ٪48.3 یان نووسینی کورت، ٪27.7 یان وێنە، ٪24.3 یان دەنگ و ٪19یشیان نووسینی درێژ سەرنجیان رادەکێشێ.

**گرافیک 82:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی ڤیدیۆ سەرنجیان رادەکێشێ، بەڕێژەی ٪94 لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی گەرمیانن، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە نووسینی کورت سەرنجیان رادەکێشێ لە پارێزگای سلێمانییە بە ٪64 و، بەدوایشیدا پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی ٪60 دێت.

**گرافیک 83:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان



هەروەها، لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە، گوندنشینان بەڕێژەی ٪92.7 ڤیدیۆ، ٪24.5 دەنگ، ٪20.45 وێنە، ٪35.9 نووسینی کورت و ٪15.9 نووسینی درێژ سەرنجی راکێشاون، بەڵام دانیشتووانی (سەنتەری پارێزگا و شارە گەورەکان) بەڕێژەی ٪87.6 ڤیدیۆ، ٪23.3 دەنگ، ٪28.9 وێنە، ٪48.9 نووسینی کورت و ٪17.9 نووسینی درێژ سەرنجی راکێشاون.


**گرافیک 84:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان



هەر لەو وەڵامانەدا دەرکەوتووە، لەنێو ڕەگەزی مێ ٪89 و لە ڕەگەزی نێریش ٪88 ڤیدیۆ سەرنجیان رادەکێشن. بەڕێژەی ٪25 بۆ ڕەگەزی نێر و ٪33 بۆ ڕەگەزی مێ وێنە سەرنجیان رادەکێشن. هەروەها، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪46 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪51 نووسینی کورتیان بەدڵە، بەڵام ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪18 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪20 نووسینی درێژ سەرنجیان رادەکیشێت. بۆ بڵاوکراوە دەنگییەکان، ڕێژەی ٪23 لە ڕەگەزی نێر و ڕێژەی ٪25 لە ڕەگەزی مێ، بڵاوکراوەی دەنگی سەرنجیان رادەکێشن.


**گرافیک 85:**

نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ڕەگەز




لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە تارادەیەک بەهەمان شێوەیە و ڤیدیۆ و نووسینی کورت سەرنجی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت رادەکێشن، بەڵام بە هەڵکشانی تەمەن، رێژەی ئەوانەی نووسینی کورت سەرنجیان رادەکێشن زیاتر دەبن و دەگاتە ٪50.

**گرافیک 86:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن



لەڕووی باری خێزانییەوە، سەڵتەکان بەڕێژەی ٪90 ڤیدیۆ، ٪45 نووسینی کورت، ٪27 وێنە و ٪28 بڵاوکراوەی دەنگی سەرنجی ڕاکێشاون، لەکاتێکدا ئەوانەی هاوسەردارن بەڕێژەی ٪87 ڤیدیۆ و ٪50 نووسینی کورت و ٪18 نووسینی درێژ سەرنجیان ڕادەکێشێ.


**گرافیک 87:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی



بەگشـتی ئەوانـەی کار دەکـەن و کار ناکـەن بەڕێـژەی ٪80 ڤیدیـۆ و بەڕێژەی ٪40یـش نووسـینی کـورت سـەرنجی ڕاکێشـاون. لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، لەنێـو ئەوانـەی هەڵگـری بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵان، ٪31 یـان نووسـینی درێژ، ٪63.7 یـان نووسـینی کـورت و ٪86یشـیان ڤیدیـۆ سـەرنجیان ڕادەکێشـن.


**گرافیک 88:**

نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی کار و پیشە.



لەڕوویەکــی دیکــەوە، ئەوانــەی ئاســتی خوێندەوارییــان ســەرەتایی و کەمتــرە، ٪90یــان ڤیدیــۆ و ٪32یــان نووســینی کــورت ســەرنجیان رادەکێشــێ.


**گرافیک 89:** نیشاندەری سەرنجڕاکێشانی بابەتەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی بڕوانامە.



## 3.6 متمانە بەنێوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکان)


بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ٪38.9ی خەڵکی متمانەیان بەنێوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا نییە، بەڵام ٪32.3ی خەڵک متمانەیان بەنێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان هەیە و ٪28.6 یش بێلایەنییان هەڵبژاردووە .

**گرافیک 90:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان بە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرترینـی ئەوانـەی متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتەکانـی نـاو سۆشـیالمیدیا نییـە لـە ئیـدارەی زاخـۆن بەڕێـژەی ٪60 و بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی ئـەو بابەتانـە هەیـە لـە پارێـزگای هەڵەبجـەن بەڕێـژەی ٪56، لەهەمـان کاتـدا زۆرترینـی ئەوانـەی خۆیـان یەکلانەکردووەتـەوە بەڕێـژەی ٪40 لـە ئیـدارەی سـۆرانە. ئەگـەر هـەردوو بەشـی (زۆر متمانەم پێیـە) و (متمانەم پێیـە) لێکبدەیـن، بۆمـان دەردەکـەوێ لـە دهـۆك، سـلێمانی، هەڵەبجـە و هەولێـر ئاسـتی متمانـە بـەو بابەتانـە زۆرە کـە لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـان بڵاودەکرێنـەوە.

**گرافیک 91:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووان، بەگشتی زۆرترینی ئەوانەی متمانەیان بەنێوەڕۆکی ئەو بابەتانە نییە گوندنشینن بەڕێژەی ٪41، لە بەرامبەردا ئەوانەی متمانەیان بەنێوەڕۆکی ئەو بابەتانە هەیە دانیشتووی سەنتەری پارێزگا و شارە گەورەکانن بەڕێژەی ٪36.4.

**گرافیک 92:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ژینگەی دانیشتووان




ڕەگـەزی نێـر زیاتـر لـە ڕەگـەزی مـێ متمانـەی بـە نێوەڕۆکـی بابەتەکانـی نێـو سۆشـیالمیدیا نییـە، لـە ڕەگـەزی نێـر ٪10.3 بەتـەواوی متمانـەی پێیـان نییە و ٪30.2 یـان متمانەیـان پێیـان نییـە، لەکاتێکـدا ڕەگـەزی مـێ تەنیـا بەڕێـژەی ٪3.5 بەتـەواوی متمانـەی پێیـان نییـە و ٪27 متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان هەیـە.

**گرافیک 93:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ڕەگەز.




لـەڕووی ئاسـتی تەمەنـەوە، لەنێـو گرووپـی تەمەنـی (18-24) سـاڵ بەڕێـژەی ٪42.2، لەنێـو گرووپـی (25-34) سـاڵ بەڕێـژەی ٪37.7 و ئەوانـەی تەمەنیـان لـە سـەرووی 35 سـاڵەوەیە، بەڕێژەی ٪36 متمانەیان بـە ناوەڕۆکـی ئـەو بابەتانـە نییـە. لەلایەکـی دیکـەوە، بەرزترین ڕێـژەی ئەوانـەی متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان هەیە لـە گرووپـی (25-34) سـاڵییە بەڕێـژەی ٪35.3.

**گرافیک 94:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە یجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن.




لـەڕووی بـاری خێزانیشـەوە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی متمانەیـان بـە نێوەڕۆکـی بابەتەکانـی سۆشـیالمیدیا نییـە سـەڵتەکانن بەڕێـژەی ٪42، لەکاتێکـدا زۆرترینـی ئەوانـەی متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان هەیـە لەنێـو ئەوانەدایـە کـە جیابوونەتـەوە و ڕێژەیـان ٪44.4 بـووە.

**گرافیک 95:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزان.




لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار ناکەن (بێکار) بە ٪40، بەرزترین ڕێژەی ئەوانە پێکدێنن کە متمانەیان بە نێوەڕۆکی ئەو بابەتانە نییە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی (بەتەواوی) متمانەیان بەنێوەڕۆکی بابەتەکان هەیە بە ٪5.7 لەنێو ئەوانەدا بوو کە بێکارن.

**گرافیک 96:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بەپێی کار و پیشە.



لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، بەرزترینـی ئەوانـەی هەرگیـز متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتەکانـی پلاتفۆرمـی دیجیتاڵـی نییـە، ئەوانـەن کـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلـۆم/ پەیمانگـەن، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی متمانەیـان نییـە، ئەوانـەن کـە ئاسـتی خوێندەوارییـان سـەرەتایی و نزمـترە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانەشـی زۆر متمانەیـان بـە نێوەڕۆکـی بابەتـەکان هەیـە، بەڕێـژەی ٪4.55 هەڵگرانـی بڕوانامەی دبلۆم/پەیمانگـەن، هەروەها بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی تەنیا متمانەیـان بەنێوەڕۆکـی بابەتـەکان هەیـە، هەڵگرانـی بڕوانامـەی خوێندنـی بـاڵا و بەکالۆریۆسـن بەڕێـژەی ٪35.


**گرافیک 97:** نیشاندەری متمانە بە نێوەڕۆکی بڵاوکراوەکان لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری.



# 3.7 لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتییە سیاسییەکان

بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪54.7 هەرگیز، ٪21.6 زۆرکەم، ٪14.2 هەندێکجار و ٪9.3 زۆرجار، بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لایکی پەیجی کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەن.


**گرافیک 98:** لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.



لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانیان نەکردووە لە ئیدارەی زاخۆ ٪63 بووە، بەدوایدا لە پارێزگای سلێمانی ٪62 بووە. بەڵام ئەوانەی زۆرجار لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان دەکەن، بەرزترینی لە ئیدارەی سۆران ٪12.7 بووە. ئەوانەشی هەندێکجار لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەن، بەرزترینی لە پارێزگای هەڵەبجە ٪24 بووە. بەهەمان شێوە ئەوانەی زۆر کەم لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان دەکەن، بەرزترینی لە ئیدارەی ڕاپەڕین بەڕێژەی ٪36.9 بووە.


Research Center

**گرافیک 99:** لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، زۆرترینی ئەوانەی هەرگیز پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان لایک ناکەن دانیشتووانی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانن بەڕێژەی ٪59، لە بەرامبەردا ئەوانەی زۆرجار لایکی ئەو پەیجانە دەکەن دانیشتووانی قەزا و شارە بچووکەکانن بەڕێژەی ٪11.6.

**گرافیک 100:** لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی ژینگەی دانیشتووان




بەگشتی و لەڕووی ڕەگەزەوە، ئەوانەی هەرگیز لایکی پەیجی سەرکردە و کەسایەتییە سیاسییەکانیان نەکردووە لە ڕەگەزی نێر ٪48.8 و لە ڕەگەزی مێ ٪69 بووە. ئەوانەشی زۆر کەم لایکیان کردووە، لە ڕەگەزی نێر ٪23.8 و لە ڕەگەزی مێ ٪16 بوون. ئەوانەی زۆرجار لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتییە سیاسییەکانیان کردووە لە ڕەگەزی نێر ٪11 و لە ڕەگەزی مێ ٪4.5 بوون.

**گرافیک 101:** لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی ڕەگەز



لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەرگیز لایكی پەیجی سیاسەتڤان و كەسایەتییە سیاسییەكانیان نەكردووە لە گرووپی (18-24) ساڵە بەڕێژەی ٪61.5، لەكاتێكدا ئەوانەی زۆرجار لایكی پەیجی سیاسەتڤان و كەسایەتی سیاسییان كردووە بە ٪11.8 لە گرووپی تەمەنی سەرووی 35 ساڵ بوون.

**گرافیك 102:** لایكی پەیجی كەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی گرووپی تەمەن




لەڕووی باری خێزانییەوە ئەوانەی زۆر جار لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتی سیاسی دەکەن، ئەوانەن کە جیابوونەتەوە و 33٪ پێکدێنن، لەبەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەرگیز لایکی پەیجی سیاسەتڤان و کەسایەتی سیاسییان نەکردووە، سەڵتن بەڕێژەی 56.7٪.

**گرافیک 103**: لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی باری خێزانی




لـەڕووی پیشـە و کارەوە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی هەرگیـز لایکـی پەیجـی کەسـایەتی سیاسـی و سیاسـەتڤانیان نەکـردووە، ئەوانـەن کـە کار ناکـەن بەڕێـژەی ٪57، لەکاتێکـدا ئەوانـەی زۆرجـار لایکـی پەیجـی کەسـایەتی سیاسـی و وسیاسـەتڤانان دەکـەن ئەوانـەن کـە بێـکارن و ڕێژەکـەی ٪12.6 بـووە.

**گرافیک 104:** لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی کار و پیشە.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆر کەم لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان دەکەن ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم/ پەیمانگەن بەڕێژەی ٪31، هەروەها ئەوانەی زۆرجار لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان دەکەن ئەوانەن کەوا هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین بەڕێژەی ٪10.


**گرافیک 105**: لایکی پەیجی کەسایەتی سیاسی و سیاسەتڤانان بەپێی ئاستی خوێندەواری.



## 3.8 بەدواداچوون بۆ دەرکەوتنی پۆست لەسەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان


لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪38.7ی بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییـەکان هەرگیـز بەدواداچـوون بـۆ ئـەو بڵاوکراوانـە ناکـەن کـە لەسـەر دیوارەکەیـان دەردەکەوێـت. ٪31 زۆر کـەم و ٪24.9 هەندێـک جـار و ٪5.2 زۆرجـار بەدواداچـوون دەکـەن.

**گرافیک 106:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەرگیز بەدواداچوون بۆ ئەو پۆستانە ناکەن کە لەسەر واڵەکەیان دەردەکەون، بەڕێژەی ٪72 لە ئیدارەی زاخۆیە، ئینجا پارێزگای هەولێر بەڕێژەی ٪48 دێت. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆر کەم بەدواداچوون دەکەن لە سۆرانن بەڕێژەی ٪40. لایەکی دیکەوە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆرجار بەدواداچوون دەکەن لە پارێزگای هەڵەبجەن کە ڕێژەیان ٪24 بووە.

**گرافیک 107:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، ٪50ی گوندنشـینان هەرگیـز بەدواداچـوون بـۆ ئـەو پۆسـت و بڵاوکراوانـە ناکـەن کـە لەسـەر واڵەکەیان دەردەکـەون، لەکاتێکـدا دانیشـتووانی سـەنتەری پارێـزگا و شـارە گـەورەکان بەرێـژەی ٪6 بەدواداچــوون بــۆ ئــەو پۆســتانە دەکــەن.

**گرافیک 108:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە



لەڕووی ڕەگەزەوە، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪42 و مێ بەڕێژەی ٪30.7 هەرگیز بەدواداچوون بۆ ئەو بڵاوکراوانە ناکەن کە لەسەر دیوارەکەیان دەردەکەون. لەکاتێکدا ٪1.7 لە ڕەگەزی نێر و ٪6.5 لە ڕەگەزی مێ زۆرجار بەدواداچوونیان کردووە.


**گرافیک 109:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ڕەگەز



Research Center


لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، ئەوانەی هەرگیز بەدواداچوونیان بۆ پۆستەکان نەکردووە بە هەڵکشانی تەمەن زیاتر دەبن. هەروەها بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆر کەم بەدواداچوون بۆ پۆستی سەر پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەکەن لە گرووپی تەمەنی سەروو 35 ساڵیدان، بەڵام ئەوانەی زۆرجار بەدواداچوون دەکەن لە گرووپی (18-24)ساڵیدان بەڕێژەی ٪5.7.

**گرافیک 110:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی گرووپی تەمەن.




لەڕووی باری خێزانییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی زۆرجار بەدواداچوون بۆ ئەو پۆستانە دەکەن کە لەسەر واڵەکەیان دەردەکەوێت، ئەوانەن کە جیابوونەتەوە و ڕێژەیان ٪11 بووە. لەکاتێکدا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەندێک جار بەدواداچوونیان کردووە، سەڵتەکانن کە ڕێژەیان ٪27 بووە.

**گرافیک 111:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی باری خێزانی




لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، زۆرترینی ئەوانەی هەرگیز بەدواداچوون بۆ پۆستەکانی ناو سۆشیالمیدیا ناکەن، ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان سەرەتایی و نزمترە، یان هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایین. بەپێچەوانەوە ئەوانەی زۆرجار بەدواداچوونیان بۆ پۆستەکان کردووە، لەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵان.

**گرافیک 112:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی ئاستی بروانامە.



هەروەها ئەوانەی زۆر کەم بەدواداچوون بۆ ئەو پۆستانە دەکەن، ئەوانەن کە کار ناکەن (ژنی ماڵەوە و نەخۆش و قوتابی) کە بەڕێژەی 31.8٪ دەرکەوتوون، ئەوانەشی زۆرجار بەدواداچوون دەکەن، بەڕێژەی 5.6٪ ئەوانەن کەوا کار دەکەن.

**گرافیک 113:** بەدواداچوونی پۆست و بڵاوکراوەکانی سەر لاپەڕەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەپێی کار و پیشە.




Research Center

## 3.9 بەکارهێنانی ئامرازی دیکە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری

بـۆ زانینـی ئـەوەی کـە ئایـا بەکاربـەری پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان تـا چەنـدە کەنـاڵ و ئامرازەکانـی دیکـەی ڕاگەیانـدن بـۆ وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری بەکاردێنـن، پرسـیارمان لـە بەشـداربووان کـرد.


بەپێـی ئەم ڕاپرسـییە، لەسـەر ئاسـتی هەرێمی کوردسـتان، لـە دەرەوەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، تەلەفزیـۆن بەرێـژەی ٪47.5، ڕادیـۆ ٪6.4 و ڕۆژنامـە بەرێـژەی ٪1.7 سـەرچاوەی هـەواڵ و زانیاریـن. هەڵبـەت ٪51.3ی بەشـداربووان، واتـا لانیکـەم لـە دوو کـەس کەسـێك، هیچـکام لـەو سـێ سـەرچاوەیە بـۆ وەرگرتنـی هـەواڵ و زانیـاری بەکارناهێنـن.

**گرافیک 114:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان




لـە پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرتریـنـی ئەوانـەی هیچـکام لـە تیڤـی، رادیـۆ و رۆژنامـە وەک سـەرچاوەی هـەواڵ بەکارناهێنـن، لـە ئیـدارەی سـۆران بەرێـژەی ٪65.4 بـووە، بەدوایـدا هەولێـر بەرێـژەی ٪58 دێـت، ئینجا ئیـدارەی گەرمیـان بەرێژەی ٪56. هەروەهـا، زۆرتریـنـی ئەوانـەی تیڤـی لـە دەرەوەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان وەک سـەرچاوەی هـەواڵ بەکاردەهێنـن، لـە پارێـزگای سـلێمانی و هەڵەبجەن بەرێـژەی ٪60، بەدوایـدا پارێزگای دهـۆک دێـت بەرێـژەی ٪47.3. زۆرتریـنـی ئەوانـەی رادیـۆ وەک سـەرچاوەی هـەواڵ بەکاردەهێنـن لـە سـلێمانین بەرێـژەی ٪12.55، هەروەهـا بەرزتریـن رێـژەی بەکارهێنانـی رۆژنامـەش وەك سـەرچاوەی هـەواڵ لـە پارێـزگای دهـۆکـە بەرێـژەی ٪4.7.

**گرافیک 115:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




دانیشتووانی (پارێزگا و شارە گەورەکان) بەڕێژەی ٪49.4 تیڤی، بەڕێژەی ٪6.7 رادیۆ و بەڕێژەی ٪2 رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەکاردەهێنن، بەڵام بەڕێژەی ٪48.7 هیچکامیان بەکارناهێنن. لەنێو گوندنشینان بەڕێژەی ٪48 تیڤی و بەڕێژەی ٪5.4 رادیۆ و بەڕێژەی ٪0.4 رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەکاردەهێنرێت. لەنێو گوندنشینانیش، بەڕێژەی ٪51.3 لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هیچکام لەو ئامرازانە وەک سەرچاوەی هەواڵ سوودیان لێوەرناگیرێ.

**گرافیک 116:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی ژینگەی دانیشتووان




رەگـەزی نێـر بەڕێـژەی ٪46.7 و رەگـەزی مـێ بـە ٪49.6 تەلەفزیـۆن وەك سـەرچاوەیەكی هـەواڵ بەكاردەهێنـن، هەروەهـا رەگـەزی نێـر بەڕێـژەی ٪6.5 و رەگـەزی مـێ بەڕێـژەی ٪6.2 رادیـۆ بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەكاردەهێنـن. بـۆ رۆژنامـەش رێژەكـە هـەر بـەو ریزبەندییـە ٪1.8 بـە ٪1.6 بـووە. بەڕێـژەی ٪51.9 لـە رەگـەزی نێـر و ٪49.6 لـە رەگـەزی مـێ، هیچـكام لـەو ئامرازانـە وەك سـەرچاوەی هـەواڵ و زانیـاری بەكارناهێنـن.

**گرافیک 117:** نیشاندەری بەكارهێنانی تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی رەگەز.




لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە، بەرزترین ڕێـژەی ئەوانـەی هیچـکام لـە ئامرازەکانـی وەک (ڕۆژنامـە، رادیـۆ، تیڤـی) وەك سـەرچاوەی هـەواڵ بەکارناهێنـن، لەگرووپـی تەمەنـی (18-24) سـاڵە بەڕێـژەی ٪69.35. بەرزترین ڕێـژەی ئەوانـەی تەلەفزیـۆن بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەکاردێنـن، لـە گرووپـی تەمەنـی سـەروو 35 سـاڵ بەڕێـژەی ٪73.6 بـووە. بەدوایـدا گرووپـی تەمەنـی (25-34) بەڕێـژەی ٪42.8 و، دوای ئەوانیـش گرووپـی (18-24) سـاڵ بەڕێـژەی ٪29.4 دێـت. لەنێـو گرووپـی تەمـەن (18-24) سـاڵدا بەڕێـژەی ٪2.2 رادیـۆ و بەڕێـژەی ٪1.7 ڕۆژنامـە وەک سـەرچاوەی دیکـەی هـەواڵ بەکاردێـت.

**گرافیک 118:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و ڕۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی گرووپی تەمەن.




لـەڕووی بـاری خێزانییـەوە بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی لـە دەرەوەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان، تیڤـی وەک سـەرچاوەی هـەواڵ بەکاردێنـن، بەڕێـژەی ٪58.3 ئەوانـەن کـە هاوسـەردارن. بەدوایـدا ئەوانـەن کـە جیابوونەتـەوە و ڕێژەکەیـان ٪55.6 بـووە. ئینجـا بەڕێـژەی ٪32.8 ئەوانـە دێـن کـە سـەڵتن. سـەبارەت بەوانـەی کـە هیچـکام لـەو ئامرازانـە وەك سـەرچاوەی هـەواڵ بەکارناهێنـن، سـەڵتەکان بەڕێـژەی ٪66.2، هاوسـەرداران بەڕێـژەی ٪40.3 و ئەوانـەی جیابوونەتـەوە بەڕێژەی ٪44.4 دەرکەوتـوون.

**گرافیک 119:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، ڕادیۆ و ڕۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی باری خێزانی




لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی تیڤی وەک سەرچاوەی هەواڵ بەکاردەهێنن ئەوانەن کە ئاستی خوێندەواری سەرەتایی و نزمتریان هەیە بەڕێژەی ٪58، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، هیچکام لە (تیڤی، رادیۆ و ڕۆژنامە) وەک سەرچاوەی هەواڵ بەکارناهێنن، ئەوانەن کەوا هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین بەڕێژەی ٪60.6.

**گرافیک 120**: نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و ڕۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی ئاستی خوێندەواری



لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار دەکەن بەڕێژەی ٪48 تیڤی، بەڕێژەی ٪8.45 رادیۆ و بەڕێژەی ٪1.8 رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام بەڕێژەی ٪49.8 هیچکام لەو سێ ئامرازە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەکارناهێنن. ئەوانەشی کار ناکەن، بەڕێژەی ٪62 هیچکام لەو ئامرازانە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەکارناهێنن.

**گرافیک 121:** نیشاندەری بەکارهێنانی تیڤی، رادیۆ و رۆژنامە وەک سەرچاوەی هەواڵ بەپێی پیشە و کار




## 3.10 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سەرچاوەیەک بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان

پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان گۆڕانکاری گەورەیان لە گواستنەوەی زانیاری و شێوازی گەیاندن و تەنانەت کاتی ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان درووستکردووە. بەشێوەیەک کاریگەریی میدیا باوەکانی (ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تیڤی)یان تێپەڕاندووە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دوورکەوتنەوەی بەرچاو لە ڕاستی و درووستیی زانیاری هەیە. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵی دیجیتاڵ 2022ی پەیمانگەی ڕۆیتەرز بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەڤانی "گۆڕانکاری لە وەرگرتن یان گرنگیدان بە هەواڵ، بەشێوەیەکە کە ئەوانەی گوتوویانە هەندێک جار و هەندێک کات گرنگی بە هەواڵ نادەن، زیادی کردووە، بۆ نموونە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی ئەوانەی گرنگی بە هەواڵ نادەن بووەتە دووهێندە، لەسەر ئاستی وڵاتانیش، بۆ نموونە لە بەڕازیل گەیشتووەتە ٪54 و لە بەریتانیا گەیشتووەتە ٪46."، لە بەرامبەردا دەستکەوتنی هەواڵ لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانەوە زیادی کردووە.


لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ڕێژەیەکی بەرز کە دەگاتە ٪94، پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بووەتە شوێنێك بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی دەوروبەر و تەنیا ٪4 پێچەوانەی ئەوە بیردەکەنەوە.

**گرافیک 122**: نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا بوون پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوە بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی ناوچەکە، لە ئیدارەی سۆران بەڕێژەی 100٪ بووە، لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژەی ئەوانەی هەمان رایان هەبووە، لە ئیدارەی زاخۆ بەڕێژەی 87٪ بووە.

**گرافیک 123:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان




لــەڕووی ژینگــەی دانیشتووانیشــەوە، چ شارنشــین و چ گوندنشــین بەڕێـژەی سـەرووی ٪90 لەگەڵ ئەوەدا بوون کـە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشـیالمیدیا) بوونەتـە سـەرچاوە بـۆ ئاگاداربـوون لـە ڕووداوەکان.

**گرافیک 124**: نیشاندەری كاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان لەسەر ئاگاداربوون لەڕووداوەكان بەپێی ژینگەی دانیشتووان




ڕەگـەزی نێـر زیاتـر لـە ڕەگـەزی مێ لەسـەر ئـەو ڕایە بوون کـە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە ئامرازی سەرەکیی ئاگاداربوون لەڕووداوەکان.

**گرافیک 125:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان بەپێی ڕەگەز




لـەڕووی گرووپــی تەمەنیشــەوە، زۆرترینــی ئەوانــەی هەمــان رایــان هەبــووە لەنێــو گرووپــی تەمەنــی (18-24) ســاڵ بــووە بەرێــژەی ٪94.9، ئینجـا گرووپـی (25-34) سـاڵ بەرێـژەی ٪93 و گرووپی سـەرووی 35 سـاڵ بەرێـژەی ٪92.

**گرافیک 126:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان بەپێی گرووپی تەمەن




هەروەها، لەڕووی باری خێزانییەوە، زۆربەی بەشداربووان بەڕێژەی سەرووی ٪90 هەمان رایان هەبووە کە سۆشیالمیدیا جێی ئامرازە باوەکانی گەیاندنی زانیاری گرتووەتەوە.

**گرافیک 127:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە رووداوەکان بەپێی باری خێزانی.




لەنێو ئەوانەی کار ناکەن بەڕێژەی ٪86 و ئەوانەی کار دەکەن بەڕێژەی ٪94، هەمان ئەو رایە زاڵ بوو کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکان.

**گرافیک 128:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە رووداوەکان بەپێی پیشە.



لەڕووی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەشەوە، تەنانەت نزمترین ڕێژەی ئەوانەی کە پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوە بۆ ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان ٪91 بووە، ئەوەش لەنێو ئەوانەدا بوو کە ئاستی خوێندەوارییان سەرەتایی و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم بوون.

**گرافیک 129:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری.



# 4

# کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

(کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری)

## 4.1 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە

بەکاربەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ خۆیان چ روانگەیەکیان لەبارەی کاریگەریی ئەو ئامرازانە لەسەر ژیانی خۆیان هەیە؟ بۆ زانینی ئەمە، پرسیارمان کرد و لە وەڵامەکانەوە بەگشتی دەرکەوت کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ٪84ی بەکاربەران رایان وایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەبووە. لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش

بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی رایان وایە كە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان كاریگەرییان لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی هەیە، لە ئیدارەی راپەڕین ٪98 و بەدوایدا پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی ٪92 بوو.

بەگشتی و بەپێی ئەنجامەكان لەبارەی تێكڕای كاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی، دەركەوت كەوا رەگەزی نێر بەڕێژەی ٪85 و رەگەزی مێ بە ٪82، لەگەڵ ئەوەدان كە كاریگەری لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی هەبووە، بەهەمان شێوە لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی پێیانوایە كاریگەری لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی هەبووە، گرووپی تەمەنی (18-24) ساڵ بووە بەڕێژەی ٪85. لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی جیابوونەتەوە بەڕێژەی ٪100 لەگەڵ ئەوەدا بوون كە سۆشیالمیدیا كاریگەری خراپی لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی هەبووە. هەروەها لەڕووی پیشەوە، بەرزترین ڕێژە لەنێو ئەوانەی كار دەكەن، رایان وابووە كە كاریگەری خراپی هەیە.

لەڕووی بڕوانامە و ئاستی خوێندەوارییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوە بوون كە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان كاریگەری خراپیان لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی هەبووە، ئەوانەن كە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین. هەروەها دانیشتووانی قەزا و شارە بچووكەكان زیاتر لە گوندەكان رایان لەگەڵ ئەوەدا بووە كە ئەو كاریگەرییە هەبووە.

**خشــتەی 02:** تێکــڕای کاریگــەری سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵیــەکان لەســەر دۆخــی کۆمەڵایەتــی

| | | لەگەڵیدام | نە لەگەڵیدام و نەلەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 85.60 | 12.83 | 1.57 |
| | مێ | 82.68 | 15.69 | 1.63 |
| گرووپی تەمەن | 18-24 | 85.93 | 12.56 | 1.51 |
| | 25-34 | 84.13 | 13.77 | 2.10 |
| | 35+ | 84.02 | 14.79 | 1.18 |
| باری هاوسەرگیری | سەڵت | 84.55 | 13.69 | 1.77 |
| | هاوسەردار | 84.70 | 13.82 | 1.48 |
| | تەلاقدراو یان بێوە(پیاو یان ژن)  یان جیابووە | 100.00 | 0.00 | 0.00 |
| باری کارکردن | کار دەکات( بە کرێ کار دەکات ، بو خۆی کار دەکات، خاوەنکارە) | 86.15 | 12.47 | 1.39 |
| | کارناکات ( بێکارە) | 81.61 | 16.09 | 2.30 |
| | کار ناکات( ژنی ماڵەوەیە، قوتابی، نەخۆشە...) | 81.99 | 16.09 | 1.92 |
| ئاستی بروانامە | سەرەتایی و کەمتر | 85.67 | 11.95 | 2.39 |
| | بنەڕەت/ ناوەندی | 83.58 | 14.18 | 2.24 |
| | ئامادەیی | 87.03 | 12.97 | 0.00 |
| | دبلۆم / پەیمانگا | 86.36 | 11.36 | 2.27 |
| | بەکالوریۆس/ خوێندنی باڵا | 79.71 | 19.57 | 0.72 |
| ژینگە | شارنشینی ناوەندی پارێزگا | 82.47 | 15.73 | 1.80 |
| | شارنشین | 87.16 | 11.85 | 0.99 |
| | گوندنشین | 85.00 | 12.73 | 2.27 |
| پارێزگا /ئیدارە سەربەخۆکان | هەولێر | 84.48 | 14.93 | 0.60 |
| | سۆران | 90.91 | 7.27 | 1.82 |
| | سلێمانی | 90.20 | 9.80 | 0.00 |
| | گەرمیان | 88.00 | 12.00 | 0.00 |
| | ڕاپەڕین | 98.46 | 1.54 | 0.00 |
| | دهۆک | 76.52 | 19.13 | 4.35 |
| | زاخۆ | 67.27 | 25.45 | 7.27 |
| | هەڵەبجە | 92.00 | 8.00 | 0.00 |
| هەرێمی کوردستان | | 84.77 | 13.64 | 1.59 |

## 4.1.1 لێکنزیکبوونەوە و پەیوەندی بەهۆی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیاوە


پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان کاریگەریـی گەورەیان لەسـەر پەیوەندیی نێوان مـرۆڤ داناوە، بەشـێوەیەک هەندێـک لـە پسـپۆڕانی بـواری دیجیتـاڵ میدیا ئامـاژە بـۆ لێکنزیکبوونـەوە و ئاسـانکاری و پێکەوەبەسـتنەوەی مـرۆڤ دەکـەن. بەپێـی راپۆرتێکـی کۆڕبەنـدی ئابووریـی جیهـان، سۆشـیالمیدیا مرۆڤـی بەشـێوەیەک پێکـەوە بەسـتووەتەوە کـە پێشـتر وێنـەی نەبـووە ([10])، بـەڵام کەمیـش نیـن ئـەو پسـپۆڕانەی بـواری کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی کـە پێیانوایـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا هۆکارێکـی گـەورەی لێکدابڕانـی مرۆڤـن لـەم سـەدەیەدا. سـەرقاڵبوون بـەو پلاتفۆرمانـەوە لـە ئاسـتی نۆرمـاڵ تێپەڕیـوە، ئێسـتا مرۆڤـەکان دوور بـەدوور لـە دەوری یەکتـر کۆدەبنـەوە، بـەڵام گفتوگـۆی راسـتەوخۆ ناکـەن، ئەمـەش کاریگەریـی گـەورەی لەسـەر پەیوەندیـی نێـوان مـرۆڤ دانـاوە، بەتایبەتـی پەیوەنـدی خێزانـی و هـاوڕێ و کۆبوونـەوە تایبەتەکانـی نێـوان مـرۆڤ ([11]).

[10]https://reports.weforum.org/human-implications-of-digital-media-2016/benefits-and-opportunities/

[11]https://blogs.lse.ac.uk/businessreview/2021/10/15/the-big-problem-with-digital-smallness/


لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکارێك بۆ لێکنزیکبوونەوە و پەیوەندیی پتەو لەنێوان مرۆڤ، نزیکەی ٪47 بە راستی دەزانن و ٪43 رەتیدەکەنەوە.

**گرافیک 130:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین رێژەی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆ لێکنزیکبوونەوە و پەیوەندیی بەهێز لە نێوان مرۆڤ، لە ئیدارەی راپەڕین ٪60 بووە، لەکاتێکدا بەرزترین رێژەی ئەوانەی رەتیانکردووەتەوە، لە پارێزگای دهۆک بووە بەرێژەی ٪21.

**گرافیک 131:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووان، زۆرترینـی ئەوانـەی رایـان وایـە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێـک بوونـە بـۆ نزیکبوونـەوەی خەڵـک لـە یەکـدی، لەنێـو دانیشـتووانی سـەنتەری پارێـزگا و شـارە گەورەکانـدان بەڕێـژەی ٪50، لەکاتێکـدا لەنێـو ئەمانیشـدا تەنیا ٪31 بەتـەواوی لەگەڵیدا بوونـە.

**گرافیـک 132:** نیشـاندەری کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، بەپێـی ژینگـەی دانیشـتووان.




لەڕووی ڕەگەزەوە، تاڕادەیەک بۆچوونەکان سەبارەت بەو بابەتە هاوسەنگن، بەشێوەیەک ڕەگەزی نێر ٪46 لەگەڵ ئەوەدا بوونە کە سۆشیالمیدیا خەڵکی لەیەکتر نزیکتر کردووەتەوە، بەڵام ٪41 لەگەڵ ئەوەدا نەبووە، ئەمە لەکاتێکدا لە ڕەگەزی مێ ٪48 لەگەڵێدا بووە و ٪38 لەگەڵ ئەوەدا نەبووە.

**گرافیک 133:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕەگەز.




لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە، بەرزترین ڕێژە کە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا بووبن، لە گرووپی سەرووی 35 ساڵ بووە، لەکاتێکدا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە نین، لە گرووپی (35-24) ساڵ بوون.

**گرافیک 134:** نیشاندەری کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی گرووپی تەمەن.




لـەڕووی بـاری خێزانیشـەوە تاڕادەیـەک هاوسـەنگی لـە بۆچوونەکانـدا هەیـە، بـەڵام بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی رایـان لەگـەڵ ئەوەدایـە کـە سۆشـیالمیدیا بووەتـە هـۆی نزیککردنـەوە و پتەوکردنـی پەیوەندییـەکان، لەنێـو سـەڵتەکاندایە کـە ڕێژەکـەی ٪50 بـووە.

**گرافیـک 135:** نیشـاندەری کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەپێـی بـاری خێزانـی



لـەڕووی خوێندەوارییـەوە، زۆرترینــی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە هـاوڕان، لەنێـو ئەوانەدایـە کـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلـۆم/ پەیمانگـەن و ڕێژەکەیـان ٪55 بـووە، لەکاتێکـدا بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی لەگەڵیـدا نەبـوون، لەوانـەن کـە هەڵگـری بڕوانامـەی ئامادەییـن و ٪46 بـوون.

**گرافیـک 136:** نیشـاندەری کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەپێـی ئاسـتی خوێنـدەواری.



لـەڕووی پیشـە و کارەوە، زۆرترینـی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەوە بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێـک بوونـە بـۆ نزیکبوونـەوەی خەڵـک لـە یەکـدی، ئەوانـەن کـە کار ناکـەن (ژنـی ماڵـەوە، قوتابـی و نەخـۆش)، لەکاتێکـدا لەنێـو ئەوانـەی بێـکارن، ڕێژەی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەو بۆچوونە بـوون ٪48 بـووە.


**گرافیـک 137:** نیشـاندەری کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەپێـی پیشـە.



## 4.1.2 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان وەک جێگرەوەی سەردانی و دیدەنی


بۆچوونێك هەیە کە ئێستا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان (سۆشیالمیدیا و ئاپەکانی پەیوەندی) تارادەیەك جێی سەردانی و یەکتربینینی خەڵکیان گرتووەتەوە. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪83.93ی ئەوانەی بەشدارییان لەم راپرسییەدا کردووە، لەگەڵ ئەوە بوون کە راستە سۆشیالمیدیا جێی پەیوەندیی راستەوخۆی خەڵکی گرتووەتەوە، تەنیا ٪10.37ی بەشداربووان دژی ئەو رایە بوون.

**گرافیک 138:** بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرترینـی ئەوانـەی بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەوە بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان جێـی سـەردانی و پەیوەندیـی راسـتەوخۆی خەڵکیـان گرتووەتـەوە، لـە ئیـدارەی راپەڕیـن بەڕێـژەی ٪72 بـووە، لەکاتێکـدا ئەوانـەی بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەو رایـە نەبـوون، لـە ئیـدارەی سـۆران بەڕێـژەی ٪10 بـووە.

**گرافیک 139:** بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، زۆرترینی ئەوانەی پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان جێی سەردانی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی خەڵکیان گرتووەتەوە، لەنێو گوندنشینان بوون بەڕێژەی سەرووی ٪90، زۆرترینی ئەوانەشی وای نابینن دانیشتووی سەنتەری پارێزگا و شارە گەورەکانن بەڕێژەی ٪11.

**گرافیک 140:** بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەگوێرەی ژینگەی دانیشتووان.




لەڕووی ڕەگەزەوە ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵ ئەوە بوون کەوا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان جێی سەردانیی خەڵکیان گرتووەتەوە، لە ڕەگەزی نێر و مێ ٪54 بووە، ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدا هاوڕا نەبوون، ٪2 لە ڕەگەزی نێر و ٪1.3 لە ڕەگەزی مێ بوون، لەکاتێکدا بەگشتی ئەوانەی لەگەڵی هاوڕابوون، لە ڕەگەزی نێر و مێ ٪84 بووە.

**گرافیک 141:** بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕەگەز.




لەڕووی باری خێزانییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان جێی سەردانیی خەڵکیان گرتووەتەوە، لەنێو سەڵتەکان ٪57 بووە.

**گرافیک 142**: بۆچوونی بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی باری خێزانی.




لـەڕووی تەمـەن، زۆرتریـنی ئەوانـەی بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەوە بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان جێـی سـەردانی و دیدەنیـی خەڵکیـان گرتووەتـەوە، لـە گرووپـی تەمەنـی (18-24) سـاڵ بـوون بەڕێـژەی ٪60، هەڵبـەت گرووپـی تەمەنـی سـەرووی 35 سـاڵ بەڕێـژەی ٪45 بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەو رایـەن.

**گرافیـک 143:** بۆچوونـی بەشـداربووان لەبـارەی کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەگوێـرەی تەمـەن.



لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی بێکارن بەڕێژەی ٪85 لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان جێی سەردانی و یەکتربینینی خەڵکیان گرتووەتەوە. بەپێی ئاستی خوێندەواری، بەرزترین رێژەی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵ ئەو رایە بوون، ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان بنەڕەتی و نزمترە بەڕێژەی ٪57، لەکاتێکدا زۆرترینی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵی نەبوون، بەڕێژەی ٪4.3 لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵادا بوون.


**گرافیک 144:** لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان جێی سەردانیی خەڵکیان گرتووەتەوە بەپێی ئاستی خوێندەواری و پیشە.



## 4.1.3 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان؛
## هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان


سەبارەت بە رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ٪79.53ی خەڵک لەگەڵ ئەوە بوون کە بەڵێ سۆشیالمیدیا بووەتە هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان،

**گرافیک 145:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.




هەروەها، لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش زۆرترین کەس کە رایان وابووە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری دابڕانی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە ئیدارەی سۆران بەڕێژەی ٪87.27 بووە و بەدوای ئەویشدا لە ئیدارەی راپەڕین بەڕێژەی ٪83 بووە.

**گرافیک 146:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، گوندنشینان بەڕێژەی 53٪ بەتەواوی لەگەڵ ئەوە بوون و دانیشتووانی سەنتەری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش بەڕێژەی 44٪ بەتەواوی لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان..

**گرافیک 147:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی ژینگەی دانیشتووان.



ڕەگـەزی نێـر بەڕێـژەی ٪48 و ڕەگـەزی مـێ بەڕێـژەی ٪47 بەتـەواوی لەگەڵ ئەوەدان کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری دابڕینی خەڵـک لـە بۆنـە کۆمەڵایەتـی و ئایینیـەکان، لـە بەرامبـەردا تەنیـا ٪3 لـە ڕەگـەزی نێر و ٪1.3 لـە ڕەگـەزی مـێ بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەوەدا نەبـوون.

**گرافیـک 148:** نیشـاندەری ڕای بەشـداربووان لەبـارەی کاریگەریـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لەسـەر پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، بەپێـی ڕەگـەز



لەڕووی باری خێزانەوە، بەڕێژەی 47% ئەوانەی هاوسەردارن، بەڕێژەی 49% ئەوانەی سەڵتن و ئەوانەشی جیابووە بەڕێژەی 44% بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدابوون کەوا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان.


**گرافیک 149:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی باری خێزانی.



Research Center


لەڕووی تەمەنەوە، ئەوانەی گوتوویانە (بەتەواوی لەگەڵیدام و (لەگەڵیدام) کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان، بە هەڵکشانی تەمەن زیاتر دەبێت، لەنێو گرووپی تەمەنی سەرووی 35 ساڵ 80.7٪ بووە.

**گرافیک 150:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی تەمەن.




لەڕووی پیشەوە، بەگشتی ٪47 بۆ ٪49ی ئەوانەی کار ناکەن و ئەوانەی کار دەکەن، بەتەواوی لەگەڵ ئەوەن کەوا پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان، بەڵام زۆرترینی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدا نەبوون، لەنێو ئەوانەدان کە کار دەکەن بەڕێژەی ٪3.

**گرافیک 151:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کار یان پیشە.



لەڕووی خوێندەوارییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵ ئەوەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری دابڕینی خەڵک لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکان، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی 52٪ بوو، لەکاتێکدا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵیدا نەبوون ئەوانەن کە ئاستی خوێندەوارییان سەرەتایی و نزمترە.


**گرافیک 152:** نیشاندەری ڕای بەشداربووان لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئاستی خوێندەواری



## 4.1.4 ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکدانی شیرازەی خێزان


لەبارەی ئەوەی کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵی خراپیان لە تێکدانی شیرازەی خێزاندا هەیە، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ٪40 بەتەواوی لەگەڵ ئەوەن و ٪30 یان گوتوویانە لەگەڵ ئەوەن، واتە بەڕێژەی ٪71 لەگەڵ ئەوەن، بەپێچەوانەوە تەنیا ٪5.9 بەتەواوی لەگەڵ ئەوە نین و ٪9 لەگەڵی نەبوون، واتە ٪15ی بەشداربووان  ڕایان وابووە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵی خراپیان نییە لە تێکدانی شیرازەی خێزان لە هەرێمی کوردستان.

**گرافیک 153:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، بەرزترین رێژەی ئەوانەی رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵی خراپیان لە تێکدانی شیرازەی خێزاندا هەیە، لە ئیدارەی سۆران بەڕێژەی ٪81 بووە، بەدوایدا پارێزگای سلێمانی بە ٪75 دێت، ئینجا پارێزگای هەولێر بە ٪72.46. لە بەرامبەردا، زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە نەبوون، لە ئیدارەی زاخۆ ٪27، ئینجا پارێزگای دهۆک دێت بە ٪24.

**گرافیک 154:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان لەسەر ئاستی پارێزگاکان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، گوندنشینان بەڕێژەی ٪75 رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵی خراپیان لە تێکدانی شیرازەی خێزاندا هەیە، بەڵام ٪18ی دانیشتووانی شارە گەورەکان ئەو بۆچوونە رەتدەکەنەوە.

**گرافیک 155:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەپێی ژینگەی دانیشتووان.




پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی گۆڕینی نەریتی تاک، ئەمەش کاریگەری لەسەر خێزان و کۆمەڵگە جێهێشتووە، لە ڕەگەزی نێر ٪73 و لە ڕەگەزی مێ ٪65 بەتەواوی لەگەڵ ئەوەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵێکی خراپیان لە تێکدانی شیرازەی خێزاندا هەیە، بەڵام لە ڕەگەزی نێر ٪5.37 و ڕەگەزی مێ ٪7.5 پێچەوانەی ئەوە بیردەکەنەوە.

**گرافیک 156:** نیشاندەری ڕای بەشداربووان لەسەر ڕۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەپێی ڕەگەز.




هەروەها لەڕووی تەمەنەوە، ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایەن دەربارەی رۆڵی خراپی سۆشیالمیدیا لەسەر خێزان، بە هەڵکشانی تەمەن رێژەیان زیاد دەکات، بەشێوەیەک لەنێو گرووپی تەمەنی سەرووی 35 ساڵدا دەگاتە ٪74، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵ ئەو رایە نەبوون، لەنێو گرووپی تەمەنی (18-24) ساڵدا بووە بەرێژەی ٪16.5.

**گرافیک 157:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەپێی گرووپی تەمەن.




لەڕووی باری خێزانییەوە، زۆرترینی ئەوانەی دژی ئەو رایەن، لەنێو سەڵتەکانە بەڕێژەی ٪19.2. لەبەرامبەردا، هاوسەردارن بەڕێژەی ٪74 هاوڕان لەگەڵ ڕۆڵی خراپی سۆشیالمیدیا لە پەیوەندیی خێزانیدا.

**گرافیک 158:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ڕۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەپێی باری خێزانی.




لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار دەکەن زیاتر لەگەڵ ئەو رایەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵی خراپیان لە تێکدانی شیرازەی خێزاندا هەبووە، بەگوێرەی ئەنجامی راپرسییەکە رێژەی ئەمانە دەگاتە سەرووی 74٪.

**گرافیک 159:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان، بەپێی کار و پیشە.



لەڕووی ئاستی خوێندەواریشەوە، زۆرترینی ئەوانەی کە هاوڕان، ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی/ ناوەندین، زۆرترینی ئەوانەشی پێچەوانە بیردەکەنەوە، ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین.


**گرافیک 160:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی خراپی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە تێکچوونی شیرازەی خێزان بەپێی ئاستی خوێندەواری.



## 4.1.5 ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستێوەردانی خەڵکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی


بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪80ی خەڵک، وەکو لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەوە دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەوەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی ئاسانکردنی دەستێوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتیمان. ٪81ی بەشداربووان بەتەواوی لەگەڵ ئەمە کۆک بوون، تەنیا ٪28 لەگەڵی ناکۆک بوون.

**گرافیک 161:** نیشاندەری ڕای بەشداربووان لەبارەی ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان ئەوانەی رایان وابووە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی دەستێوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی، لە ئیدارەی سۆران بەرێژەی 92.7٪ بووە، بەدوایدا پارێزگای هەولێر بە 83٪، لە بەرامبەردا زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە نین، لە پارێزگای دهۆک 20٪ و ئینجا زاخۆ 16٪ بووە.

**گرافیک 162:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی لەسەر ئاستی پارێزگاکان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووان، زۆرترینی ئەوانەی هاوڕابوون لەسەر ئەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی دەستێوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتیی یەکتر، لەنێو دانیشتووانی قەزا و شارە بچووکەکان ٪82 بووە، لەنێو گوندنشینان ٪80 بووە.

**گرافیک 163:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە.




بەگشتی و لەسەر ئاستی (ڕەگەز، گرووپی تەمەن و باری خێزانی) ٪75 بۆ ٪90ی ئەوانەی بەشدارییان کردووە، لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی دەستێوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی یەکتر. بۆ نموونە ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪80 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪79 هاوڕای ئەوە بوون. لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، تەنیا ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی 35 ساڵەوەیە، بەڕێژەی ٪13 لەگەڵی نەبوون، بەپێچەوانەوە هەرسێ گرووپی تەمەنەکە بەڕێژەی ٪80 لەگەڵ ئەوە بوون. لەڕووی باری خێزانییەوە زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵیدا بوون، ئەوانە بوون کە جیابوونەتەوە.

**گرافیک 164:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی بەپێی رەگەز و گرووپی تەمەن و باری خێزانی.



لـەڕووی پیشـەوە، زۆرتریـنی ئەوانـەی رایـان وابـووە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆی دەسـتێوەردانی خەڵـک لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و تایبەتـی یەکتـر، لەنێـو ئەوانەدایـە کـە کار ناکـەن (ژنـی ماڵـەوە، قوتابـی و نەخـۆش) بەڕێـژەی ٪88، لـە بەرامبـەردا بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی دژی ئـەو رایـە بـوون، ئەوانـەن کـە کار ناکـەن (بێـکار) بەڕێـژەی ٪16. هەروەهـا، لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، بەرزتریـن رێـژەی ئەوانـەی بەتـەواوی لەگـەڵ ئـەوە هـاوڕا بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆی دەسـتێوەردانی خەڵـک لـە ژیانـی تایبەتـی یەکتـر، ئەوانـەن کـە هەڵگـری بڕوانامـەی ئامادەییـن بەڕێژەی ٪60، ئینجا بەدوایـدا ئەوانـەی ئاسـتی خوێنـدەواری سـەرەتایی و نزمتریـان هەیـە بەڕێژەی ٪51. هەروەهـا زۆرتریـنی ئەوانـەی لەگەڵیـدا نەبـوون، بەڕێـژەی ٪17 ئەوانـەن کـە هەڵگـری بڕوانامـەی دبلۆم/پەیمانگـەن.

**گرافیک 165:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستوەردانی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی بەپێی پیشە و ئاستی خوێندەواری.




Research Center

## 4.1.6 رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەی خەڵکی هەست بەخۆشی و ئارامی و بەختەوەری نەکەن


لەبارەی ئەو پرسیارەی کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان چ رۆڵێکیان هەبووە لەوەی خەڵکی هەست بە خۆشی، ئارامی و بەختەوەری نەکەن، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪60 پێیانوایە رۆڵی هەیە، ٪26 لەگەڵ ئەوە نین و نزیکەی ٪14یش رای خۆیان نەداوە.

**گرافیک 166:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک هەست بە ئارامی و بەختەوەری نەکەن.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرترینـی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەوە بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـیـەکان بوونەتـە هـۆی ئـەوەی خەڵـک هەسـت بـە ئارامـی و بەختـەوەری نەکـەن، لـە پارێـزگای سـلێمانی ٪69، پارێـزگای هەڵەبجـە ٪64 بـووە. لـە بەرامبـەردا زۆرترینـی ئەوانـەی لەگەڵیـدا هـاوڕا نەبـوون، لـە ئیدارەی زاخـۆ ٪56، ئینجا پارێـزگای دهـۆک ٪34 و پاشـان پارێـزگای هەولێـر ٪28 بـووە.

**گرافیک 167:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک هەست بە ئارامی و بەختەوەری نەکەن، لەسەر ئاستی پارێزگاکان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشــتووان، گوندنشــینان و دانیشــتووانی قــەزا و شاره بچووکـەکان هەمـان رایـان هەبـووه و بەڕێـژەی ٪62 لەگـەڵ ئـەوە بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی خەڵـک هەسـتـ بـە ئارامــی و بەختـەوەری نەکـەن.

**گرافیـک 168:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەسـەر رۆڵـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـەوەدا کـە خەڵـک هەسـت بـە ئارامــی و بەختــەوەری نەکــەن، بەپێــی ژینگــەی دانیشــتووان.




لـەڕووی ڕەگــەزەوە، ٪60ی ڕەگــەزی نێـر و ٪58 لـە ڕەگــەزی مـێ لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـە خەڵکـی بەهـۆی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە هەسـت بـە ئارامـی و بەختـەوەری ناکـەن، لەکاتێکـدا لـە ڕەگـەزی نێـر ٪27 و لـە ڕەگـەزی مـێ ٪24 لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـەدا نەبـوون.

**گرافیـک 169:** نیشـاندەری ڕای بەشـداربووان بەپێـی ڕەگـەز، لەسـەر ڕۆڵـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان لـەوەدا کـە خەڵـک هەسـت بـە ئارامـی و بەختـەوەری نەکـەن.




لـەڕووی تەمەنـەوە، ئەوانـەی پێیانوایـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان ڕۆڵـی نێگەتیڤیـان هەبـووە لـەوەدا کـە خەڵـک هەسـت بـە ئارامـی و بەختـەوەری نەکـەن، بەهەڵکشـانی تەمـەن زیاتـر دەبـن، بەشـێوەیەک لـە نێـو گرووپـی تەمەنـی 35 ساڵ بۆ سـەرەوە دەگاتـە ٪66، لەکاتێکـدا لەنێـو ئەوانـەی تەمەنیان لەنێـوان (24-18)ساڵە دەگاتـە ٪52، بـەڵام ٪32 لەگـەڵ ئـەوەدا هـاوڕا نەبـوون. لـەڕووی بـاری خێزانییـەوە، ئەوانـەی هاوسـەردارن بەڕێـژەی ٪64 لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـەوا پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی خەڵـک هەسـت بـە ئارامـی و بەختـەوەری نەکـەن، بـەڵام سـەڵتەکان بەڕێژەی ٪34 لەگەڵیـدا نەبـوون و پێیانوانییـە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان ڕۆڵـی خراپیان لـەوەدا هەبێـت.

**گرافیک 170:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک هەست بە ئارامی و بەختەوەری نەکەن، بەپێی گرووپی تەمەن و باری خێزانی.



لەڕووی ئاستی بڕوانامەوە، ئەوانەی پێیانوایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵی نێگەتیڤیان هەبووە لەوەدا کە خەڵک هەست بە ئارامی و بەختەوەری نەکەن، ئەوانەبوون کەوا هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی و کەمتر بوون. هەروەها لەڕووی پیشە و کارەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هەمان بۆچوونی هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی هەبووە، ئەوانەبوون کەوا کار دەکەن.


**گرافیک 171:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک هەست بە ئارامی و بەختەوەری نەکەن، بەپێی ئاستی خوێندەواری و پیشە وکار.



## 4.1.7 ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیاوە


بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪87 بەشدارانی ئەم راپرسییە رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری ناوزڕاندنی خەڵک.

**گرافیک 172:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری ناوزڕاندن، بە پلەی یەکەم لە ئیدارەی سۆران بوو بەڕێژەی ٪100، بە پلەی دووەم هەولێر بوو بەڕێژەی ٪95، لە پلەی سێیەم ئیدارەی راپەڕین دێت بەڕێژەی ٪90.

**گرافیک 173:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان.




وەکـو لـە ئەنجامـی ڕاپرسـییەکەوە دیـارە، دانیشـتووانی قـەزا و شـارە بچووکـەکان بەڕێـژەی ٪92، گوندنشـینان بەڕێـژەی ٪90 و دانیشـتووانی شـارە گـەورەکان بەڕێـژەی ٪82 ڕایان وایـە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری ناوزڕانـدن.

**گرافیـک 174:** نیشـاندەری ڕای بەشـداربووان لەسـەر ناوزڕانـدن لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە بەپێـی ژینگـەی دانیشـتووان.




لـەم بەشـەی راپرسـییەکەدا لەبـارەی ئـەوەی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـیەکان و سۆشـیالمیدیا بوونەتـە هـۆکاری ناوزڕاندنـی خەڵـک، لـە رەگـەزی نێـر 89٪ و رەگـەزی مـێ بەرێـژەی 83٪ لەگـەڵ ئـەوە هـاوڕا بـوون کـە بەڵـێ بوونەتـە هۆکارێـک بـۆ ناوزڕانـدن، لەبەرامبـەردا تەنیـا 9.8٪ ی رەگـەزی مـێ و 6٪ی رەگـەزی نێـر لەگەڵیـدا هـاوڕا نەبـوون.

**گرافیـک 175:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەسـەر ناوزڕانـدن لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە بەپێـی رەگـەز.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەوە نەبوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بووبنە هۆکاری ناوزڕاندنی هاووڵاتیان، لەنێو گرووپی تەمەنی 35 ساڵ بوو بەڕێژەی ٪9، بەڵام بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی هاوڕا بوون و لەگەڵ ئەوەدا بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری ناوزڕاندن، لە گرووپی تەمەنی (25-34) ساڵ بوون بەڕێژەی ٪90. لەڕووی باری خێزانییەوە، سەڵتەکان بەڕێژەی ٪88 و ئەوانەی هاوسەردارن بەڕێژەی ٪87 لەبارەی ناوزڕاندن لە سۆشیالمیدیاوە هاوڕا بوون. هەروەها، لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بەرێژەی سەروو 80% هاوڕابوون کەوا سۆشیالمیدیا بووەتە هۆی ناوزڕاندن وەکو لە گرافیکی 176دا هاتووە.

**گرافیک 176:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بەپێی باری خێزانی و گرووپی تەمەن.



لـەڕووی پیشـەوە، ئەوانـەی کار دەکـەن و ئەوانـەی کار ناکـەن، بەڕێـژەی سـەرووی ٪85 لەگـەڵ ئـەوەدا هـاوڕا بـوون کـەوا پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری ناوزڕاندنـی خەڵـک، لەکاتێکـدا لـەڕووی بڕوانامـەوە زۆرترینـی ئەوانەی لەگـەڵ هەمـان بۆچـوون بـوون، هەڵگرانـی بڕوانامـەی ئامادەییـن بەڕێـژەی ٪92.4، بەدوایـدا هەڵگرانـی بڕوانامـەی بنەڕەتـی/ ناوەنـدی بەڕێـژەی ٪89.

**گرافیک 177:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ناوزڕاندن لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە، بەپێی ئاستی بڕوانامە و پیشە.



## 4.2 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی سیاسی

بەگشتی و بەپێی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە لەبارەی کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا لەسەر سیاسەت لە هەرێمی کوردستان، ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر لەگەڵ ئەوەدا بوون کە سۆشیالمیدیا کاریگەریی هەبووە. مێ بەڕێژەی 68٪ و نێر بەڕێژەی 60٪ لەگەڵ ئەوەدا بوون. لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن زیاتر لەسەر ئەو ڕایە بوونە کە سیاسەت کەوتووەتە ژێر کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەشێوەیەک لەنێو گرووپی تەمەن 35 ساڵ دەگاتە 65.7٪. هەروەها، لەڕووی باری خێزانییەوە، زۆرترینی ئەوانەی پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی سیاسی نییە، سەڵتەکانن کە 8.4٪ی بەشداران بوون. لەڕووی پیشەوە ئەوانەی کار دەکان زیاتر لەوانەی کار ناکەن، لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا بوون کە سیاسەت کەوتووەتە ژێر کاریگەریی سۆشیالمیدیا.

لەڕووی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامەوە، ئەوانەی رایان وابوو کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی سیاسی هەیە، زیاترن. بۆ نموونە لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم/ بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا رێژەکە دەگاتە 71٪، بەڵام لەنێو ئەوانەی ئاستی خوێندەواری سەرەتایی و نزمتریان هەیە، دەگاتە 59٪.

لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، ئەوانەی دانیشتووی قەزا و ناحییەکانن زیاتر لە دانیشتووانی سەنتەری پارێزگا و شارە گەورەکان، رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەت هەیە.

لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر رەوشی سیاسی هەیە، لە ئیدارەی گەرمیان 78٪ بووە، هەریەکە لە ئیدارەی راپەڕین و پارێزگای هەڵەبجە 72٪، ئینجا پارێزگای سلێمانی 70٪، لە بەرامبەردا بەرزترین رێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و دۆخی سیاسی هەیە، لە ئیدارەی سۆران 12.7٪ و ئینجا لە ئیدارەی زاخۆ 11٪ بووە.

Research Center

بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، نزیکەی ٪62.7ی هاونیشتمانیان رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەت و دۆخی سیاسی هەیە.

**خشتەی 03:** کاریگەری سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر دۆخی سیاسی.

| | | لەگەڵیدام | نە لەگەڵیدام و نەلەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 60.3 | 31.8 | 7.9 |
| | مێ | 68.6 | 23.2 | 8.2 |
| گرووپی تەمەن | 18-24 | 59.3 | 32.2 | 8.5 |
| | 25-34 | 63.8 | 26.9 | 9.3 |
| | 35+ | 65.7 | 28.4 | 5.9 |
| باری هاوسەرگیری | سەڵت | 59.8 | 31.8 | 8.4 |
| | هاوسەردار | 64.8 | 27.5 | 7.7 |
| | تەلاقدراو یان بێوە(پیاو یان ژن) یان جیابووە | 66.7 | 33.3 | 0.0 |
| باری کارکردن | کار دەکات( بە کرێ کار دەکات ، بو خۆی کار دەکات، خاوەنکارە) | 63.6 | 28.8 | 7.6 |
| | کارناکات ( بێکارە) | 63.2 | 32.2 | 4.6 |
| | کار ناکات( ژنی ماڵەوەیە، قوتابی، نەخۆشە...) | 60.2 | 29.9 | 10.0 |
| ئاستی بروانامە | سەرەتایی و کەمتر | 59.0 | 31.1 | 9.9 |
| | بنەڕەت/ ناوەندی | 61.6 | 31.0 | 7.5 |
| | ئامادەیی | 59.0 | 32.2 | 8.8 |
| | دبلۆم / پەیمانگا | 71.2 | 22.0 | 6.8 |
| | بەکالوریۆس/ خوێندنی باڵا | 71.0 | 24.6 | 4.3 |
| ژینگە | شارنشینی ناوەندی پارێزگا | 61.6 | 29.7 | 8.8 |
| | شارنشین | 64.0 | 28.6 | 7.4 |
| | گوندنشین | 62.7 | 30.0 | 7.3 |
| پارێزگا /ئیدارە سەربەخۆکان | هەولێر | 57.3 | 33.1 | 9.6 |
| | سۆران | 63.6 | 23.6 | 12.7 |
| | سلێمانی | 70.2 | 24.7 | 5.1 |
| | گەرمیان | 78.0 | 18.0 | 4.0 |
| | راپەڕین | 72.3 | 24.6 | 3.1 |
| | دهۆك | 56.5 | 33.9 | 9.6 |
| | زاخۆ | 56.4 | 32.7 | 10.9 |
| | هەڵەبجە | 72.0 | 24.0 | 4.0 |
| هەرێمی کوردستان | | 62.7 | 29.3 | 7.9 |

Research Center


## 4.2.1 رۆڵی سۆشیالمیدیا لە نزیککردنەوەی خەڵک و کاربەدەستان

گومان لەوەدا نییە کە سۆشیالمیدیا لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاری هێناوەتە نێو ژیانی سیاسییەوە. رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە شەپۆلی نارەزاییەکاندا لە هەموو کوچەیەکی ئەم جیهانە، لەوانەش قەیرانی دارایی لە 2008 و دواتر بەهاری عەرەبی لە 2011 و هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ لە 2016 و ئێران لە 2022، دیارترین نموونەکانی ئەم کاریگەرییەن. لە لایەکی دیکەوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک دەرکەوتووە "سۆشیالمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر جیۆپۆڵەتیک داناوە لەڕێی زیادبوونی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیاری، لە هەمانکاتدا ئامرازێکە سیاسەتڤانان بەتوانا دەکات لە دانانی کاریگەری لەسەر تاک بە ڕێگایەکی ئاسان" ([12]).

[12] https://www.hindawi.com/journals/cin/2022/7988894/


بەپێی ئەنجامەکانی ئەم راپرسییە، بەگشتی لە هەرێمی کوردستان ٪47ی خەڵک رایان وایە کە سۆشیالمیدیا بووەتە هۆکاری نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک، بەڵام ٪43 لەگەڵ ئەوەدا نەبوون.

**گرافیک 178:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرترینـی ئەوانـەی رایـان وابـووە کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان خەڵکیـان لـە کاربەدەسـتانی ناوچەکـە نزیککردووتـەوە، لـە ئیـدارەی راپەڕیـن ٪65، بەدوایدا پارێـزگای هەڵەبجـە ٪56 و ئینجـا زاخـۆ ٪55 بـووە، لـە بەرامبـەردا زۆرترینی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەوە نەبـوون، لـە پارێـزگای سـلێمانی و دهۆک و ئیـدارەی سـۆران ٪46 بـووە.

**گرافیک 178:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.



لـەڕووی ژینگـەی دانیشتووانیشــەوە، شارنشــین و گوندنشــین بــە نزیکـەی 50٪ رایـان وایـە کـە سۆشـیالمیدیا رۆڵـی لـە نزیککردنـەوەی کاربەدەسـتانی ناوچەیـەک و خەڵکەکەیـدا هەبـووە.

**گرافیـک 180:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەبـارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە نزیککردنـەوەی کاربەدەسـتانی ناوچەیـی لـە خەڵـک، لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە.




لەم راپرسییەدا، ٪49 لە رەگەزی نێر و ٪43 لە رەگەزی مێ رایان وا بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان خەڵکیان لە کاربەدەستانی ناوچەکەیان نزیککردووتەوە، لە بەرامبەردا ٪42 لە رەگەزی نێر و ٪45 لە رەگەزی مێ لەگەڵیدا نەبوون. لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی سەڵتن کەمتر لەگەڵ ئەو رایەن، لەکاتێکدا زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە بوون، بەڕێژەی ٪55 لەنێو ئەوانەدا بووە کە جیابوونەتەوە.

**گرافیک 181:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک، بەپێی رەگەز و باری خێزانی.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، بە هەڵکشانی تەمەن ڕێژەی ئەوانەی هاوڕان لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی سۆشیالمیدیا، زیاد دەکات. لە بەرامبەردا زۆرینەی ئەوانەی لەگەڵیدا نەبوون لەنێو گرووپە گەنجەکاندایە بەڕێژەی ٪45.

**گرافیک 182:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی ڕۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک، بەپێی گرووپی تەمەن.



لەڕووی پیشەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وابووە کەوا سۆشیالمیدیا بووەتە هۆی نزیککردنەوەی خەڵک و کاربەدەستانی ناوچەکەیان، ئەوانە بوون کە کار ناکەن (بێکار) بەڕێژەی ٥٦٪، لەکاتێکدا بەرزترین رێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدا نەبوونە سۆشیالمیدیا رۆڵی لە نزیککردنەوەی کاربەدەستان و خەڵکدا هەبووبێ، ئەوانەن کە (ژنی ماڵەوە، قوتابی یان نەخۆش)ن بەرێژەی ٤٨٪.

**گرافیک 183:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک بەپێی کار و پیشە.



لــەڕووی ئاســتی خوێندەوارییــەوە، زۆرتریــنی ئەوانــەی رایــان وا بــووە کــە سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان هــاوکار بوونــە لــەوەی خەڵکیــان لــە کاربەدەســتانی ناوچەیــی نزیککردووەتــەوە، ئەوانــە بــوون کــە هەڵگــری بڕوانامــەی دبلۆم/پەیمانگــەن و ڕێژەکەیــان ٪52 بــووە، لەکاتێکــدا ٪47ی ئەوانــەی هەڵگــری بڕوانامــەی ئامادەییــن لەگــەڵ ئــەوە نەبــوون سۆشــیالمیدیا ڕۆڵــی لــە نزیککردنــەوەی کاربەدەســتان و خەڵکــدا هەبووبێــت.


**گرافیک 184:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە نزیککردنەوەی کاربەدەستانی ناوچەیی لە خەڵک، بەپێی ئاستی خوێندەواری.



## 4.2.2 رۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیام و داخوازیی خەڵک بە دەسەڵاتداران


لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیامی خەڵک بە کاربەدەستان و دەسەڵاتداران، بەگوێرەی راپرسییەکە 61٪ی خەڵک رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵیان لە گەیاندنی پەیام و داخوازیی خەڵکدا هەبووە.

**گرافیک 185:** رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیام و داخوازییەکانیان بە دەسەڵاتداران لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی رایان وابووە کە هاووڵاتیان لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بە ئاسانی دەتوانن پەیام و داواکاری خۆیان بە لایەنی دەسەڵات بگەیێنن، لە ئیدارەی راپەڕین ٪75، لە ئیدارەی زاخۆ ٪70 بوو، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەشی لەگەڵی نەبوون، لە ئیدارەی سۆران ٪41 بووە.

**گرافیک 186:** رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیام و داخوازییەکانیان بە دەسەڵاتداران لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، لـەم ڕاپرسـییەدا گوندنشـینان بەڕێژەیەکـی کەمتـر لـە شارنشـینان ڕایـان وابـووە کـەوا لەڕێـی سۆشـیالمیدیاوە خەڵکـی بەئاسـانی دەتوانـن پەیامەکانیـان بـە دەسـەڵاتداران بگەیەنـن.

**گرافیـک 187:** ڕای بەشـداربووان لەبـارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنـی پەیـام و داخوازییەکانیـان بـە دەسـەڵاتداران بەپێـی ژینگەی دانیشـتووان.




لەڕووی ڕەگەزی بەشداربووانەوە، ڕەگەزی مێ بە ٪63 و ڕەگەزی نێر بە ٪61 لەگەڵ ئەوەدا بوون کە هاووڵاتیان لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بە ئاسانی دەتوانن پەیام و داواکاریی خۆیان بە لایەنی دەسەڵات بگەیەنن، بەڵام لە ڕەگەزی نێر ٪31 و لە ڕەگەزی مێ ٪28 لەگەڵ ئەوەدا نەبوونە. لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی هاوسەردارن بەڕێژەی ٪62 و سەڵتەکان بەڕێژەی ٪61 ڕایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵیان لە گەیاندنی پەیام و داواکاریی خەڵکیدا بە دەسەڵاتداران هەبووە.

**گرافیـک 188:** رای بەشـداربووان لەبـارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنـی پەیام و داخوازییەکانیان بـە دەسـەڵاتداران بەپێـی رەگـەز و بـاری خێزانـی.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وابووە کە لەڕێی سۆشیالمیدیاوە خەڵک بەئاسانی دەتوانن پەیامی خۆیان بە دەسەڵاتداران بگەیەنن، ئەوانەن کە تەمەنیان لە سەرووی 35 ساڵە بەڕێژەی ٪66. لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، بەرزترین رێژەی ئەوانەی هەمان رای گرووپی تەمەن 35 ساڵ بەرەو سەرەوەیان هەبووە، دانیشتووانی قەزا و شارە بچووکەکانن بەڕێژەی ٪66.

**گرافیک 189:** رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی پەیام و داخوازییەکانیان بە دەسەڵاتداران بەپێی گرووپی تەمەن.



لەڕووی ئاستی خوێندەواری، زۆرینەی ئەوانەی رایان وا بووە کە هاووڵاتیان لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن پەیامی خۆیان بە لایەنی دەسەڵات بگەیەنن. لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا بووە بەڕێژەی ٪74، بەڵام زۆرترینی ئەوانەی رایان پێچەوانە بووە و لەگەڵ ئەوەدا نەبوون، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی بووە بەڕێژەی ٪36 و بەدوایدا ئەوانەی ئاستی خوێندەواری سەرەتایی و نزمتریان هەیە بەڕێژەی ٪33. لەڕووی پیشە و کارەوە، نزیکەی ٪60 زیاتری ئەوانەی کار دەکەن و ئەوانەی کار ناکەن، رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵیان لە گەیاندنی پەیام و داواکاریی خەڵکدا بە دەسەڵاتداران هەبووە.


**گرافیـک 190:** رای بەشـداربووان لەبـارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنـی پەیام و داخوازییەکانیـان بـە دەسـەڵاتداران بەپێـی ئاسـتی خوێنـدەواری و پیشـە.



## 4.2.3 ئاگاداربوونی دەسەڵاتداران لە بارودۆخی بژێوی و ژیانی خەڵک لەڕێی سۆشیالمیدیاوە


سەبارەت بە ئاگاداربوون لە بژێوی خەڵک لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە، وەکو لە راپرسییەکەدا دیارە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ٪48ی خەڵک رایان لەگەڵ ئەوەیە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی لایەنی دەسەڵات بە باشی ئاگاداری بارودۆخی ژیانی خەڵک بێت، بەڵام ٪41 لەگەڵ ئەوە نەبوون.

**گرافیک 191**: نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەی کە لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی خەڵک بێت.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، ئیـدارەی راپەڕیـن بـە ٪73 و ئیـدارەی گەرمیـان بـە ٪72 رایـان وایـە کـە بەڵـێ سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی لایەنـی دەسـەڵات باشـتر ئـاگاداری بارودۆخـی خەڵـک بێـت، لەکاتێکـدا زۆرترینـی ئەوانـەی لەگـەڵ ئـەو رایـەدا نیـن لـە ئیـدارەی سـۆران بـووە بەڕێـژەی ٪58 و بەدوایـدا پارێـزگای هەولێـر بەڕێـژەی ٪51.

**گرافیـک 192:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەسـەر ئاسـتی ئیـدارە سـەربەخۆکان و پارێـزگاکان لەبـارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـەوەی کـە لایەنـی دەسـەڵات باشـتر ئـاگاداری بارودۆخـی خەڵـک بێـت.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، دانیشـتووانی شـار و گـونـدەکان بەڕێـژەی نزیکـەی ٪40 بـۆ ٪49 رایـان وابـووە کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی لایەنـی دەسـەڵات باشـتر ئـاگاداری بارودۆخـی ژیانـی خەڵـک بێـت.

**گرافیـک 193:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لـەڕووی ژینگەی دانیشـتووانەوە لەبارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان لـەوەی کـە لایەنـی دەسـەڵات باشـتر ئـاگاداری بارودۆخـی خەڵـک بێت.




لەبارەی ئاگاداربوونی دەسەڵاتداران لە ژیانی خەڵک لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪46 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪52 ڕایان وا بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی ئەوەی لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی ژیانی خەڵک بێت، بەڵام ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪42 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪37 لەگەڵ ئەوە نەبوون. لەکاتێکدا لەڕووی باری خێزانییەوە زۆرترینی ئەوانەی کە ڕایان وایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵیان نەبووە لەوەی دەسەڵاتداران باشتر ئاگاداری ڕەوشی خەڵکی بن، بەڕێژەی سەرووی ٪40 لەنێو سەڵتەکان و ئەوانە بووە کە هاوسەردارن.

**گرافیک 194:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەی کە لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی خەڵک بێت.




لەڕووی گرووپی تەمەنیشەوە، بەهەڵکشانی تەمەن ڕێژەی ئەوانە زیاتر دەبێت کە پێیانوایە سۆشیالمیدیا هاوکار بووە لەوەی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی خەڵک بێت.

**گرافیک 195:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی ڕۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەی کە لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی خەڵک بێت.



لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار ناکەن بەڕێژەی ٪54 رایان وایە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆکار لەوەی کە لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی ژیانی خەڵک بێت. لەکاتێکدا لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم/ پەیمانگە بەڕێژەی ٪58 و بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا بەڕێژەی ٪56، لەگەڵ ئەوە بوون کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان توانیویانە هاوکار بن لەوەی دەسەڵاتداران باشتر ئاگاداری ژیان و بارودۆخی خەڵک بن.

**گرافیک 196:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ئاستی بڕوانامە و پیشە لەبارەی ڕۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەكان لەوەی كە لایەنی دەسەڵات باشتر ئاگاداری بارودۆخی خەڵک بێت.



## 4.2.4 کاریگەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا لە گەیاندنی پەیام و بانگەشەی هەڵبژاردن


ئەمڕۆ پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی جیهان، تەنانەت کاریگەرییان لەسەر دەرچوونی بەربژێرەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش هەیە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی پریستۆن لەبارەی تویتەر، دەرکەوتووە کە ئەو تۆڕە توانیویەتی دەنگی کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2016 و 2020 دا کەمبکاتەوە و کاریگەریی سنوورداری لەسەر هەڵبژاردنی کۆنگرێسیش هەبووە ([13]). بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لەنێو 61 ملیۆن دەنگدەر لەبارەی بەکارهێنانی فەیسبووک لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکادا کراوە، دەرکەوتووە پۆست و پەیامەکانی نێو ئەو تۆڕە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی دەنگدان هەبووە ([14]).

[13]https://www.princeton.edu/~fujiwara/papers/SocialMediaAndElections.pdf

[14]https://www.nature.com/articles/nature11421


لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪91ی ئەوانـەی بەشـدارییان لـەم راپرسـییە کـردووە، هـاوڕان لەگـەڵ ئـەوەی کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان رۆڵێکـی کاریگەریـان هەیـە لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـدا. بـۆ زانیاریـی زیاتـر بڕوانـە گرافیکـی 197.

**گرافیـک 197:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەسـەر کاریگەریـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـدا لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکانیش، زۆرترینـی ئەوانـەی رایان وایـە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان کاریگەرییان لەسـەر بانگەشـەی هەڵبـژاردن و ئەنجامەکانـی هەیـە، لـە پارێـزگای هەولێـر ٪95، ئیـدارەی سـۆران ٪94 و ئینجا پارێـزگای دهـۆک بەڕێـژەی ٪93.8 بوونـە.

**گرافیـک 198:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەسـەر کاریگەریـی سـۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکانـدا لەسـەر ئاسـتی پارێـزگاکان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، گوندنشـینان بەڕێـژەی ٪94 لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان ڕۆڵێکـی کاریگەریـان هەیـە لـە گەیاندنـی پەیـام و سەرخسـتنی بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا.

**گرافیـک 199:** نیشـاندەری ڕای بەشـداربووان بەپێـی ژینگـەی دانیشـتووان لەسـەر کاریگەریـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکاندا.




لەبارەی ئەوەی کە ئاخۆ سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە گەیاندنی پەیام و بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪91 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪90 بە بەڵێ دەنگیان داوە.

**گرافیک 200:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ڕەگەز و باری خێزانی لەسەر کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە لەم راپرسییەدا، سەرووی ٪90ی هەموو گرووپەکانی تەمەن لەگەڵ ئەوەدا هاوڕابوون کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا.

**گرافیک 201:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەسەر کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.




لەڕووی کار یان پیشەی بەشداربووانەوە سەبارەت بە رایان لەسەر ئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان چ رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە گەیاندنی پەیام و بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەوانەی کار ناکەن و بێکارن ٪97 و ئەوانەی کار دەکەن بەرێژەی ٪92 لەگەڵ ئەوەدا بوونە کە ئەم ئامرازە دیجیتاڵییە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەو بوارە داناوە.

**گرافیک 202:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی کار و پیشەیان لەسەر کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، ئەوانەی پێیانوایە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رۆڵی کاریگەریان لە گەیاندنی پەیام و بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا هەیە، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا دەگاتە ٪94.

**گرافیک 203:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەسەر کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا.



## 4.2.5 دەربڕینی بیروڕا بە ئازادی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە


پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی زیاتریان بە مرۆڤ بەخشیوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، بەتایبەتیش کە هیچ فلتەرێکی نییە بۆ دەربڕینی بیروڕا و بڵاوکردنەوەیان ([15])، هەر لەبەر ئەمەشە کە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ناڕاست و شێواندنی ڕاستییەکان بووەتە یەکێک لە ئاڵینگارییەکانی ئەمڕۆ ([16]).

بەکارهێنانی پلاتفۆرمی دیجیتاڵی و دەربڕینی ڕاوبۆچوون و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، لە هەرێمی کوردستانیشدا بووەتە سەرچاوەی گەلێک کێشە. لەم ڕووەوە ٪56ی ئەوانەی بەشداریی ئەم ڕاپرسییەیان کردووە، لەگەڵ ئەوە هاوڕان کە ئەم پلاتفۆرمە دیجیتاڵییانە هاوکار بوونە لەوەی خەڵک ئازادانە ڕای خۆیان دەربڕن، بەڵام ٪32 لەگەڵ ئەوەدا هاوڕا نەبوون.

[15]https://unesdoc.unesco.org/ark:/48223/pf0000379826


[16]https://www.rand.org/research/projects/truth-decay.html

**گرافیک 204:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییـەکان لـەوەدا کـە خەڵـک ئازادانە رای خۆیـان دەربڕن.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، زۆرتریـنـی ئەوانـەی رایـان وایـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هـاوکار بوونـە لـەوەی خەڵـک ئازادانە رای خۆیـان دەربڕن، لـە ئیـدارەی گەرمیـان 74٪ی بەشـداربووان و لـە پارێزگای هەڵەبجـە 68٪ بـووە، بـەڵام بەهەمان شـێوە زۆرتریـنـی ئەوانـەی رای پێچەوانەیـان هەبـووە، لـە ئیـدارەی زاخـۆ 45٪ و بەدوایـدا لـە پارێـزگای هەولێـر 44٪ بـووە.

**گرافیک 205:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، گوندنشینان زیاتر لە دانیشتووانی شار لەسەر ئەو رایەن کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هاوکار بوونە لەوەی خەڵک بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەربڕن. ٪57ی دانیشتووانی شارە گەورەکانیش هەمان رایان هەیە و بەگشتیش سەرووی ٪30 بۆ ٪35 لەگەڵ ئەو رایە نین.

**گرافیک 206:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.




لەڕووی رەگەزەوە، ٪61ی رەگەزی مێ و ٪54ی رەگەزی نێر رایان لەگەڵ ئەوە بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ئازادیی رادەربڕینیان بۆ خەڵک دابینکردووە. لەڕووی باری خێزانییەوە، نزیکەی ٪50ی بەشداربووان هەمان رایان هەبووە، بەڵام زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە ناکۆکن، ئەوانەن کە لە ژیانی خێزانیدا شکستیان هێناوە و جیابوونەتەوە.

**گرافیک 207:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی رەگەز و باری خێزانی لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی 35 ساڵە بەڕێژەی 60٪ رایان لەگەڵ ئەوە بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆئەوەی خەڵک بە ئازادی رای خۆیان دەربڕن، لەکاتێکدا لە خوار ئەو تەمەنەوە کەمتر لەگەڵ ئەو بۆچوونەن.

**گرافیک 208:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.




لەڕووی پیشەوە، ئەوانەی کار دەکان و ئەوانەی کار ناکەن بەڕێژەی ٪56 رایان لەگەڵ ئەوە بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆئەوەی خەڵک بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەربڕن.

**گرافیک 209**: نیشاندەری رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان لەگەڵ ئەوە بووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆئەوەی خەڵک بە ئازادی رای خۆیان دەربڕن، ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم/ بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵان بەڕێژەی ٪60، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی رایان لەگەڵ ئەوە نییە، لەنێو ئەوانەدایە کە ئاستی خوێندەواری سەرەتایی و نزمتریان هەبووە.


**گرافیک 210:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەوەدا کە خەڵک ئازادانە رای خۆیان دەربڕن.



## 4.2.6 ڕۆڵی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسیدا


بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪63ی خەڵک لەسەر ئەو ڕایەن کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هاوکار بوونە لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسیدا، بەڵام ٪26 لەگەڵ ئەو ڕایە نەبوون.

**گرافیک 211:** نیشاندەری ڕای بەشداربووان لەبارەی ڕۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسی لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی کە ڕایان وایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆ دەستەبەربوونی ئازادیی زیاتری تاکەکەسی، لە ئیدارەی زاخۆ بەڕێژەی ٪90، ئیدارەی گەرمیان بەڕێژەی ٪78 بووە، بەڵام بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە، لە پارێزگای هەولێر بەڕێژەی ٪44 بووە.

**گرافیک 212:** نیشاندەری رای بەشداربووان لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسی.



لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە گوندنشـینان زیاتـر لـە شارنشـینان بەڕێـژەی ٪70 لەگـەڵ ئـەوەن کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هـۆکارن بـۆ فەراهەمبوونـی ئازادیـی زیاتـری تاکەکەسـی.

**گرافیـک 213:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان بەپێـی ژینگـەی دانیشـتووان لەبـارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە دەسـتەبەربوونی ئازادیـی تاکەکەسـی.




لەڕووی ڕەگەزەوە، ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪68 و نێر بەڕێژەی ٪62 لەگەڵ ئەوەدا بوونە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هاوکار بوونە لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسی. بەهەمان شێوە لەڕووی باری خێزانییەوە، ئەوانەی کە جیابوونەتەوە، بەڕێژەی ٪66 هەمان رایان هەبووە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دەستەبەربوونی ئازادیی زیاتر بۆ تاک.

**گرافیک 214:** نیشاندەری رای بەشداربووان بەپێی ڕەگەز باری خێزانییەوە لەبارەی ڕۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە دەستەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسی.




لــەڕووی گرووپــی تەمەنــەوە، زۆرتریـنــی ئەوانــەی لەگــەڵ ڕۆڵــی پۆزەتیڤانــەی سۆشــیالمیدیا بــوون لــە فەراهەمبوونــی ئازادیــی زیاتــری تاکەکەســی، لـە گرووپـی تەمەنـی 35 سـاڵ بەرەو سـەرەوە بـوون بەڕێژەی ٪66، بـەڵام گرووپـی تەمەنـی (18-24) سـاڵ بەڕێـژەی ٪30 لەگـەڵ ئـەو ڕایـەدا نەبــوون.

**گرافیـک 215:** نیشـاندەری ڕای بەشـداربووان بەپێـی گرووپـی تەمـەن لەبـارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە دەسـتەبەربوونی ئازادیـی تاکەکەسـی.



لـەڕووی پیشـە و کارەوە، ئەوانـەی کار دەکان و ئەوانـەی کار ناکـەن بـە نزیکـەی ٪60 رایـان وایـە کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێـک بوونـە بـۆ دەسـتەبەربوونی ئازادیـی تاکەکەسـی. بـەڵام لـەڕووی ئاسـتی خوێندەوارییـەوە، ئەوانـەی رایـان وایـە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بوونەتـە هـۆی ئازادیـی زیاتری تاکەکەسـی، لەنێـو هەڵگرانی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵا دەگاتـە ٪69. لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە گوندنشـینان زیاتـر لـە شارنشـینان بەڕێـژەی ٪70 ، هەمـان رای ئەوانەیـان هەبـووە کـە هەڵگـری بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵان.

**گرافیـک 216:** نیشـاندەری رای بەشـداربووان بەپێـی ئاسـتی خوێنـدەواری و پیشـە لەبارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە دەسـتەبەربوونی ئازادیی تاکەکەسـی.




Research Center

## 4.2.7 گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە


وەک لە ئەنجامی راپرسییەکەوە دەردەکەوێ، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی رایان وایە کە کاربەدەستان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران بەکاردەهێنن، ژمارەیان کەمترە. بەشێوەیەک کە ٪42ی بەشداران رایان وایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆ گەیاندنی نادادییەکان بە گوێی دەسەڵاتداران لە حیزب و حکومەت، بەڵام ٪46 رایان لەگەڵ ئەوە نییە.

**گرافیک 217:** رای بەشداربووان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە کە کاربەدەستان سوود لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەبینن بۆ گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران، لە پارێزگای دهۆک ٪62 و لە ئیدارەی سۆران ٪52 بووە، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە، لە ئیدارەی گەرمیان ٪60 بووە و لە پارێزگای هەڵەبجە ٪54 و ئینجا لە پارێزگای سلێمانی ٪52 بووە.

**گرافیک 219:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، گوندنشـینان بەڕێـژەی ٪52 و دانیشـتووانی شـار بەڕێژەی ٪44 رایـان لەگەڵ ئەوە نییە کە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـیـەکان هۆکارێـک بووبـن بـۆ گەیاندنـی نادادییـەکان لەلایـەن کاربەدەسـتانی ناوچەیـی بـە دەسـەڵاتداران.

**گرافیـک 220:** رای بەشـداربووان بەپێـی ژینگـەی دانیشـتووان لەبـارەی رۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنی نادادییەکان بە دەسـەڵاتداران.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، لەنێو هەموو تەمەنە جیاوازەکان لە 18 ساڵ بۆ سەرەوە، نزیکەی ٪40 لەگەڵ ئەوەدا بوون کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆ گەیاندنی نادادییەکان لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەییەوە بە دەسەڵاتداران، بەڵام ٪42 بۆ ٪49 لەگەڵ ئەوە نەبوون و رایان وا نەبووە.

**گرافیک 221:** رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران.



لـەڕووی ڕەگـەزەوە، بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی لەگەڵیدانەبـوون، کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێـک بووبـن بـۆ گەیاندنـی نادادییـەکان لەلایـەن کاربەدەسـتانی ناوچەییـەوە بـە دەسـەڵاتداران لـە ڕەگـەزی مـێ بەڕێـژەی 47%. هەروەهـا، لـەڕووی بـاری خێزانـەوە بەڕێـژەی 56% ئەوانـەی جیابوونەتـەوە هەمـان بۆچوونـی ڕەگـەزی مـێ هەبـووە.

**گرافیـک 222:** ڕای بەشـداربووان لەبـارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنـی نادادییـەکان بـە دەسـەڵاتداران لـەڕووی ڕەگـەز و بـاری خێـزان



لـەڕووی پیشـە و کارەوە، ٥١٪ی ئەوانـەی کار ناکـەن، لەگـەڵ ئـەوە نەبـوون کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان هۆکارێـک بووبـن بـۆ گەیاندنـی نادادییـەکان لەلایـەن کاربەدەسـتانی ناوچەییـەوە بـە دەسـەڵاتداران.

**گرافیـک 223:** رای بەشـداربووان لەبـارەی ڕۆڵـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە گەیاندنـی نادادییـەکان بـە دەسـەڵاتداران.



هەروەها، لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە بەنزیکەیی 40٪ی بەشداربووان رایان وایە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بوونە بۆ گەیاندنی نادادییەکان لەلایەن کاربەدەستانی ناوچەییەوە بە دەسەڵاتداران.


**گرافیک 224:** رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی رۆڵی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە گەیاندنی نادادییەکان بە دەسەڵاتداران.



## 4.2.8 کۆنترۆڵی شەقام لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە


بەگوێرەی راپرسییەکە بێت، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 52٪ی خەڵک لەگەڵ ئەوەن کە دەسەڵات زۆر باش توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات، بەڵام 34٪ لەگەڵ ئەو رایە نین.

**گرافیک 225:** رای بەشداربووان لەبارەی کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە دەسەڵات توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات، لە پارێزگای دهۆک ٪69، لە ئیدارەی زاخۆ ٪60.7 و ئینجا لە پارێزگای هەولێر ٪60.5 بووە، لە بەرامبەردا زۆرترینی ئەوانەی پێیانوایە دەسەڵات نەیتوانیوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات، لە پارێزگای هەڵەبجە ٪79، ئیدارەی گەرمیان ٪59 و ئینجا لە ئیدارەی راپەڕین ٪52 بووە.

**گرافیک 226:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەبارەی کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، گوندنشینان و شارنشینان بەڕێژەی نزیکەی 50٪ رایان وایە کە دەسەڵات زۆر باش توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات.

**گرافیک 227:** رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.




لەبارەی ئەوەی کە دەسەڵات لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە توانیویەتی شەقام کۆنترۆڵ بکات، لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ جیاوازی هەیە. ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪54 و ڕەگەزی مێ بە ٪46 لەسەر ئەوە هاوڕان، بەڵام ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪31 و ڕەگەزی مێ بە ٪40 لەگەڵ ئەو رایە نین. لەڕووی باری خێزانییەوە، سەڵتەکان بەڕێژەی ٪49 لەگەڵ ئەوەدان کە دەسەڵات توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ٪33 لەگەڵ ئەوە نین.

**گرافیک 228:** رای بەشداربووان رەگەز و باری خێزانی لەبارەی توانای کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.



لـەڕووی گرووپــی تەمەنــەوە، بەرزتریــن ڕێــژەی ئەوانــەی پێیانوایــە دەســەڵات توانیویەتــی لەڕێی سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییەکانەوە شــەقام بەباشــی کۆنتــڕۆڵ بــکات، لەنێــو گرووپــی تەمــەن (25-34) ســاڵدایە بەڕێــژەی ٪56، بــەڵام گەنجــەکان، ئەوانــەی تەمەنیــان لەنێــوان (18-24) ســاڵدایە، بەڕێــژەی ٪34 لەگــەڵ ئــەو ڕایــە نیــن.


**گرافیـک 229**: ڕای بەشـداربووان بەپێـی گرووپـی تەمـەن لەبـارەی کۆنتڕۆڵـی شـەقام لەلایـەن دەسـەڵاتەوە لەڕێـی سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان.



Research Center

لەڕووی پیشە و کارەوە، ئەوانەی کار دەکەن و ئەوانەی کار ناکەن بەڕێژەی نزیکەی ٪50 رایان وایە کە دەسەڵات زۆر باش توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام کۆنترۆڵ بکات.

**گرافیک 230:** رای بەشداربووان لەبارەی کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.



لەڕووی ئاستی خوێندەواریشەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە کە دەسەڵات توانیویەتی لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە شەقام بەباشی کۆنترۆڵ بکات، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم/ پەیمانگەدایە بەڕێژەی ٪56، لە بەرامبەردا زۆرترینی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایە نین، لە ئاستی خوێندەواریی بنەڕەتی / ناوەندین بەڕێژەی ٪37.


**گرافیک 231:** رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی کۆنترۆڵی شەقام لەلایەن دەسەڵاتەوە لەڕێی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان.



## 4.2.9 سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێک بۆ ناکۆکیی سیاسی

بەگوێرەی راپرسییەکە، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪76ی هاونیشتمانیان رایان وایە کە رەنگدانەوەی کێشەی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەناو سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، یەکێکە لە رێگرەکانی بەردەم یەکریزیی کورد، بەڵام ٪18ی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا نین.


**گرافیک 232**: رای بەشداربووان لەسەرئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستانن.



لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی پێیانوایە رەنگدانەوەی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستان لەناو سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکە لەبەردەم بەدینەهاتنی یەکڕیزی، لە پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سۆران بووە بەڕێژەی ٪94، لە بەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەو رایەدا نین، لە ئیدارەی زاخۆیە بەڕێژەی ٪55، بەدوایدا پارێزگای دهۆک دێت بە ٪30.


Research Center

**گرافیک 233:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەسەرئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستانن.




لــەڕووی ژینگــەی دانیشــتووانەوە، لــە ســەنتەری قــەزا و شــارە بچووکەکانــدا ٪80 و لەنێــو گوندنشــیناندا بەڕێــژەی ٪79 رایــان وایــە کــە کێشــەی نێــوان حیزبەکانــی کوردســتان لەنــاو سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان هۆکارێکــە بــۆ بەدینەهاتنــی یەکڕیــزی.

**گرافیــک 234:** رای بەشــداربووان بەپێــی ژینگــەی دانیشــتووان لەســەرئەوەی کــە سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان هۆکارێکــی کێشــەی نێــوان حیزبەکانــی کوردســتانن.




لە هەرێمی کوردستان، رەگەزی نێر و مێ بەرێژەی نزیکەی 76٪ بەتەواوی لەگەڵ ئەو رایەن کە رەنگدانەوەی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستان لەناو سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکە بۆ یەکڕیزنەبوونی کورد. لەرووی باری خێزانیشەوە بەرزترین رێژە گەیشتووەتە 88٪ کە هەمان بڕوایان هەیە.

**گرافیک 235:** رای بەشداربووان بەپێی رەگەز و باری خێزانی لەسەرئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستانن.




لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە. هەمـوو تەمەنـە جیـاوازەکان بەڕێـژەی ٪76 بـۆ ٪78 رایـان وا بـووە کـە رەنگدانـەوەی کێشـەی نێـوان حیزبەکانـی کوردسـتان لەنـاو سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان هۆکارێکـی بەدینەهاتنـی یەکڕیزیـی ماڵـی کـوردە.

**گرافیـک 236:** رای بەشـداربووان بەپێـی گرووپـی تەمـەن لەسـەرئەوەی کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان هۆکارێکـی کێشـەی نێـوان حیزبەکانـی کوردسـتانن.




هەروەها لەڕووی کار و پیشەوە، ٪76ی ئەوانەی کار ناکەن و ئەوانەشی کار دەکەن، رایان وایە کە زەقکردنەوەی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستان لە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە هۆکارێکی بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان و یەکڕیزنەبوونی ماڵی کوردە.

**گرافیک 237:** رای بەشداربووان بەپێی کار و پیشەیان لەسەرئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستانن.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە کە رەنگدانەوەی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستان لە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە هۆکارێکە بۆ یەکڕیزنەبوونی کورد، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی ٪80 بووە، بەدوایدا ئەوانە دێن کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایی/ ناوەندین بەڕێژەی ٪78.

**گرافیک 238:** رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەسەرئەوەی کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هۆکارێکی کێشەی نێوان حیزبەکانی کوردستانن.



Research Center

## 4.3 کاریگەریی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەڕووی ئابوورییەوە

پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا کاریگەریـی گەورەیـان لەسـەر ئابـووری و بـازاڕی کاڵا لـە جیهانـدا هەیـە، ئـەم کاریگەرییـە لەسـەر بازرگانیـی دەرەوەی سـنوورەکان و بەرزکردنـەوەی گەشـەی بەرهەمـی ناوخۆیـی وڵاتانیـش دەبینیـن.

ئەمـڕۆ داهاتـی کۆمپانیاکانـی بـواری دیجیتـاڵ میدیـا سـاڵانە ملیـاران دۆلارە، بەپێـی دوایـن راپۆرتـی داهاتـی کۆمپانیـاکان بەرامبـەر ژمـارەی بەکارهێنـەران لەنێـو پلاتفۆرمـە جیاوازەکانـدا، تیکتـۆک گەورەتریـن داهاتـی بەرامبـەر هـەر بەکارهێنەرێـک هەیـە، بەشـێوەیەک بـۆ هـەر بەکارهێنەرێـک 46.8 دۆلار داهاتـی هەیـە، بەدوایـدا فەیسـبووک دێـت کـە بـۆ هـەر بەکارهێنەرێک 30.75 دۆلار داهاتـی هەیە، ئینجـا لینکدیـن دێـت کـە 9.25 دۆلارە و تویتـەر 9.39 دۆلارە و یوتیـوب 8.6 دۆلار، ئەمـە

لەکاتێکدا داهاتی ساڵانەی تیکتۆک 34.3 ملیارە و داهاتی فەیسبووک 86 ملیارە و یوتیوب 19.6 ملیارە و سناپچات 911 ملیۆن دۆلارە ([17]).

ئێستا لە هەرێمی کوردستانیش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ مەبەستی بازرگانی و ناساندنی کاڵا و بەرهەمە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێ. لەبارەی کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر گەشەکردنی ئابووری، بەشێوەیەکی گشتی و بەنزیکەیی ٪63 بۆ ٪68ی ئەوانەی بەشداریی ئەم راپرسییەیان کردووە، رایان وایە کە سۆشیالمیدیا کاریگەریی زۆری هەبووە، وەکو لە خشتەی (04) دا دەردەکەوێ.

لەڕووی پیشە و کارەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری هەبووە، بەتێکڕا نزیکەی ٪60ی هەموو ئاستەکانی خوێندن و هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆیین وەکو لە خشتەی (04) دا دیارە. لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، بەرزترین رێژەی ئەوانەی کە رایان وایە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری هەیە، دانیشتووانی شارن کە رێژەیان دەگاتە ٪69.

[17]https://www.postbeyond.com/blog/revenue-per-social-media-user/

لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، ئەوانەی لەم راپرسییەدا رای خۆیان لەبارەی کاریگەریی سۆشیالمیدیا لەسەر دۆخی ئابووری داوە، لە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی سۆران بەرزترین رێژە کە ٪80 بووە، رایان وایە کە بەڵێ سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان هەبووە، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی رایان جیاوازە، لە ئیدارەی زاخۆ ٪43.6 بووە و بەدوایدا لە پارێزگای دهۆک ٪39 بووە وەکو لە خشتەی (04) دا دیارە.

بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪65.4ی خەڵک رایان وایە کە سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئابووری هەبووە، وەکو لە ئەنجامی راپرسییەکەوە دەردەکەوێ.

## **خشتەی 04:** کاریگەریی سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەسەر دۆخی ئابووری

| | | لەگەڵیدام | نە لەگەڵیدام و نەلەگەڵیدانیم | لەگەڵیدانیم |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 66.6 | 26.4 | 6.9 |
| | مێ | 62.4 | 25.5 | 12.1 |
| گرووپی تەمەن | 18-24 | 68.8 | 23.6 | 7.5 |
| | 25-34 | 63.5 | 27.8 | 8.7 |
| | 35+ | 63.3 | 27.5 | 9.2 |
| باری هاوسەرگیری | سەڵت | 67.1 | 24.9 | 7.9 |
| | هاوسەردار | 64.1 | 27.1 | 8.7 |
| | تەلاقدراو یان بێوە(پیاو یان ژن) یان جیابووە | 66.7 | 22.2 | 11.1 |
| باری کارکردن | کار دەکات( بە کرێ کار دەکات ، بو خۆی کار | 65.9 | 26.2 | 7.9 |
| | دەکات، خاوەنکارە) | | | |
| | کارناکات ( بێکارە) | 63.2 | 28.7 | 8.0 |
| | کار ناکات( ژنی ماڵەوەیە، قوتابی، نەخۆشە...) | 64.8 | 25.3 | 10.0 |
| ئاستی بڕوانامە | سەرەتایی و کەمتر | 59.4 | 30.4 | 10.2 |
| | بنەڕەت/ ناوەندی | 68.3 | 24.3 | 7.5 |
| | ئامادەیی | 69.5 | 23.0 | 7.5 |
| | دبلۆم / پەیمانگا | 66.7 | 23.5 | 9.8 |
| | بەکالۆریۆس/ خوێندنی باڵا | 64.5 | 29.0 | 6.5 |
| ژینگە | شارنشینی ناوەندی پارێزگا | 60.9 | 28.5 | 10.669 |
| | شارنشین | 69.1 | 23.7 | 7.2 |
| | گوندنشین | 67.7 | 25.9 | 6.4 |
| پارێزگا /ئیدارە سەربەخۆکان | هەولێر | 76.1 | 20.3 | 3.6 |
| | سۆران | 80.0 | 20.0 | 0.0 |
| | سلێمانی | 68.6 | 24.7 | 6.7 |
| | گەرمیان | 80.0 | 18.0 | 2.0 |
| | ڕاپەرین | 75.4 | 13.8 | 10.8 |
| | دهۆك | 44.8 | 39.1 | 16.1 |
| | زاخۆ | 27.3 | 43.6 | 29.1 |
| | هەڵەبجە | 76.0 | 24.0 | 0.0 |
| هەرێمی کوردستان | | 65.4 | 26.2 | 8.4 |

Research Center


## 4.3.1 ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن بە کواڵیتی نین

لە هەرێمی کوردستان، بازاڕی ئۆنڵاین لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و سۆشیالمیدیا و ماڵپەڕەکانەوە گەشەی کردووە. بەگوێرەی داتاکان، لەسەر ئاستی عێراق پێشبینی دەکرێ خەرجییەکان لە بازاڕە ئۆنڵاینەکاندا بۆ ئەمساڵی 2022 بگاتە 5.6 ملیار دۆلار. هەروەها رێژەی گەشەکردنی ساڵانەی بگاتە نزیکەی 17.5٪ لەنێوان 2022 بۆ 2025. قەبارەی خەرجییەکان لە بازاڕەکەدا تاوەکو سێ ساڵی داهاتوو دەگاتە نزیکەی 9.2 ملیار دۆلار. وەهاش چاوەڕوان دەکرێ تێکڕای ساڵانەی خەرجییەکانی هەر بەکارهێنەرێک بگاتە 291 دۆلار ([18]).

[18]https://www.statista.com/outlook/dmo/ecommerce/iraq#revenue


یەکێـک لـە کێشـە سـەرەکییەکانی بـازاڕە ئۆنڵاینـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان پەیوەندی بـە کواڵیتـی کاڵاکانـەوە هەیـە کـە کڕیارەکان رایـان وایـە جیـاوازی هەیـە لـەوەی لـە وێنەکانـدا بینیویانـە و ئـەوەی دەگاتـە دەسـتیان، بەشـێوەیەک لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪66.3ی ئەوانـەی بەشـدارییان لـەم راپرسـییە کـردووە، پێیانوایـە ئـەو شـتانەی لەڕێـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە دەفرۆشـرێن بـە کواڵیتـی نیـن.

**گرافیک 239:** رای بەشداربووان لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی ٪71ی ئەوانەی بەشدارییان لە راپرسییەکەدا کردووە، رایان وایە ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن بە کواڵیتی نین، لە بەرامبەردا بەرزترین رێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوە نین یان رایان جیاوازە، لە ئیدارەی زاخۆ ٪38 و لە پارێزگای دهۆک ٪26 بووە.

**گرافیک 240:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانیشەوە، ئەوانەی دانیشتووی شار و قەزا و شارۆچکە بچووکەکانن، زۆرترینیان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن کاڵای بێ کواڵیتین.

**گرافیک 241:** رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.




لەڕووی رەگەزەوە، رەگەزی نێر بەرێژەی 68٪ و رەگەزی مێ بەرێژەی 62٪ رایان وایە کە ئەو شتانەی لەرێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن بە کواڵیتی نین. لەڕووی باری خێزانیشەوە، ئەوانەی سەڵتن بە 67٪ بەرزترین رێژەیان هەیە لەنێو ئەوانەی کە رایان وایە ئەو کاڵایانەی لەرێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەفرۆشرێن کواڵیتییان خراپە.

**گرافیک 242:** رای بەشداربووان لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەرێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.




لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە، هەمـوو تەمەنـە جیـاوازەکان بەڕێـژەی ٪63 بـۆ ٪67 هەمـان رایـان هەیـە لەبـارەی کـواڵیتـی خراپـی ئـەو کاڵایانـەی لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە دەفرۆشـرێن.

**گرافیک 243:** رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.




لـەڕووی کار یـان پیشـەوە، ئەوانـەی کار ناکـەن (بێـکار) بەڕێـژەی 73٪ رایـان وایـە کـە ئـەو شـتانەی لەڕێـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە دەفرۆشـرێن کواڵیتیـان وەک ئـەوە نییـە کـە لـە ریکلامەکانـدا دەیبینـن، 67٪ی ئەوانەشـی کار دەکـەن، هەمـان رایـان هەبـووە.

**گرافیک 244:** رای بەشداربووان لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، زۆرترینی ئەوانەی کە رایان وایە ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەفرۆشرێن کواڵیتییان باش نییە، هەڵگرانی بڕوانامەی بنەڕەتی/ ناوەندین بەڕێژەی ٪72، بەدوایدا هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی دێن بەڕێژەی ٪68.8.


**گرافیک 245:** رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی کواڵیتی ئەو شتانەی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە دەیانکڕن.



## 4.3.2 ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان سپۆنسەر دەکرێن بێزارکەرن


بەگشتی و وەک لە راپرسییەکەدا دیارە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە ٪70ی بەشداربووان رایان وایە کە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن، بێزارکەرن، بەڵام ٪22.8ی بەشداربووان رایان وانەبووە کە بە ریکلامی ئەو کاڵا سپۆنسەرکراوانە بێزاربووبن.

**گرافیک 246:** رای بەشداربووان لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.




لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، کەمترینـی ئەوانـەی پێیانوایـە ئـەو بابەتـە بازرگانیانـەی لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا سپۆنسـەر دەکرێـن خەڵـک بێـزار دەکـەن، لـە ئیـدارەی زاخـۆ ٪50 بـووە، بەدوایـدا پارێزگای هەڵەبجـە ٪56. زۆرترینی ئەوانەشـی رایان وا بـووە کـە بابەتـە بازرگانییـە سپۆنسـەرکراوەکان خەڵـک بێزاردەکـەن، لـە پارێـزگای هەولێـر ٪85 بـووە.

**گرافیک 247:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، بەشداربووان لە شار و گوندەکان، نزیکەی بە هەمان ئەندازە رایان وابووە کە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن خەڵک بێزار دەکەن.

**گرافیک 248:** رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.




لەڕووی رەگەزییەوە، رەگەزی نێر زیاتر لە رەگەزی مێ رایان وابووە کە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن خەڵک بێزار دەکەن.هەروەها، بەپێی باری خێزانی بەرزترین رێژەی ئەوانەی جیابوونەتەوە بەتەواوی رایان وابووە کە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن خەڵک بێزار دەکەن.

**گرافیک 249:** رای بەشداربووان بەپێی رەگەز و باری خێزانی لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.




لـەڕووی گرووپـی تەمەنـەوە، زۆرترینـی ئەوانـەی کـە دەڵێـن بابەتـە بازرگانییـە سپۆنسـەرکراوەکانی سـەر پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بێـزاری کـردوون، لـە گرووپـی تەمەنـی (18-24) سـاڵن بەرێـژەی 77٪.

**گرافیک 250:** ڕای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن، لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.




لەڕووی پیشەوە، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن بێزارکەرن، ئەوانەن کە کاریان نییە بەڕێژەی ٪74، ئەوانەشی کار دەکەن، بەڕێژەی ٪71 هەمان رایان هەبووە.

**گرافیک 251:** رای بەشداربووان لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، ئەوانەی رایان وا بووە کە ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن بوونەتە هۆی بێزاری، لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس/خوێندنی باڵا دەگاتە ٪78.

**گرافیک 252:** رای بەشداربووان لەبارەی ئەو بابەتە بازرگانیانەی لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا سپۆنسەر دەکرێن.



### 4.3.3 پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و دەرفەتی کار و بازرگانی

ڕەخساندنی دەرفەت و هەلی کار لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، بەشێوەیەک بەڕێوەبەری سۆشیالمیدیا لە 100 باشترین کارەکانە لە ئەمریکا و ساڵانە ٪9 گەشە دەکات ([19]). لەبارەی ڕەخساندنی هەلی کار و دەرفەتی کار بەهۆی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە لە هەرێمی کوردستان، بۆچوونی جیاواز لەنێو بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییەدا هەبووە. بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪56 ڕایان لەگەڵ ئەوەدایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە، بەڵام نزیکەی ٪30 پێیانوانییە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردبێت.


[19] https://www.socialmediacollege.com/blog/social-media-career-growth-in-2022-what-you-need-to-know/

**گرافیک 253:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی ٪75، لە پارێزگای هەولێر بەڕێژەی ٪61 و لە ئیدارەی زاخۆ بەڕێژەی ٪60 رایان وایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە، بەڵام زۆرترینی ئەوانەی بەپێچەوانەوە بیردەکەنەوە، لە ئیدارەی سۆران بوون بەڕێژەی ٪40.

**گرافیک 254:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.




لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە، زۆرترینی ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوە بوون پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە، لەنێو دانیشتووانی شارە گەورەکاندان بەڕێژەی ٪63.

**گرافیک 255:** رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.




لەڕووی ڕەگەزەوە، زۆرترینی ئەوانەی کە لەگەڵ ئەوە بوون پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە، لەنێو ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪63. هەروەها، لەڕووی باری خێزانییەوە، زۆرترینی سەڵتەکان بوون کەهەمان رای ڕەگەزی مێ هەبووە.

**گرافیک 256:** رای بەشداربووان بەپێی ڕەگەز و باری خێزان لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، ٪61ی گەنجەکان یان گرووپی تەمەنی (18-24) ساڵ لەگەڵ ئەو رایەن کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان توانیویانە دەرفەتی کار و بازرگانی زیاتر بکەن.

**گرافیک 257:** رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەرێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.




لەڕووی پیشە یان کارەوە، زۆرترینی ئەوانەی پێیانوایە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هاوکار بوونە لە زیاترکردنی دەرفەتی کار و بازرگانی، بەڕێژەی ٪61 لەنێو ئەوانەدایە کە کار ناکەن (ژنی ماڵەوە، قوتابی و نەخۆش)، لەکاتێکدا زۆرترینی ئەوانەی رایان لەگەڵ ئەوە نییە، ئەوانەن کە کار دەکەن بەڕێژەی ٪32.

**گرافیک 258:** رای بەشداربووان بەپێی کار و پیشە، لەبارەی لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.



لەڕووی ئاستی خوێندەواریشەوە، هەتا ئاستی خوێندەواری بەرزتر بێت، ژمارەی ئەوانەی کە پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانیی زیاتریان ڕەخساندووە، زیاد دەکات. بەشێوەیەک لەنێو ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵان، دەگاتە 69٪.


**گرافیک 259:** ڕای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی زیادبوونی دەرفەتی کار و بازرگانی لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە.



## 4.3.4 دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە گرفتێک لەڕووی دارایی و داهاتی خێزانەوە


خەرجییەکانی ئینتەرنێت لە عێراق 50 هێندەی خەرجییەکانی ئینتەرنێتە لە جیهاندا، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، وەکو لە ئەنجامی ئەم راپرسییەوە دەردەکەوێ، ٪63ی خەڵک رایان وایە کە دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە مایەی بارگرانی لەڕووی دارایی و داهاتی خێزانەوە، تەنیا ٪26ی خەڵک ئەوە بە بارگرانی نازانن و دەتوانن ئەو خەرجییە بدەن.

**گرافیکی 260:** رای بەشداربووان لەسەر نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، لە ئیدارەی سۆران بەڕێژەی ٪89 و لە پارێزگای هەولێر بەڕێژەی ٪72 و لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی ٪68 رایان وایە کە دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە مایەی بارگرانی لەڕووی دارایی و داهاتی خێزانەوە، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی نرخی ئینتەرنێت بە گرفت نازانن، لە ئیدارەی زاخۆ ٪47 و لە پارێزگای دهۆک ٪38 بوون.

**گرافیکی 261:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەبارەی نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، زۆرترینـی ئەوانـەی رایـان وایـە کـە دابینکردنـی ئینتەرنێـت بـۆ ئەندامانـی خێـزان بووەتـە مایـەی بارگرانـی لـەڕووی دارایـی یـان داهاتـی خێزانـەوە، لەنێـو گوندنشـیناندان بەرێـژەی 74٪.

**گرافیک 262:** رای بەشداربووان لەڕووی ژینگەی دانیشتووانەوە لەبارەی نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




لـەڕووی ڕەگـەزەوە، ٪63ی ڕەگـەزی نێـر و ٪61ی ڕەگـەزی مـێ ڕایـان وایـە کـە دابینکردنـی ئینتەرنێـت بـۆ ئەندامانـی خێـزان بووەتـە مایـەی بارگرانـی لـەڕووی دارایـی یـان داهاتـی خێزانـەوە. لـەڕووی بـاری خێزانیشـەوە، خێزانـدارەکان بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـە پێکدێنـن کـە ڕایـان وایە دابینکردنی ئینتەرنێت بـۆ ئەندامانی خێزان بووەتـە مایەی بارگرانی لـەڕووی داراییـەوە.

**گرافیک 263:** ڕای بەشداربووان بەپێی ڕەگەز و باری خێزانی لەسەر نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن ژمارەی ئەوانە زیاد دەکات کە پێیانوایە خەرجیی ئینتەرنێتی ئەندامانی خێزان بووەتە مایەی بارگرانی. ئەم ڕێژەیە لەنێو گرووپی تەمەن 35 ساڵ بەرەو سەرەوە دەگاتە ٪68.

**گرافیک 264:** ڕای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەسەر نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




لـەڕووی پیشـە و کارەوە، ئەوانـەی کار دەکـەن و ئەوانـەی کار ناکـەن بەڕێـژەی ٪63 رایـان وایـە کـە دابینکردنـی ئینتەرنێـت بـۆ ئەندامانـی خێـزان بووەتـە مایـەی بارگرانـی لەسـەر بـاری دارایـی و داهاتیـان.

**گرافیک 265:** رای بەشداربووان بەپێی کار و پیشە لەبارەی نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.



هەروەها، لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری، ژمارەی ئەوانەش زیاد دەکات کە رایان وایە دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە مایەی بارگرانی لەسەر باری دارایی و داهاتی خێزان. بەشێوەیەک لەنێو هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا دەگاتە ٪80، بەڵام لەنێو ئەوانەی ئاستی خوێندەواریی سەرەتایی و نزمتریان هەیە، رێژەکە دەگاتە ٪71.

**گرافیک 266:** رای بەشداربووان لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە لەبارەی نرخی دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان.




## 4.3.5 خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان

خزمەتگوزاریی و خێرایی ئینتەرنێت لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەگشتی خراپە و نرخی هێڵەکانی ئینتەرنێتیش جیاوازە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی سەنتەری رواتب بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی "خێرایی ئینتەرنێت لە عێراق 50 جار خاوترە لەچاو هێڵەکانی ئینتەرنێت لە جیهان، کەچی لەڕووی نرخەوە لە عێراق 50 جار گرانترە لە جیهان" ([20]). هەربۆیە بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە، بەگشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪66 ی هاونیشتمانیان رایان وایە کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت زۆرباش نییە و تەنیا ٪23ی بەشداربووان رایان وابووە کە باشە.


[20]https://rawabetcenter.com/en/?p=7319#:~:text=times%20more%20expensive-,Internet%20in%20Iraq%20compared%20to%20the%20world%2C%2050%20times,and%2050%20times%20more%20expensive&text=In%20the%20era%20of%20globalization,the%20lifeblood%20in%20all%20areas.

**گرافیکی 267:** رای بەشداربووان لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، زۆرترینی ئەوانەی رایان وایە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت باش نییە، لە ئیدارەی سۆران ٪90، بەدوایدا لە ئیدارەی گەرمیان ٪78 و ئینجا لە پارێزگای هەڵەبجە ٪72 بووە، بەڵام بەرزترین رێژەی ئەوانەی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان رازین، لە ئیدارەی زاخۆ ٪45 و ئینجا پارێزگای دهۆک ٪28 بووە.

**گرافیکی 268:** رای بەشداربووان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




لـەڕووی ژینگـەی دانیشـتووانەوە، زۆرترینـی ئەوانـەی کـە رایـان وایـە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی ئینتەرنێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان زۆر بـاش نیـە، لەنێـو گوندنشـینان بـووە بـە ٪79.5.

**گرافیکی 269:** رای بەشداربووان بەپێی ژینگەی دانیشتووان لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




لەڕووی ڕەگەزەوە، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی ٪67 و ڕەگەزی مێ بەڕێژەی ٪61 ڕایان لەگەڵ ئەوەدایە کەوا پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان زۆرباش نییە. لەڕووی باری خێزانییەوە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کە هەمان ڕایان هەبووە سەڵتەکانن بەڕێژەی ٪67.

**گرافیکی 270:** ڕای بەشداربووان بەپێی ڕەگەز و باری خێزانی لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




هەروەها لەڕووی گرووپی تەمەنەوە، نزیکەی ٪60ی هەموو تەمەنە جیاوازەکان پێیانوایە کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان زۆر باش نییە.

**گرافیکی 271:** رای بەشداربووان بەپێی گرووپی تەمەن لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.




لەڕووی پیشە و کارەوە، ئەوانەی کار دەکەن بەڕێژەی ٪68 رایان وایە کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان زۆر باش نییە، بەڵام زۆرترینی ئەوانەی رایان لەگەڵ ئەوەدا نییە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان خراپ بێت، ئەوانەن کە کار ناکەن.

**گرافیکی 272:** رای بەشداربووان بەپێی پیشە لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.



لەڕووی ئاستی خوێندەوارییەوە، بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدان کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان خراپە، ئەوانەن کە هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین بەڕێژەی 69٪ و ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتی/ناوەندین بەڕێژەی 68٪.

**گرافیکی 273:** رای بەشداربووان بەپێی ئاستی خوێندەواری لەبارەی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان.



# 5

# گفتوگۆی ئەنجامەکان

## 5.1 بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان و کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاتر بەکاردەهێنرێت

### 5.1.1. بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

بەرزترین ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان کە دەگاتە ٪70، لە پارێزگای هەڵەبجەیە، دوای ئەو سلێمانی دێت بە ٪63 و پاشان دهۆك و هەولێر بە ٪60 و ٪59 دێن. لە ئیدارە سەربەخۆکاندا بێجگە لە سۆران کە ٪53 بووە، ئەوانی دیکە لە سنوورەکانی ٪60 و بەرەوسەرەوەن. بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەشێوەی سروشتی لە شارەکاندا زیاترە و ئەمەش هەرچی بەرەو ناوچەکانی دەوروبەر دەچێت

بـۆ قـەزا و ناحیـەکان و دواتـر گوندەکان، کەمتـر دەبێتەوە. بەشـێوەیەکی گشـتی تێکـڕای ئەندامانـی هـەر خێزانێك لـە هەرێمی کوردسـتان نزیکەی 6 کەسـە و نزیکـەی 4 کەسـیان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. بەپێـی ئەنجامەکانی ئـەم راپرسـییە، هـەر تاکێـك لـە هەرێمـی کوردسـتان رۆژانە 4.7 کاژێـری خـۆی بـۆ بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان تەرخـان دەکات، ئەمـەش بـە نزیکـەی زیاتـر لـە دوو ئەوەنـدەی ئـەو کاتـە تێکڕاییەیـە کـە لـە جیهانـدا بـۆ ئـەوە تەرخـان دەکرێـت.

بەشـێوەیەکی گشـتی لـە قـەزا و ناحیەکانـدا، بـە تەرخانکردنـی 5.1 کاژێـر کاتــی رۆژانــە، ئینتەرنێــت زیاتــر لــە ســەنتەری پارێــزگاکان و گونــدەکان بەکاردێـت. لەوانەیـە ئەمـەش پەیوەندیـی بـە کەمیـی کار لـەو شـوێنانە و خاوبوونــەوەی خزمەتگوزاریــی ئینتەرنێتــەوە هەبێــت، بــەڵام دیســان ماوەکــەی زیاتــرە لــەو کاتــەی کــە لــە هەندێــك وڵاتــی ئەفریقایــی و ئاسـیاییدا بـۆ بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت تەرخـان دەکرێـت ( ). بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت لـە بەشـی باکـووری هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ نموونـە لـە زاخـۆ، دهـۆك، سـۆران زیاتـرە هەتـا بەشـە باشـوورییەکەی، بـۆ نموونـە شـوێنێکی وەك سـلێمانی یـان گەرمیـان، هەرچەنـد لـەو نێوانـەدا لـە هەڵەبجـە بەکارهێنانەکـە بـەرز دەبێتـەوە.

[21]- https://www.weforum.org/agenda/2022/04/social-media-internet-connectivity/

گەنجانی 18-24 ساڵ بە 5.9 کاژێر لە شەووڕۆژێکدا زۆرترین کات بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەرخان دەکەن و لە گرووپەکانی تەمەندا بەرە بەرە، ئەوە بۆ 25-34 ساڵ دەبێتە 4.7 کاژێر و بۆ تەمەنی سەرووی 35 ساڵیش بۆ 3.4 کاژێر کەم دەبێتەوە. خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە تەنانەت ئەو کاتەی گەنجێك لە هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەرخانی دەکات، زۆر زیاترە لەو کاتەی کە لە قوتابخانە تێپەڕی دەکات. خۆ ئەگەر 6 کاژێر بۆ ئینتەرنێت بێ و 6ی دیکەش بۆ قوتابخانە و 8 کاژێریش بۆ خەو دابنرێت، ئەوکاتە دەشێ بڵێین تەنانەت لەو کاتانەش زیاترە کە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەی دەیگوزەرێنێ. لێرەوەیە کە ئینتەرنێت دەتوانێت فاکتەرێك بێت بۆ وەرگۆڕانی زیاتری کۆمەڵگا لە ساڵانی داهاتوودا.

هەڵبەت دیاردەی تەرخانکردنی کاتی زۆر بۆ ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیا لای گەنجان شتیکی جیهانییە، بەڵام ئەمە بۆ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگاش زۆرە. پیاوان بە 5.1 کاژێر بەرامبەر بە 3.8 کاژێر لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا لە پێش ژنانەوەن. کەسانی بێکار بە 6.1 کاژێر لە پێشی پێشەوەن و سەڵتەکانیش بە دوایاندا دێن، بەڵام سەرنجراکێشە کە ئەوانەی کاردەکەن و ئەوانەش کە کار ناکەن، ماوەیەکی وەکو یەك (4.6 کاژێر) بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت تەرخاندەکەن.

لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرزترین ڕێژە بۆ ئەوانەیە کە مانگانە جارێك شتێك بڵاودەکەنەوە و ئەوەش ٪24 بووە. هەڵبەت ئەگەر ڕێژەی چالاکبوون لە ڕۆژێکەوە تا چەند ڕۆژێك و هەفتەیەك پێکەوە کۆبکرێتەوە، ئەوا دەشێ بڵێین کە ٪37ی بەکاربەران لە ماوەی هەفتەیەکدا لانیکەم شتێك بڵاودەکەنەوە. خۆ ئەگەر هەموو مانگێکیش بەوجۆرە وەربگرین، ئەوا ڕێژەی ئەوانەی کە لانیکەم مانگی جارێك شتێك بڵاودەکەنەوە دەگاتە ٪61. دوای ئەوان، نزیکەی ٪23یش گوتوویانە هەرگیز شتی وا ناکەن و بەڕێژەیەکی کەمیش (٪6) گوتوویانە ڕۆژانە پەیام بڵاودەکەنەوە. لە نێو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، دهۆك چالاکترینە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. کەچی بە (٪16) کەمترین ڕێژەی ئەوانەی هەیە کە گوتوویانە هەرگیز شت بڵاو ناکەنەوە، هەروەها ٪53ی بەکاربەرانی دهۆك لە هەفتەیەکدا لانیکەم شتێك بڵاودەکەنەوە و لە مانگێکدا ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٪70. کۆی بڵاوکردنەوەکانی تاکێك لە سۆشیالمیدیا کە لە ماوەی هەفتەیەکدا لانیکەم شتێك بڵاودەکەنەوە، لە هەولێر دەگاتە ٪35 و بۆ مانگانەش دەگاتە ٪71. لە سلێمانی بۆ ٪27 دادەبەزێت و هەڵەبجەش بۆ ٪20. لە ئاستی بڵاوکردنەوەی پەیامێك لە ماوەی مانگێکدا، هەولێر بە ٪36 لە پێشە و دواتر هەڵەبجە بە ٪28 دێت و پاشان سلێمانی بە ٪18 و دهۆکیش بە ٪17 دێت.

لـەڕووی ڕەگـەزەوە، ڕەگـەزی مـێ زیاتـر لـە ڕەگـەزی نێـر پەیـام بڵاودەکەنـەوە لـە سۆشـیالمیدیا، لـەڕووی گرووپـی تەمەنیشـەوە بەهەڵکشـانی تەمـەن بڵاوکردنـەوەی پەیـام کەمتـر دەبێتـەوە.

بڵاوکردنـەوەی پۆسـتی کەسـانی دیکـە لـە سۆشـیالمیدیا لـە هەرێمـی کوردسـتان ڕەواجـی کەمتـرە. لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، ٪46 گوتوویانـە هەرگیـز پۆسـتی خەڵکـی دیکـە شـەیر ناکەن و زیاتـر لە ٪29یش گوتوویانـە زۆر بـە کەمـی کاری وا دەکـەن. کـۆی هەمـوو ئەوانـەی کـە بـژارەی زۆرجـار (٪5.89) و هەندێـك جـار(٪17.38) یـان هەڵبـژاردووە، بـە نزیکەیـی نیـوەی ئەوانەیـە کـە هەرگیـز ئـەو کارە ناکـەن. بەکاربـەری سۆشـیالمیدیا لـە سـلێمانی کەمتـر مەیلـی بـۆ شـەیرکردنەوەی پۆسـتی کەسـانی دیکـە هەیـە و دواتـر هەڵەبجـە و لـە پـاش ئەویـش هەولێـر دێـت، بـەڵام دهـۆك بـە ڕێـژەی ٪54 زۆر جـار و ٪33یـش هەندێـك جاریـان هەڵبـژاردووە. زاخـۆش پلـەی یەکەمـی لـە نێـو ئیـدارە سـەربەخۆکاندا هەیـە لـەو ڕووەوە، دوای ئەویـش سـۆران و ڕاپەڕیـن دێـن و گەرمیانیـش لـە پلـەی کۆتاییدایـە. بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن زۆرترینـی ئەوانـەی پەیامـی کەسـانی دیکـە بڵاودەکەنـەوە لـە قـەزا و ناحییەکانـن، دواتـر لـە ناوچـە گوندنشـینەکان و پاشـان شـارەکانی ناوەنـدی پارێـزگاکان دێـن. لەسـەر ئاسـتی ڕەگـەز، ڕەگـەزی نێـر بـە ٪71 بـژارەی زۆرجـار و

هەندێك جاریان هەڵبـژاردووە و ئـەو رێژەیـە لای رەگەزی بەرامبەریشـیان 63٪ بـووە. بـە هەڵکشـانی تەمەنیـش شـەیرکردنی پۆسـتی کەسـانی دیکە کـەم دەبێتـەوە. بـە جۆرێـك گەنجانـی 18-24 سـاڵ بـە رێـژەی 75٪ ئـەو دوو بژارەیـان دەستنیشـانکردووە و لـە گرووپـی دوای ئـەوان ئـەو رێژەیـە دەبێتـە 69٪ و لـە سـەرووی 35 ساڵیشـەوە بـۆ 62٪ دادەبەزێـت.

بەپێـی ئەنجامـی راپرسـییەکە، خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان بـە رێـژەی 52٪ شـەوانە روو لـە بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت دەکـەن، بـەڵام کاتێك رێژەی ئەوانـەی کـە گوتوویانـە هەمووکاتێـك (11٪) وئەوانـەش کـە بـژارەی "هـەرکات دەرفەتم هەبێ"یان هەڵبـژاردووە (25٪) کۆدەکەینەوە، بۆمان دەردەکـەوێ کـە ئەوانـەی لـە بەکارهێنانـی ئینتەرنێتدا وەخـت و پلانێکـی دیاریکراویـان نییە رێژەیەکـی بەرزیان هەیـە. ئەمـە تەنانـەت بەپێـی ئاسـتی خوێندەواریـش فەرقـی نییـە. ئەوانـەش کـە بڕوانامـەی بەرزیـان هەیـە وەك بەکالۆریـۆس و خوێندنـی بـاڵا، 34٪ یـان وەهـا دەڵێـن، دبلۆمـەکان بـە رێـژەی 36٪، ئامادەیـی 35٪ و بنەڕەتیـش 34٪ بەهەمانشـێوەن. ئـەوەش خاڵێکـی سەرنجڕاکێشـە کـە پێویسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی زیاتـر هەیە. کـۆی ئەوانـەی "هەمـوو کاتێـك" و "هـەرکات دەرفەتـم هەبێ"یان هەڵبـژاردووە، لەنێـو ئەوانـەی کار دەکـەن 34٪ بـووە، لەنێـو ئەوانـەش کـە بێـکارن 39٪ و لەنێـو ئەوانەشـی کـە بـە هـۆکاری دیکـە ئیـش ناکـەن

40٪ بـووە. ئا لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە پرسـی بەکارهێنانـی وەخت و ناوەختـی ئینتەرنێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان پرسـێکی گشـتییە و تەنیا تایبـەت بـە چیـن و توێژێکـی دیاریکـراو نییـە. دیـارە ئـەوەش پرسـیارێکی جدییـە کـە ئـەو ڕێـژە بـەرزەی (36٪) کـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بـەو جـۆرە ئینتەرنێـت بەکاردەهێنـن، کار و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان و ژیانـی ڕۆژانەیـان چەنـدە لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو شـێوازی بەکارهێنانەدایـە.

### 5.1.2 کام تۆڕی کۆمەڵایەتی زیاتر بەکاردەهێنرێت؟

بەکارهێینانی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان زیاتر بۆ سۆشیالمیدیایە و ڕێژەی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکان لەلای بەکاربەر تەنیا ٪11 بووە لە کاتێکدا باقییەکەی بۆ جۆرە جیاوازەکانی سۆشیالمیدیا رۆیشتووە.

لە نێو پارێزگاکاندا، فەیسبووک زیاتر لە هەمووان لە هەولێر رەواجی زۆرە بە ٪97، دواتر هەڵەبجە و پاشان سلێمانی بە ٪92 و ٪91 دێن، بەڵام لە دهۆك بۆ ٪76.5 دادەبەزێ. بەکارهێنانی فەیسبووك لە ناوچە گوندنشینەکان لە لووتکەدایە بە ٪95، بەڵام هەرچی بەرەو قەزا و ناحییەکان دێین کەمتر دەبێتەوە بۆ (٪91.9) و لە ناوەندی پارێزگاکانیشدا تا ئاستی ٪84.1 دادەبەزێ.

پیاوان بە ٪93.7 زیاتر لە ژنان کە ٪76.7 بووە، فەیسبووك بەکاردەهێنن. لەسەر ئاستی تەمەن، بڕوانامە و خوێندن، بەکارهێنانی فەیسبوك جیاوازییەکی زۆر گەورەی تێدا نییە. لەڕووی پیشەوە ئەوەی کاردەکات زیاتر فەیسبووك بەکاردەهێنێت (٪93.6) لەچاو ئەوانەی کار ناکەن یان بێکارن.

بەشێوەیەکی گشتی، ریزبەندی زیاترین بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان لە یەکەمەوە کە فەیسبووکە بە رێژەی ٪88.86 دەستپێدەکات. دوای ئەو، مەسنجەر بە ٪73.22، ئینستاگرام بە ٪70 و سناپچات بەڕێژەی ٪65.64 دێن. کەمترین رێژەی بەکارهێنانیش بۆ لینکدین ٪1.50 بووە.

**خشتەی 05:** ریزبەندی پێنج تۆڕی کۆمەڵایەتی کە زۆرتر بەکارهێنراون

| | **یەکەم** | **دووەم** | **سێیەم** | **چوارەم** | **پێنجەم** |
|---|---|---|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان** | فەیسبووک | مەسنجەر | ئینستاگرام | ڤایبەر | سناپچات |
| سلێمانی | فەیسبووک | مەسنجەر | ڤایبەر | ئینستاگرام | سناپچات |
| هەڵەبجە | فەیسبووک | مەسنجەر | ڤایبەر | ئینستاگرام | سناپچات |
| هەولێر | فەیسبووک | مەسنجەر | سناپچات | ئینستاگرام | تیکتۆک |
| دهۆک | فەیسبووک | سناپچات | ئینستاگرام | تیکتۆک | واتسئاپ |
| **رەگەز** | | | | | |
| نێر | فەیسبووک | مەسنجەر | ڤایبەر | ئینستاگرام | سناپچات |
| مێ | فەیسبووک | سناپچات | ئینستاگرام | ڤایبەر | مەسنجەر |
| **پیشە** | | | | | |
| کارناکات | فەیسبووک | سناپچات | مەسنجەر | ئینستاگرام | ڤایبەر |
| کارناکات (ژنی ماڵەوەیە، قوتابی، نەخۆشە...) | فەیسبووک | سناپچات | ئینستاگرام | ڤایبەر | مەسنجەر |
| کاردەکات | فەیسبووک | مەسنجەر | ئینستاگرام | سناپچات | واتسئاپ |

سەبارەت بەوەی کە لە کام پلاتفۆرمدا چالاکترن، بەشداربووان دیسانەوە فەیسبووکیان بەڕێژەی ٪60.84 لەسەرەوە داناوە، ئینجا بەڕێژەی ٪36.26 سناپچات، ٪29.63 ئینستاگرام و، بەڕێژەی ٪28.79یش تیکتۆکیان هەڵبژاردووە. کەمترین ڕێژەکان بۆ لینکدین بە ٪0.19 و، ماڵپەڕەکان بە ٪0.84 دەرکەوتووە.

بەکاربەری هەرێمی کوردستان زیاتر حەزی لەو نێوەڕۆکانەیە کە بەشێوەی ڤیدیۆ بڵاودەکرێنەوە، لە دوای ئەویش نووسینی کورت و پاشان وێنە، دەنگ و ئەوسا نووسینی درێژ دێن. هەڵبەت خاڵی لەوە سەرنجڕاکێشتر پەیوەندی بە ئاستی متمانەی خەڵکەوە هەیە بەو نێوەڕۆکانەی کە بڵاودەکرێنەوە. هەرچەندە ڕێژەی ئەوانەی متمانەیان بەو شتانە هەیە کە لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکاندا بڵاودەکرێنەوە (٪32.3) کەمترە لەوانەی متمانەیان پێی نییە کە (٪38.9) بووە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویش کە ٪28.9 بووە خۆیان یەکلانەکردووەتەوە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، زۆرترین متمانە بە پەیام و نێوەڕۆکەکانی نێو سۆشیالمیدیا لە پارێزگای هەڵەبجە بووە بە ٪56. دواتر هەولێر بە ٪36.4 و دهۆکیش بە ٪35.3. سەنجڕاکیشە کە ئیدارە سەربەخۆکانی دهۆك و هەولێر کەمتر متمانەیان بە نێوەڕۆکی سۆشیالمیدیا

هەیە، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی دۆخەکە پێچەوانەیە. ڕاپەڕین بە ڕێژەی ٪75.3 هەردوو بژارەی متمانەم پێیە و متمانەی زۆرم پێیەی هەڵبژاردووە، ئەو ڕێژەیە لە گەرمیان ٪28 بووە، بەڵام لە سۆران ٪16.3 و لە زاخۆش ٪18.2 بووە. ڕەگەزی مێ بە ڕێژەیەکی کەم لە پێش ڕەگەزی نێرەوە متمانەی بە سۆشیالمیدیا زۆرترە. ئاستی متمانە بە نێوەڕۆکی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لەلای گرووپی 34-25 زیاترە بەراورد بە گرووپی تەمەنی خوار و سەرووی خۆی. ئەوەش سەرنجڕاکێشە کە ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە، متمانەیان زیاترە لەوانەی کە بڕوانامە و ئاستی خوێندەوارییان نزمترە. پێدەچێت کارکردن یان کار نەکردن کاریگەرییەکی زۆری نەبێت لەسەر ئاستی متمانەی بەکاربەر بەو نێوەڕۆکانە چونکە ڕێژەکانیان نزیکی یەکترە.

لە ڕاستیدا، کاتێك کە یەکێك لە گرنگترین کێشەکانی سەردەمی زانیاری و دیجیتاڵیزەبوون بڵاوبوونەوەی خێرای زانیاریی ناڕاست و نادروستە، ئەو ئامارانە نیشانەی مەترسیدارن کە دەتوانن کاریگەری ڕاستەوانە لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دابنێن. بەهۆی دەرفەتی دروستکردنی ئەکاونتی ساختە، هەموو کات ئەگەری بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست لە ئارادایە. بەپێی ئامارێك، لە عێراقدا بەگشتی 20 ملیۆن بەکاربەری ئینتەرنێت هەن، بەڵام زیاتر

لـە 28 ملیـۆن بەکاربـەری تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان هـەن، ئەمـەش واتـای ئـەوە دەدات کـە لەوانەیـە کەسـانێکی زۆر هەبـن زیاتـر لە یـەک ئەکاونتیان هەبێـت. گەلێك لێکۆڵینـەوە هـەن کـە دەریانخسـتووە هـەواڵ و زانیاریـی ناڕاسـت زۆر بـە خێرایـی بڵاودەبێتـەوە. ئەمـەش گەلێـك لـە دەوڵەتانـی ناچـار کـردووە پرسـی بەرەنگاربوونـەوەی هـەواڵ و زانیاریـی ناڕاسـت بخەنـە ئەجێنـدای کارەکانیـان.

## 5.2. ئامانجی بەکارهێنان و کاریگەرییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان

بەپێی ئەنجامەکان، دەتوانین بڵێین کە بەکاربەری سۆشیالمیدیا لە هەرێمی کوردستان بە پلەی یەکەم بەدواداچوون بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی دەکات، دواتر بە بۆکاتبەسەربردن و لە دوای ئەویش سەیری بابەتی سیاسی، ئابووری و دواتریش ئەدەبی دەکات. پێدەچێت سۆشیالمیدیا و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بە گشتی سەرچاوەیەکی سەرەکیی خەڵک بن بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری.

### 5.2.1 کۆمەڵایەتی و بەسەربردنی کات

بەشێوەی گشتی، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪77.58ی بەکارهێنەرانی سۆشیالمیدیا توخنی بابەتی کۆمەڵایەتی دەکەون. ٪47ی خەڵک پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە هۆی نزیکبوونەوەی خەڵک لە یەکدی، ٪40 دژی ئەو بۆچوونەن و ٪13یش بێلایەنییان هەڵبژاردووە. ئەم بۆچوونە لە دهۆك بە ٪56، لە هەڵەبجە بە ٪48

و لە سلێمانی بە ٪46 و لە هەولێریش بە ٪38 لایەنگری هەیە. لەم بابەتەدا بە نزیکەیی هەردوو رەگەز و، گرووپەکانی تەمەن وەك یەك بیردەکەنەوە. ٪84ی بەشداربووانیش پێیانوابووە کە ئەو پلاتفۆرمانە شوێنی سەردانیکردنی خەڵکیان بۆ لای یەکتری گرتووەتەوە. لەمەشەوە دەتوانین تێبگەین کە بەشی زۆری بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمانە لە هەرێمی کوردستان بۆ جۆرێکی پەیوەندیکردنە. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا ٪80ی خەڵك پێیانوابووە کە پلاتفۆرمەکان خەڵکیان لە بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان دابڕاندووە. بە واتایەك پەیوەندیی دەستەجەمعی کەمکردووەتەوە، بەڵام دەرفەتی پەیوەندیی تاك بە تاکی زیاتر کردووە. ٪72ی بەشداربووان پێیانوابووە کە سۆشیالمیدیا شیرازەی خێزانی تێکداوە. ٪81 پێیانوابووە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، دەستوەردانی خەڵکیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتیی یەکتر زیاد کردووە. هەردوو رەگەز بە رێژەیەکی نزیك لە یەك ئەو بۆچوونەیان هەبووە. ٪59ی خەڵك بڕوایان وابووە کە بەهۆی سۆشیالمیدیاوە هەست بە خۆشی و بەختەوەری ناکەن. بێگومان ئەمە پرسیارە کە مادام هەست بە خۆشی و ئارامی دروست ناکات، بۆچی خەڵك ماوەیەکی زۆری خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن؟ ئەمە دەشێ لێکۆڵینەوەی زیاتری لەبارەوە بکرێ. بەڵام بە گشتی لەو ئامارانەوە

بۆمـان دەردەکەوێـت کـە بـە گشـتی خەڵـك دیدگایەکـی پۆزەتیڤیـان بـۆ پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و کاریگەرییەکانـی نییـە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کاتێکـی زۆری خۆیانـی بـۆ تەرخـان دەکـەن.

خەڵـك بـە ڕێـژەی ٪53یـش پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان بـۆ کاتبەسـەربردن بەکاردەبـەن. بێشـك ئـەوەش بابەتێکـی گرنگە کـە شـایانی لێوردبوونەوەی زیاترە.

## 5.2.2 ئاگاداربوون لە هەواڵ و زانیارییەکان و هۆکاری سیاسی

بەکارهێنانێکی دیکەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ ئاگاداربوونە لە رووداوەکان. چونکە ٪93.62ی بەشداربووان پێیانوابووە کە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ ئاگاداربوون لە رووداوەکانی ناوچەکە. ٪47ی بەشداربووان گوتوویانە کە لە دەرەوەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری، بەڵام رادیۆ و رۆژنامە بە رێژەکانی ٪6.4 و ٪1.8 هاتوون. لەوانەیە ئەمە هەواڵێکی ناخۆش بێت بۆ میدیای نەریتی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ٪51.3ی بەشداربووان گوتوویانە کە نە تەلەفزیۆن، نە رۆژنامە و نە رادیۆش وەك سەرچاوەیەك بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری بەکارناهێنن.

خواستی خەڵک بۆ ئاگاداربوون لە بابەتە سیاسییەکان لەڕێی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانەوە بە پلەی سێیەم دێت و ٪30.75 ی بەکاربەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان حەزیان لە بابەتی سیاسی هەیە، بەڵام سەرنجڕاکێشە کە ٪54.8 گوتوویانە هەرگیز لایکی پەیجی کەسایەتیە سیاسییەکان ناکەن و ٪21.7یش گوتوویانە زۆر بە کەمی شتی وا دەکەن. خاڵێکی دیکەی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ٪30.75ی خەڵک حەزیان لە بابەتە سیاسییەکان هەیە، تەنیا ٪23.5ی گوتوویانە هەندێک جار(٪14.2) و زۆرجار(٪9.3) لایکی پەیجی کەسایەتیە سیاسییەکان دەکەن.

**خشتەی 06**: بەراوردی ڕێژەی ئەوانەی کە حەزیان بە بابەتی سیاسی هەیە لەگەڵ ئەوانەی لایکی پەیجی سیاسییەکان دەکەن.

| | ئەوانەی حەزیان لەبابەتی سیاسی هەیە | ئەوانەی لایکی پەیجی سیاسییەکان دەکەن |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | ٪30.75 | ٪23.5 |
| هەولێر | ٪33.4 | ٪18.18 |
| سلێمانی | ٪33.3 | ٪16.3 |
| هەڵەبجە | ٪44 | ٪36 |
| دهۆك | ٪30.9 | ٪32.1 |
| گەرمیان | ٪30 | ٪12 |
| ڕاپەڕین | ٪30.8 | ٪14.2 |
| سۆران | ٪16.4 | ٪32.7 |
| زاخۆ | ٪10.91 | ٪25.5 |

ئەمـە دەشـێ وەك ئاماژەیـەك بـۆ زیادبوونـی هۆشـیاریی سیاسـی لێکبدرێتـەوە کـە بـە ئاسـانی هەمـوو شـتێکی سیاسـییەکان پەسـەند نـاکات، هەروەهـا وەك ئاماژەیەکیـش بـۆ نارەزایـی خەڵـك لـە حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان سـەیر بکرێـت. ئەمـە بـە تایبەتـی بـۆ بەشـەکانی باشـووری هەرێمـی کوردسـتان بەوجۆرەیـە هەرچـی بـەرەو بەشـەکانی باکـووری هەرێمـی کوردسـتان دێیـت، دیمەنێکـی جیـاواز دەردەکـەوێ. سـەرەرای کەمیـی خواسـت و حـەزی خەڵـك بـۆ بابەتـە سیاسـییەکان، کەچـی لـە دهـۆك بـە گشـتی، لـە زاخـۆ و سـۆرانیش رێـژەی ئەوانـەی کـە گوتوویانـە لایکـی پەیجـی سیاسـییەکان دەکـەن زیاتـرە لەوانـەی حەزیـان بـە سیاسـەت هەیـە. بۆیـە لێـرەدا دەشـێ پەنـا بـۆ هەندێـك فاکتـەری وەك پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بەریـن بـۆ روونکردنـەوەی ئـەو جیاوازییـە. هەڵبـەت زۆر لـە حیزبەکانیـش دەتوانـن بـە لەبەرچاوگرتنی رێـژەی دەنگەکانـی خۆیـان لـە هـەر شـوێنێك و رێـژەی سـەرنجی خەڵـك بـۆ سیاسـەت و سیاسـییەکان، لـە پۆتانسـیێلی رەزامەنـدی و نارەزایـی خەڵـك تێبگـەن.

٪56.6ی بەشـداربووان پێیانوابـووە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان ڕۆڵیان هەبـووە لـە نزیککردنـەوەی خەڵـك و کاربەدەسـتانی ناوچەکەیـان. هەڵبـەت ٪43.3 ئەوەیـان ڕەتکردووەتـەوە. ٪61ی بەشـداربووان رایـان وابـووە کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان ڕێگای گەیاندنـی پەیام و داواکاریـی خەڵکیـان بـە دەسـەڵات ئاسـانتر کـردووە. ٪91ی بەشـداربووان باسـی ڕۆڵـی کاریگـەری پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانیـان لـە گەیاندنـی پەیـام و بانگەشـەی هەڵبژاردنـدا کـردووە. ٪56ی خەڵـك بڕوایـان وابـووە کـە ئـەو پلاتفۆرمانـە هۆکارێکـن بـۆ ئـەوەی بـە ئـازادی بیروبۆچوونـی خۆیـان دەربـڕن. بەرزتریـن ڕێژەی ئەوانـەی کـە پێیانوایـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـان ڕێگایـان بـۆ دەربڕینـی ئازادانـەی بیـروڕا کردووەتـەوە لـە هەڵەبجـە ٪68 بـووە. دواتـر سـلێمانی ٪63، دهـۆك ٪55 و هەولێریـش ٪50 بـووە. ٪63ی بەشـداربووان پێیانوابـووە کـە ئـەو پلاتفۆرمانـە هۆکارێکـن بـۆ ئازادیـی تاکەکەسـی. ٪42 پییانوابـووە کـە دەتوانـن لەڕێـی ئـەو پلاتفۆرمانـەوە نادادییـەکان لـە ئاسـتی ناوچەکەیـان بـە دەسـەڵاتدارانی حیـزب و حکومـەت بگەیەنـن، بـەڵام ٪46 ئەوەیـان پـێ ڕاسـت نەبـووە و ٪13 رای خۆیـان نـەداوە. هەڵبـەت ٪62 لـە دهـۆك پێیوابـووە کـە پلاتفۆرمـەکان ڕێگایەکـی باشـن بـۆ گەیاندنـی نادادییـەکان، ئـەم رایـە لـە هەولێـر ٪39 بـووە و لـە سـلێمانی و هەڵەبجـەش کەمتـر بووەتـەوە بـۆ ٪30 و ٪25.

لەلایەکــی دیکــەوە ٪52ی خەڵــك پێیانوابــووە کــە دەســەڵات لەڕێــی پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییەکانەوە خەڵکــی بــە باشــی کۆنتــرۆڵ کــردووە و وەك ئامرازێکــی کۆنتــرۆڵ تەماشــایان کــردووە، هەرچەنــدە ٪34 دژی ئــەوە بــوون و باقییەکەیشــی رای خۆیــان نــەداوە.

کاتێــك هەمــوو ئــەو ئامارانــە لــە پێــش چــاو دەگریــن، بۆمــان دەردەکەوێــت کــە پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان خەریکــە وەك مەیدانێکــی دیکــەی سیاســەت لــە هەرێمــی کوردســتان شــوێنی خــۆی دەکاتــەوە و خەڵکیــش بــۆ ئاگاداربــوون لــە رووداوەکان، گەیاندنــی پەیــام و جۆرێــك لــە بەشــداریی سیاســی ســوودی لێدەبینــن.

### 5.2.3 ئابووری

بەر لە هەموو شتێك، دەکرێ بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی بەکاربەری پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان لە خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت رازی نین و شکاتیان لە گرانیی نرخ هەیە. ریکلامی بازرگانی بێزاری کردوون و لە کواڵیتی ئەو کەلوپەلانەش رازی نین کە لەڕێی ئینتەرنێتەوە دەیکڕن، بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی بابەتەکەیە و دیوەکەی دیکەی ئەوەیە کە ئەوان بە گشتی پێیانوایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هەلی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە.

بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪66ی خەڵك پێیانوایە خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە هەرێمی کوردستان زۆر باش نییە. لەسەر

ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪63ی بەشداربووان رایان لەگەڵ ئەوەدایە کە دابینکردنی ئینتەرنێت بۆ ئەندامانی خێزان بووەتە مایەی بارگرانی لەڕووی دارایی یان داهاتی خێزانەوە، بەڵام ٪26 رایان لەگەڵ ئەوەدا نییە. ٪72ی بەکاربەران لە هەولێر لە گرانیی نرخی ئینتەرنێت ناڕازین. لە پلەی دووەم هەڵەبجە و دواتر سلێمانی بە ٪62 و دوای ئەویش دهۆك بە ٪54 دێت. بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی پارێزگاکان شکاتی خەڵك لە گرانیی نرخ لە ئاستێکی بەرزدایە و ئەمەش لە هەولێر لە ئاستێکی بەرزتردایە. لە ئیدارە سەربەخۆکاندا بەرزترین ئاستی ناڕەزایی لە نرخ لە سۆرانە بە ٪89، دواتریش گەرمیان بە ٪58 و پاشان راپەڕین بە ٪55 دێت. زاخۆش کەمترین ناڕەزایی لە نرخی ئینتەرنێت هەیە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە خەڵك بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڕێژەی ٪56 رایان وایە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەرفەتی کار و بازرگانییان زیاتر کردووە، بەڵام نزیکەی ٪30 رایان لەگەڵیدا نییە و دیدێکی پێچەوانەیان هەبووە.

بابەتی ریکلام و سپۆنسەر یەکێك لەو شتانەیە کە بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان رووبەڕووی دەبنەوە. بەگشتی و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، ٪70ی خەڵک رایان لەگەڵ ئەوەدا بووە

کـە ئـەو بابەتـە بازرگانیانـەی لـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا سپۆنسـەر دەکرێـن بێزارکـەرن. لەوانەیـە ئەمـەش ئاماژەیـەك بێـت بـۆ کۆمپانیـاکان و ئەوانـەی ریـکلام دەکـەن تـا رێگایـەك بدۆزنـەوە کـە خەڵـك پێـی بێـزار نەبێـت، یـان لانیکـەم کەمتـر بێزارکـەر بێـت.

بازرگانـی و ئاڵوگـۆڕی ئۆنلایـن خەریکـە لـە هەرێمـی کوردسـتان پەرەدەسـتێنێ. بەگشـتی ٪66.3ی بەشـداربووان لەگـەڵ ئـەوەدان کـە ئـەو شـتانەی لەڕێـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە دەفرۆشـرێن، کواڵیتییەکەیان وەک پێویسـت نییـە، بـەڵام ٪15.6 لەگەڵیدانیـن و نزیکـەی ٪18یـش هیـچ وەڵامیـان نەداوەتـەوە. ئەمـەش بابەتێکـی گرنگـە بـۆ حکومـەت کـە پێویسـتە بابەتـی کۆنترۆڵـی کواڵیتـی کاڵا و شـتومەك بـۆ ئەوانـەش کـە لەڕێـی ئۆنلاینـەوە مامەڵـە دەکرێـن، زیاتـر بکرێـت.

# 6

## کۆتایی

لـەم راپرسـییەدا ژینگـەی شـار و گونـد و ئەوانـەی لـە سـەنتەری پارێـزگاکان دەژیـن جیاکراوەتـەوە، بەشـێوەیەک لـە سـەنتەری پارێـزگاکان (شارنشـین) ٪41.59 و لـە شـارۆچکە و قـەزاکان ٪37.85 و لـە گوندەکان ٪20.56 بەشـداریيان هەبـووە.

لـە هەرێمـی کوردسـتان کاتـی (دەمـی) بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان و سۆشـیالمیدیا، لـە کاتـی شـەواندا ٪51.78، هەرکاتێـک دەرفـەت هەبێت بەڕێژەی ٪24.95، هەمـوو کاتێـک بەڕێژەی ٪10.75، لە نیوەڕوانـدا بەڕێژەی ٪8.50 و لـە بەیانیـان بەڕێـژەی ٪4.02 بـووە. لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، بەدواداچـوون بـۆ بابەتـی کۆمەڵایەتـی

بەڕێــژەی 77.58٪ ، بــۆ بابەتــی ئابــووری 19٪ و بــۆ بابەتــی سیاســی بەڕێــژەی 30.75٪ دەکرێــت، لەکاتێکــدا 53.08٪ی بەکارهێنــەران تەنیــا بــۆ بەســەربردنی کات و یاریکــردن بەکاریدەهێنــن. وەکــو لــە ئەنجامــی ڕاپرســییەکەدا دیــارە 38.97٪ی بەشــداربووان متمانەیــان بەنێوەڕۆکــی بابەتەکانــی نــاو سۆشــیالمیدیا نەبــووە و 32.34٪ متمانەیــان بــە نێوەڕۆکــی بڵاوکــراوەکان لــە سۆشــیالمیدیا و پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان هەیــە.

69.6٪ی ڕەگــەزی مــێ و 48.82٪ی ڕەگــەزی نێــر هەرگیــز لایکــی پەیجــی سیاســەتڤان و کەســایەتییە سیاســییەکان ناکــەن، لەســەر ئاســتی هەرێمــی کوردســتان، 54.77٪ی خەڵــک هەرگیــز لایکیــان نەکــردووە، لــە بەرامبــەردا تەنیــا 9.35٪ زۆرجــار و 14.21٪ هەندێــک جــار لایکــی پەیجــی سیاســەتڤان و کەســایەتی سیاســی دەکــەن. ئەوانــەی ڕایــان وابــووە کــە پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان جێــی ســەردانیی خەڵکیــان بــۆ لای یەکــدی گرتووەتــەوە، گەیشــتووەتە ســەرووی 80٪. هەروەهــا، نزیکــەی 79.53٪ی هاونیشــتمانیان ڕایــان وا بــووە کــە پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییــەکان بوونەتــە هــۆکاری دابڕانــی خەڵــک لــە بۆنــە کۆمەڵایەتــی و ئایینیــەکان. بەهەمــان شــێوەش 73.95٪ی ڕەگــەزی نێــر و 65.13٪ی ڕەگــەزی مــێ لەگــەڵ ئــەوەدا بــوون کــە پلاتفۆرمــە دیجیتاڵییەکان ڕۆڵێکــی خراپــیان لــە تێکدانــی شــیرازەی خێزانــدا هەیــە، لەکاتێکــدا لەســەر ئاســتی هەرێمــی کوردســتان،

71.44٪ هەمـان رایـان هەبـووە کـە رۆڵـی خراپـی هەبـووە لـە تێکدانـی شـیرازەی خێـزان و 87.92٪ی هاونیشـتمانیان لەگـەڵ ئـەوەدا هاوڕابـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـیەکان بوونەتـە هۆکارێـک بـۆ ناوزڕاندنـی خەڵـک.

هاونیشـتمانیان لـە هەرێمی کوردسـتان، بەڕێژەی 91.47٪ رایان وابووە کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان رۆڵێکـی کاریگەریان هەیـە لـە گەیاندنـی پەیـام و بانگەشـەی هەڵبژاردنـەکان، لەنێـو پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان بەرزتریـن رێـژەش هەمـان رای هەبوویێـت لـە پارێـزگای هەولێـر بـووە بەرێـژەی 95.15٪، بەدوایـدا ئیـدارەی سـۆران بەرێـژەی 94.44٪ و پاشـان پارێزگای دهـۆک بەرێـژەی 93.86٪ هاتـووە. هەروەهـا، 76.5٪ی هاونیشـتمانیان هاوڕابـوون لەگـەڵ ئـەوە کـە کێشـەی نێـوان حیزبەکانـی کوردسـتان لـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـدا هۆکارێکـە بۆئـەوەی ماڵـی کـورد یەکریـز نەبێـت.

لـەڕووی کاریگـەری سیاسـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییەکانـەوە، بەگشـتی 62.71٪ی خەڵـک لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـە پلاتفۆرمـە دیجیتاڵیـەکان کاریگەریـان لەسـەر دۆخـی سیاسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بەرزتریـن رێـژەش لەنێـو پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، لـە ئیـدارەی گەرمیـان بـووە بەرێـژەی 78٪ و بەدوایـدا پارێـزگای هەڵەبجـە دێـت بەرێـژەی 72٪.

لـەڕووی کاریگەریـی کۆمەڵایەتییـەوە، ٪84.77 لەگـەڵ ئـەوەدا بـوون کـە سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان کاریگەرییـان لەسـەر دۆخـی کۆمەڵایەتـی لـە هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، بەرزترین رێـژەش لەنێو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لـە ئیدارەی راپەڕین بـووە بەڕێژەی ٪98.46 و بەدوایـدا پارێـزگای هەڵەبجـە دێـت بەڕێـژەی ٪92 و بـەدوای ئەویشـدا ئیـدارەی سـۆران و پارێـزگای سـلێمانی دێـن بەڕێـژەی ٪90.

لـەڕووی کاریگـەری ئابوورییـەوە، ئەوانـەی کار ناکـەن بەڕێـژەی ٪63.22 و ئەوانەشـی کار دەکـەن بەڕێـژەی ٪65.93 لەگـەڵ ئەوەدابـوون کـەوا سۆشـیالمیدیا و پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان کاریگەرییـان لەسـەر دۆخـی ئابـووری هەیـە.

لەلایەکـی دیکـەوە، کاژێرەکانـی بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان دوو هێنـدەی کاژێرەکانـی بەکارهێنانـی تاکێکـە لـە جیهـان و نزیکـەی پێنـج هێنـدەی وڵاتێکـی تەکنەلـۆژی و پێشـکەوتووی وەک ژاپۆنـە. لەسـەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان، هـەر تاکێـک ڕۆژانـە 4 کاژێـر و 42 خولـەک، لەسـەر ئاسـتی پارێـزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان، لـە پارێـزگای دهـۆک ڕۆژانـە 5 کاژێـر و 48 خولـەک و لـە زاخـۆ 5 کاژێـر و 36 خولـەک سۆشـیالمیدیا بەکاردەهێنـن، کەمتریـن کاژێرەکانـی بەکارهێنانیـش لـە ئیـدارەی گەرمیانـە کـە تەنیـا 3 کاژێـر و 12 خولەکـە.

لەکۆتاییـدا، دۆزراوەکان و نێوەڕۆکـی ئـەم راپرسـییە دەکـرێ لەسـەر ئاسـتی پەرلەمـان و لیژنەکانـی پەیوەندیـدار سـوودی لێوەربگیرێـت بـۆ دارشـتنەوەی یاسـاکانی پەیوەسـت بـە بەکارهێنانـی ئینتەرنێـت و سۆشـیلامیدیا لـە هەرێمـی کوردسـتان. هەروەهـا، وەزارەتی گواسـتنەوە و گەیانـدن سـوودی لێوەربگرێـت بـۆ چۆنیەتـی مامەڵکـردن لەگـەڵ کۆمپانیـاکان و هاونیشـتمانیان بـە ئامانجـی دارشـتنی بڕیـاری بەسـوود بـۆ ئێسـتا و داهاتـووی بەکارهێنانـی پلاتفۆرمـە دیجیتاڵییـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان و بنیاتنانـی ژینگـەی تەندروسـتی بەکارهێنـان بـە قازانجـی کۆمەڵگـە و دانیشـتووان.

# سەرچاوەکان

Bilal Rashid، Azhi Faraj and Twana Shareef . "Investigating and Evaluating Internet Usage in Kurdistan Region of Iraq." International Journal of Multidisciplinary and Current Research، 2016: PP(475-476).

Brand Kurdistan Region of Iraq. The Snapshot: ICT. 10 July ، 2020. https://brandkri.com/the-snapshot-kurdistan-ict/ (04 October ، 2022).

SIMON KEMP. DIGITAL 2022: IRAQ. 15 February، 2022. https://datareportal.com/reports/digital-2022-iraq (03 October ، 2022).

—. DIGITAL 2022: JULY GLOBAL STATSHOT REPORT. 21 JULY ، 2022. https://datareportal.com/reports/digital-2022-july-global-statshot (04 October ، 2022).

Zheyu Cui. "Analysis of the Impact of Social Media on the Economy." Advances in Economics، Business and Management Research، ، 2021: PP(3062-3066.

© هەموو مافەکانی ئەو راپۆرتە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو،
هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوە و بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

**ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو - 2022**